# (نالی، دانتێ)

# وێکچوونێکی فرەڕەهەند

# Nali, Dante Alighieri, Multidimensional Similarities

ئازاد تۆفیق خەیات

بەهاری ٢٠١٧

- ناوی کتێب: (نالی، دانتیٚ) وێکچوونێکی فرەڕەهەند
- نووسەر: ئازاد تۆفیق خەیات
- پێشەکی: حسێن عوسمان مەعروف نێرگسەجاڕی
- بابـــەت: ئەدەب ولێکۆڵینەوە
- دیزاینی ناوەرۆك: یاسین حسێن
- تایپ وهەڵەبڕیی: نووسەر
- دیزاینی بەرگ: دیاری ئیسماعیل
- تیراژ: ٢٥٠
- چاپخانە: ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

- لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٦٧٢)ی ساڵی ( ٢٠١٧)ی پێدراوە.

## وتەیەکی پێویست

١- هەرچەندە، بابەتەکە وەك ئەدەبی بەراوردکاری دێتە پێش چاو، کە تایبەتە بە دوو کەڵە شاعیری گەلی کورد وگەلی ئیتالی واتە (نالی ودانتێ)، کە هەردووکیان لە دوو سەردەمی جیاوازدا ژیاون ولە کرۆکی شیعرەکانیاندا دیالێکتی ناوخۆ یاخود شێوەزمانی ڕەشۆکی ناوخۆیان بەکارهێناوە وتا ڕادەیەکیش سەردەم وژیان وگوزەران وخۆشەویستی وبۆچوونیان وەك یەك وابووە ودەتوانم بڵێم داهێنەری سەردەمی خۆیان بوون. بەلاّم ئەوەی بەلای منەوە گرنگە وپێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبدەم، ئەوەیە کە بابەتەکەم دوور لە باس ولێکۆڵینەوە تەقلیدیەکان، زیاتر بۆ ژیان وعیشق وشیعری حەزرەتی نالی تەرخانکردووە. واتە، ئەوەندەی گرنگی ولێکۆڵینەوە وئاماژەم بە مەلا خدری شارەزووری داوە، هێندە لەسەر دانتێ نەڕۆیشتووم.

٢- ئەم بابەتەم لە هاوینی ساڵی (٢٠١٣ز)دا ئامادەکرد بۆ بەچاپگەیاندن، بەلاّم بەداخەوە لەو کاتەدا هەلی ئەوەم بۆ نەڕەخسا. ئەمساڵ جارێکیتر بەمەبەستی بەچاپگەیاندن، دووبارە پیایدا چوومەوە.

ئازاد تۆفیق خەیات

٢٢/ ٣/ ٢٠١٧

سلێمانی

# سوپاس وپێزانین

لە کانگای دڵمەوە سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە هاوکارم بوون لە بەجێگەیاندنی ئەم بابەتەدا، بەتایبەت بەڕێزان ( محەمەد عەلی عوسمان ) کە لە ڕووی داراییەوە هاوکارم بوو، (شێخ حسێن نێرگسەجاڕی) ئەرکی کێشا بە پێشگۆتنێکی بە ئەرزش بۆ ئەم بەرهەمە، (ڕەفیق ساڵح وسدیق ساڵح) لە بنکەی ژین کە بە زانیارییەکانیان وکتێبخانە ناوازەکەیان هێندەیتر بابەتەکەمیان دەوڵەمەندتر وبەپێزتر کرد، (د. ڕەئوف عوسمان)ی مامۆستام کە دەستگیرۆیی کردم لە چۆنیەتی نووسینی ئەم بابەتەدا، جارێکیتر سوپاسیان دەکەم.

# ناوەڕۆک

ناوەڕۆک ..........................................................................................
پێشکەش ..........................................................................................
پێشگۆتن ..........................................................................................
سەرەتا ..........................................................................................
تەوەری یەکەم/ پێناسەکان ..........................................................................................
پێناسەی ئەدەب ..........................................................................................
پێناسەی خەون ..........................................................................................
پێناسەی ئەدەبی بەراوردکاریی ..........................................................................................
قوتابخانە سەرەکییەکانی ئەدەبی بەراوردکاریی ..........................................................................................

تەوەری دووەم/ ..........................................................................................
ژیاننامەی هەردوو شاعیر ..........................................................................................
بەکارهێنانی دیالێکتی ناوخۆ لە شیعرەکانیاندا ..........................................................................................
سەردەمەکانیان ..........................................................................................
ئەویندارییان ..........................................................................................
بالأدەستی سیستمی ئایینیی ..........................................................................................
شێوەکانی لێکچوونیان ..........................................................................................

**تەوەری سێیەم/** ..................................................................

**کاریگەریەکانی سەر زمانی کوردی، ودروستبوونی دیالێکت** ......................................

**ئەنجامگیری** ...................................................................

**پاشکۆکان** ...................................................................

**سەرچاوەکان** ....................................................................

# پێشکەش

پێشکەشە بە ڕۆحی پاك وبێگەردی مامۆستای ئەدەب ومێژووی کورد

موحەممەدی مەلا کەریمی مودەڕیس

# پێشگۆتن

که حەزرەتی نالی لە تاراوگەوە، سەدای (قوربانی تۆزی ڕێگەتبم)ی نارد بۆ سالم وگەیشتە شار، هەواڵی حوجرەکەی وبارودۆخی ناهەمواری شار وئاوارەبوونی بابانییەکان بە گوندەکاندا گەیشتە شام، چریکەی ڕۆشنبیرانی سلێمانیش سەری هەڵدا وبە نەعرەتەوە هاواریان دەکرد:

- تاریکی هەموو جیهان ڕووناکی مۆمێك ناشارێتەوە
- پیرەمێرد هاواری دەکرد:– لای من نائومێدی کوفرە، ئەم ئاگری دڵەم بۆ کێ؟!
- گۆران هاواری دەکرد:– ئەوەندەی ڕۆحی مەئیوس ومەلوول تاریك دەکا دنیا، ئەوەندەش نوور لە ڕۆحی شادەوە ئەڕژێ بەسەریا

ئیدی، بۆچی نالی بۆ حەبیبە وتاهیر بەگی جاف بۆ مەستوورەی ئەردەڵانی وقانع بۆ کوردستانە دابەشکراوەکەی وکێ وکێ نەچڕن وبگرە سەرکۆنەشمان نەکەن؟ ئەوە عیشقە، تەنیا وتەنیا بۆ نیشتمان، بۆ ژن، بۆ ئەدەب بۆ جوانی، بۆ بەها مرۆڤایەتییەکان، جوڵێنەری مێژوون وخوڵقێنەری ئەدیب وبیرمەندی گەورەن لە جیهاندا.

حسێن عوسمان مەعروف نێرگسەجاڕی

سلێمانی

بەهاری ٢٠١٧

# سەرەتا

دەسپێكی قسەكان، ئەوەیە كە باس وخواسی گەورەیی ولێهاتوویی كەسێكی وەك حەزرەتی نالی، بە نووسینی چەند كتێبێك یاخود چەند توێژینەوە و وتارگەلێك كۆتایی نایەت. هەرچەندە، بێگومانم لەوەی ئەم كتێبەش، هەمان چارەنووسی پەرتووگكەلێكی پێش خۆی دەبێ. بەلاّم، سەرباری هەموو ئەوانەش، دەبێت ئێمەی كورد لە خستنەڕووی هەموو ڕاستییەكان وژیان وشیعر وسەردەم وبەسەرهاتەكانی نالی شاعیر وهاوشێوەكانیدا، بێوچان نەبین. بەوەی، نالی شوناسی غەزەل وداهێنان و تازەگەریی و وێژەی كوردییە. ئەو، كلاّوڕۆژنەی تیشكی مەعریفەیەكە، كە كونج وكەلەبەرە نسرم وتاریكەكانی داروپەردووی وێرانەیەك ڕووناك دەكاتەوە، ئەو فریادڕەسەیە، كە خودا فەرمووی ببە.

دەشێت، كەسێكی وەك دانتێش، بە هەمان هاوێنەی ئەدەبیی سەیر بكەین. هەرچەندە، گەلی كورد وگەلی ئیتالی، دوو گەلی جودان. بەلاّم، ئەدەب وهونەر وزانست وتازەگەریی، سنوور نازانن وكەسانێكی هزرمەند بە یەكدی شاد دەكەن ولە یەك تادا كۆیان دەكەنەوە. دیارە، دانتێ، یەكێك لەو كەڵە شاعیرانەی ئەوروپای سەدەكانی ناوەڕاست بووە، كە مژدەبەخشی سەردەمێكی زێرین، واتە سەردەمی ڕێنیسانس بووە. دانتێ، بە هەمان شێوەی نالی، لە پێشینەی ئەوانە بووە كە زمانی ڕەشۆكی ناوخۆیان لە دارشتن ونووسینی شیعرەكانیاندا بەكارهێناوە. ئەوان، توانیویانە گەورەترین شۆڕشی ئەدەبیی وفیكریی لە سەردەمەكانی خۆیاندا بخوڵقێنن. توانیویانە، ئەو دیالێكتەی قسانی پێدەكەن، بكەنە هەوێنی پێنووسی ڕێنووسیان، وەلێ توانییویانە داهێنەری سەردەمێكی پرشنگدار ونوێی كۆمەڵگاكەیان بن. گەر نالیش وەكی دانتێ بواری بۆ بڕەخسایە، بێگومان مژدەبەخشی ڕێنیسانسی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست بە گشتی وكوردستان بەتایبەتی دەبوو.

دیارە، ئاوەزمەندیی ئەم دوو كەڵە مرۆڤە، كە هەردەم پێش سەردەمانی خۆیان كەوتووە، مایەی نەفرەتی وتووڕەیی ولاقرتێی گێلە پیاوان بووە. چ حوكمڕانیی، چ سیستمی ئایینیی سەردەمەكانیان، لەگەڵ ئەپستیم وهەوڵە گۆڕانكارییەكانی ئەماندا نەدەهاتەوە. چونكە، نوێگەرایەتی لەگەڵ سیستمێكی حوكمڕانیی چەشەكراو بە ئایینگەرایی ودۆگمایی، مەحاڵە پێكبێن. بەڵكو، ئەو سیستمانە زیاتر لەگەڵ ترادسیۆن وباروودۆخی باودا هەڵیان دەكرد وەك لەگەڵ هزرمەندی وگۆڕانكاری. هەر ئەمەش بووە، وای لەم دوو كەسایەتییە زانایە كردووە، كە لە ڕوانگەی نەزانانەوە نەخوازراو بن. هەڵبەت، ئاشكرایە، ڕووناكی مۆمێك تەواوی زنجێك ڕووناك دەكاتەوە.

جێی باسە، ئەو بەرەنگارییانەی نەزانان ونەیاران بەرانبەر بە نالی، هێندە جێی خۆیی نەدەگرت. لەبەرئەوەی، نالی کەسێك بوو، خۆی داهێنەر وبنیاتنەری تەواوی ستراکتووری خۆی بوو. حەزرەتی نالی، لە کۆڕی ئەدەب وشیعر وزمانەوانیدا خەت وخاڵی تەواوی دابوو، توانیبووی ژێرانە ئەسپی خۆیی تێدا تاو بدات. نالی وسالم وکوردی، کە بە سێکوچکەی بابان ناودەبرێن، شەقڵشکێنی شیعری کوردی بوون لە دیالێکتی کرمانجی خوارووددا، کە دواتر ئەو شێوە زمانە، بوونی خۆیی لە ناوچەی سلێمانی چەسپاندبوو، وە ببووە زمانی ئەدەب ونووسینی داهاتووی میرنشینی بابان. دیارە، ئەم هەوڵە ناوازەیە، زۆرێك لە شاعیران پەیڕەوییان لێکردووە، بەوەی زمانێکی پاراو وئەدەبیی ڕەسەن بووە. دەکرێت ئاماژە بەوەش بدەین، کە سەرباری ئەوەی سەردەم وسیستمی حوکمڕانی وسۆفیزم لەگەڵ تازەگەریدا نەدەگونجا، بەڵام لەلایەك هەوڵەکانی نالی شاعیر لە گۆڕانکاریی ڕیشەیی ڕێنووس، لەلایەکی تریشەوە ئەدەبدۆستیی بنەماڵەی بابان، ئەم دوو بۆچوونە لێکچووە یاخود دوالیزمەیەی زۆر لێك نزیك کردبووەوە، بەجۆرێك وایکردبوو کە دەوترێت: "نالی، زۆر لە دەرباری بابانەکانەوە نزیك بووە."

ئەم کتێبە، یەکەمین بابەتی ئەدەبییمە کە بە ترسەوە دەستم بۆ بردبێت، یاخود باشتر وایە بڵێم یەکەمین لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری وئایرۆنێکی فرە ڕەهەندە، کە دواتر لە هاوشێوەبوونێکدا خۆی دەبینێتەوە. لە ڕاستیدا، هەرگیز من شاعیر نیم، ناشتوانم بەهێزیی شیعر وهۆنراوە وکاری هۆنەر وئەدەبیات هەڵبسەنگێنم. بەڵێ، هەرزەگۆییمە، گەر بڵێم (بە بۆچوونی من باشتر وایە نالی شاعیر ئەم شیعرەی وەها دانەڕشتایە، بەڵکو ...) لەبەرئەوەی، وەك ئاماژەم پێدا، هەرگیز من لە فۆرم ونۆرمی شیعر نازانم. هەرچەندە ئەدەب دۆستم، بەڵام ئەدەبنووس ورەخنەگر وبەراوردکاری ئەدەبیی نیم، بەڵکو هەموو ئەوەی من کردوومە، لە ڕوانگەیەکی نەتەوەیی دوور لە نووسین ولێکۆڵینەوە تەقلیدییە زۆر وزەوەندەکان، هەستکردنمە بە بەراورد وهاوشێوەبوونێك لە نێوان دنیای نالی ودانتێدا، ئەوەش بە تێڕامان وبەراوردکاری پێی گەیشتووم. هەربۆیە، داوای لێبوردن لە بەرانبەر هەر کەموکوڕییەکی بابەتەکەدا دەکەم. وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا، میکانیزمی نووسینی شیعر وبەکاربردنی زمانی لۆکاڵی وڕووداوە زەمەنییەکان وچۆنیەتی بیرکردنەوە وتێفکرینی ئەم دوو زاتە، خەت وخاڵی بەراوردکارییەکەی منی داوە. چکاوەی مەبەستم، ئەوەیە بڵێم: گەرچی وڵات وزمان ودیالێکت وسەردەم وئایین وشتگەلێك جیاوازن، بەڵام تاکە ئامانجێك کۆلکەی هاوبەشە وسەرجەمیان پێکڤە دەبەستێ، ئەو ئامانجەش حەتمیەتی گۆڕانە لە داکەوتی ترادسیۆن وباودا. بەمەش، دوو ئەستێرەی گەشی ئاسمانی شیعر وئەدەب، مارکس وتەنی: مێژووی خۆیان بە دەستی خۆیان دەخەملێنن.

بێجگەلە ناوەڕۆك وپێشگۆتن، ئینجا دەكرێت ئاماژە بە ناوەڕۆكی ئەم لێكۆڵینەوەیە بدەم، بەوەی بەسەر سێ تەوەردا دابەش بووە. بەڵام، سەرەتا ولە پێشباسدا دەمەوێت ئەوە بخەمە ڕوو، وەك لە پێشەكی كتێبەكەشدا ئاماژەم پێداوە، لە ڕوونكردنەوەیەكدا یاخود باشتر وایە بڵێم لە (وتەیەكی پێویست) دا، باسم لەوە كردووە كە بابەتەكەم زیاتر تەرخان كردووە بۆ خستنەڕووی گەورەیی وكاریزمایی حەزرەتی نالی، لە ڕووی شیعر ودیالێكت وژیان وهەڵسوكەوت وسەردەمەوە، وكەمتر باسم لە دانتێ كردووە.

هەروەك ئاماژەم پێدا، بابەتەكە بەسەر سێ تەوەری سەرەكیدا دابەش بووە. تەوەری یەكەم، تەرخان كراوە بۆ كۆمەڵێك پێناسە، كە بابەتەكانی ئەدەب وئەدەبی بەراوردكاری وخەونن، دواتریش ئەو قوتابخانە ئەدەبییانە خراونەتە ڕوو، كە سەر بە ئەدەبی بەراوردكارین. واتە، قوتابخانەی فەرەنسی وئەمریكی وڕووسی، كە تێكڕا باس لە ڕەنگدانەوەی ئەدەبیی وكارتێكردن وكاریگەرێتی ومیتۆدی مێژوویی وڕەخنەیی وجوانی دەق وناوەڕۆك وكاریگەریی ئایدیۆلۆژیا وڕەخنەگەرایی لەسەر ئەدەبیاتی گەلان دەكەن. لە درێژەی ئەو پێناسانەشدا، كاتێك دێینە سەر پێناسە وڕاڤەی خەون، لە ڕوانگەیەكی زانستی وتوێژینەوەڕا ئاماژە بە بۆچوونی فرۆید دەربارەی خەون دراوە، باس لە هەست ونەست وسنووری نێوانیان وكاریگەریی چەپاندن لەسەر خودی مرۆڤ وهەست لەسەر نەست كراوە، باس لە ڕەنگدانەوەی خەون وحەز وئارەزووە سێكسییەكان لەناو دەقە شیعرییەكانیشدا كراوە. هەڵبەت، نالی ودانتێش، دوو نموونەی ئاوێتەبووی خەون وداكەوتن.

لە تەوەری دووەمدا، سەرەتا باس لە ژیاننامەی هەردوو شاعیری گەورە لە دوو سەردەمی جیاوازدا دەكات. واتە، لە ڕۆژی لەدایكبوونیانەوە، تا ئەو كاتەی لە تاراوگە كۆچی دوایی دەكەن. پاشان، هۆكاری بەكارهێنانی شێوەزمانی ناوخۆ، یا چۆنیەتی بەكارهێنانی زمانی ڕەشۆكی كوردی وئیتالی لە شیعرەكانیاندا، كە پێشتر لەو دوو كۆمەڵگەیەدا یاساغ بوون، یاخود باو نەبوون. بە مانای، سەرەتای ڕەتكردنەوەی تەقلید وتەقدیس ودەستپێكردنی شۆڕشێكی فیكری نوێ. ئەوجا، لەپاڵ شۆڕشی تازەگەریی، خستنە ڕووی ئەویندارییی دوو خۆشەویستە بۆ دوو دڵی ون لە باغچەی گوڵزاری شیعر. دواتر، كاردانەوەی نەرێنی ئەغیار وپیاوانی ئایینیی، لە بەرانبەر عیشق وداهێنان وچاكسازی وشۆڕشی فیكری وئەدەبی ونوێگەریدا، دەبێ چی بێ؟ ئاخۆ، خەونی نالی بە شاعیری گەورەی كورد، مەستوورەی ئەردەڵانی وداڕشتنەوەی ئەو خەونە لە دووتوێی شیعرێكی ئیرۆتیكیدا، ڕەنگدانەوەی سایكۆلۆژیا وچەپاندنی ئارەزووە سێكسییەكانی مرۆڤی كورد بووە، یان داكەوتی ململانێی بابانییەكان وئەردەڵانییەكان بووە؟ ئایا، نالی ودانتێ، سەركەوتوو بوون لەوەی عیشق وئایین پێكەوە بگونجێنن؟ ئەدی زلهێزانی ئەو دوو سەردەمە جیاوازە، تا چەند كاریگەرییان لەسەر هەوڵەكانی ئەم دوو كەڵە شاعیرە وكۆی سیستمەكان وكۆمەڵگاكەیان هەبووە؟

دیارە، هەموو ئەم چالاکی وڕاستییانە، لە دوو سەردەم وزەمەن وکۆمەڵگا وسیستمی ئایینیی جودادا کۆدەبنەوە ودەبنە هەوێنی لێکۆڵینەوەکە. کۆتایی ئەم تەوەرەش، بەو خاڵگەلە هاوبەشە دەستپێدەکات، کە ناونراوە (شێوەکانی لێکچوونیان). واتە، لە نێوکۆی بابەتەکەدا، سەرباری کۆمەڵێك جیاوازی، بەڵام کۆمەڵە خاڵێکیش ئاماژەی پێدراوە کە ئەم دوو شاعیرە بەرزە هاوژیان دەکات، یاخود لە یەك ڕوانگە ویەك مەبەست وبۆ یەك ئامانج کاریان کردووە. گرنگ ئەوەیە، سەرباری نشێوی، هەرتك سەرکەوتوو بوون لە هەوڵەکانیان. لەبەرئەوەی، بەهۆی نالییەوە، دیالێکتی خواروو لەبۆ زمانی کوردی هێندەیتر گەشەیسەند وزیاتریش چەسپی. هەرچی هەوڵی دانتێشە، لە پێناو چەسپاندنی دیالێکتی تۆسکانی، دواجار چەسپاندنی زمانی یەکگرتووی ئیتالی لێکەوتووەتەوە. ئەمە وێڕای ئەوەی، خامەی هاوەڵانی هەردووکیان بەبڕشت بووە.

پاشان، دێینە سەر تەوەری سێیەم، کە تایبەتە بە کاریگەریەکانی سەر زمانی کوردی، ودروستبوونی دیالێکت. دەمەوێت ئاماژە بەوەش بکەم، کە لەم تەوەرەدا زیاتر مەبەست لە چەندایەتی فاکتەرەکانە کە دەبنە هۆی دروستبوونی زمانی ناوچەیی وچۆنایەتی کاریگەرییان لەسەر زمانی دایك، وەڵێ کەمەکێك باسم لە نالی شاعیر کردووە. لێرەدا، ئەوەش خراوەتە ڕوو، کە ئاخۆ تۆپۆگرافیا سروشتی خاك بەربەستە سروشتییەکان ئایین وئایینزا وناوچەگەرێتی تا دەگاتە سنوورە دەستکردەکان، لە خاکی یەك نەتەوەدا چ گۆڕانکارییەك بەسەر زمانی ئەو نەتەوەیەدا دێنن؟ ئاخۆ، هۆکاری چییە، کەسێکی وەك حەزرەتی نالی، خوازیاری ئەوەبووە زمانی ناوچەی سلێمانی لەبری ناوچەی ئەردەڵان بەکاربهێنێ؟ بەمانای، هۆکار چییە، نالی ڕەتیکردووەتەوە بە دیالێکتی گۆرانیی میرنشینی ئەردەڵان شیعر بنووسێ، ولەبری ئەوە دیالێکتی سلێمانی کە ناودەبرێت بە کرمانجی خواروو، بکاتە سەردەفتەری شیعرەکانی. هەڵبەت، ئەمە وکۆمەڵێك باس وسەرنج وزانیاریتر لەم تەوەرەی دواییدا باسکراوە. هەموو ئەوانەشی وتران، بە ناوەڕۆکی هەرسێ تەوەرەکەوە لە ئەنجامگیرییەکدا خراونەتە ڕوو. دوای ئەمەش، بەشی پاشکۆکان دێت، کە بە پێویستم زانی. دیارە، خۆی لە وێنەی حەزرەتی نالی ودانتێ وکەسانێکی نووسەر وئەدیب وناوداری شاری سلێمانیدا دەبینێتەوە، وێڕای خستنەڕووی چەند وێنەیەکیتری پێویست. دواجاریش، گشت ئەو سەرچاوانەی بەسوود بوون بۆ ئەم توێژینەوەیە، ئاماژەیان پێدراوە وبەمەش کۆتایی بە بابەتەکە هێنراوە.

ئازاد تۆفیق خەیات

بەهاری ٢٠١٧

سلێمانی

## تەوەری یەکەم/ پێناسەکان

**پێناسەی ئەدەب:-**

**ئەدەب یان وێژە، شێوەیەکە لە شێوەکانی دەربڕینی مرۆیی، دەربارەی سۆزگەلی مرۆڤ وبیروبۆچوون وڕاز ونیاز ویادەوەرییەکانی، بە بالآترین شێوازی نووسین، کە هەمەجۆرە لە پەخشان بۆ پەخشانی ڕێکخراو بۆ هەڵبەست وبۆ شیعری کێشراو. هەموو ئەمانە، توانابەخشن بە مرۆڤ، لەبۆ دەربڕینی ئەوەی کە ناتوانێ بە شێوەیتر دەریببڕێ. ئاشکرایە، ئەدەب زۆر بە توندی پابەستە بە زمانەوە، ئەوجا بەرهەمی ڕاستەقینەی زمانی نووسراو وڕۆشنبیریی نووسراو، پارێزراو دەبێ لە دووتوێی شێوەکانی ئەدەب ودەرکەوتەکانی، کە بەپێی شوێن وکات دەگۆڕدرێن. هەردەم، هەمەجۆریی وگەشەسەندوویی لەگەڵ تێپەڕینی کات وسەردەم دەبینرێ.** [1]

**لە جیهانی ئەمڕۆدا، ئەدەبی کوردی وئەو زانستەی هەموو بەشەکانی ئەدەب دەگرێتەوە، پێی دەوترێ ئەدەبیاتناسی. واتە، بناغەکانی ئەدەبناسی دەگرێتەوە، کە خۆی لە تیۆری ئەدەبیی وڕەخنەی ئەدەبیی ومێژووی ئەدەبییدا دەبینێتەوە. لە چوارچێوەی ئەدەبیاتناسیدا، تیۆری ئەدەبیی، دەڕوانێتە ئەدەبیاتی نووسین وشیعر وهەڵسەنگاندنی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی کە چۆن شێوە ونەخشەی ژیان دەکێشن وچۆن لێیتێدەگات. هەروەها، بناغەی لێکۆڵینەوە ونرخپێدان بۆ بەرهەمەکان وکەرەستەی ئەدەبیی دادەنێت. ئەمەش وا دەکات، لە خاسیەت وڕێڕەو وتایبەتمەندییەکانی ئەدەب بگەین. کەواتە، ئەدەب، هونەرە داهێنەرە خوڵقێنەر ودروستکەرە.** [2]

**لە ڕاستیدا، (وێژە یان ئەدەب، Literature، ادب)، بە دوو واتای جودا بەکاردەهێنرێ. یەکەمیان، تایبەتییە، مەبەست لێی ئەو ئاخاوتن وگوتراوە نایابانەن کە خۆشی وشادی دەخەنە دڵی گوهدار وخوێنەرانەوە، جا گوتراوەکان هۆنراوەبن یان پەخشان، هەڵبەستی نایاب وهۆزانی بەرز وچیرۆکی خۆش وگوتاری ناوازە وگەلەك بەشی دی، دەکەونە خانەی ئەم پێناسەیەوە. چونکە، دێنە خوێندنەوە وگوێلێبوون، چەشە ولەزەتێکی هونەرییان لێدێتە وەرگرتن. دووەمیان، گشتییە، ئەو بەرهەمەی مێشکی مرۆڤ دەگرێتەوە کە لە شێوەی ئاخاوتندا خۆی دەنوێنێت ولە لاپەڕەی کتێباندا دێتە نووسین. لەم بارەیەوە، کتێبی ڕێزمان وکتێبی وەرزش وسروشتزانی و...هتد، ئەدەبێکن بە واتای گشتی. چونکە، بەرهەمی هەمەچەشنی مێشکی**

---

[1] ادب: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، فبراير/ ٢٠١٦، ar.wikipedia.org

[2] رينيه ويليك، اوستن وارين: نظرية الادب، ت: محي الدين صبحي، د. حسام الخطيب، الطبعة الثالثة، المجلس الاعلى لرعاية الفنون والاداب والعلوم الاجتماعية، مطبعة خالد الطرابيشي– دمشق، ١٩٧٢، ص ١١

مرۆڤ دەنوێنن، کە مەرج نییە لە کاتی خوێندنەوەیاندا ئەو خۆشی ولەزەتەیان لێوەربگیرێت، کە لە واتای تایبەتیی ئەدەبدا وەردەگیرا. [1]

دەوترێ، ئەدەب وتە وئاخاوتنی پاراوە، لە هەست وسۆزەوە دەردەچێ، وکاریگەری لە گیان دەکات. هەربۆیە، پایەکانی، سۆز وبیروڕا ودەربڕین وپێکهاتە وئەندێشەن. هەڵبەت، ئەدەب، دابەش دەبێ بۆ دوو بەشی سەرەکی:

١- شیعر، وتەگەلێکی بەکێش وسەنگ وسەرواداره، کە وێنای سۆز وخواستی دەروونیی دەکات.

٢- پەخشان، وتە وقسەگەلی پەیامبەرە، کە نابەسترێتەوە بە سەنگ وکێشەوە.

چەمکی ئەدەب، لە سەردەمی ئێستادا، چ شیعر چ پەخشانبێ، مانای وتەی پاراو وکاریگەر لە گیانی خوێنەر دەگەیەنێ. چەمکی ئەدەب، بە درێژایی سەردەم، گەشەسەندنی بەخۆوە دیوە وچەندین مانای پێبەخشراوە تا بەم چەمك ومانا وداڕشتنەی ئێستا گەیشتووە. لەم سەردەمەدا، چەمکی ئەدەب هێمایە بۆ دوو مانا. یەکەم، مانایەکی گشتگیر وهەمەکی، کە هەموو ئەوانەی دەنووسرێن لە بواری زانستەکان وئەدەبدا، لە خانەی چەمکی ئەدەبدا پۆلێن دەکرێن. دووەم، مانایەکی تایبەتی، مەبەست لێی ئەوەیە کە پێویستە وتە مانادار وچەشەکراو بە جوانی وکاریگەریی بێ، بۆئەوەی ببێتە ئەدەب. ئەمەش، شێوازگەلی نووسینی شیعر وپەخشان وشانۆگەریی وڕۆمان وپەند دەگرێتەوە.

ئەدەب، تاقیکردنەوە وگوزارشتە لە دەربڕینی هەستێکی تایبەتی نووسەر، کە بارگاوییە بە هۆش وهەڵچوونی کەسیی. لەم تاقیکردنەوەیەدا، دانەر لە شێوەی وێنەگەلی ئاخاوتن ولەڕێی نووسین ودەربڕینی زمانەوانییەوە، کەفوکوڵ وهەڵچوون وهەستی خۆی دەگەیەنێت، بەمەش ئەدەب گەلاڵە دەبێ. کەواتە، ئەدەب هونەرێکی دەربڕینکارانەیە، مرۆڤ لە ڕێیەوە هەڵدەستێ بە خستنەڕوو ودەربڕین وداڕشتنی ئەوەی لە مێشك وبیروبۆچوونیدایە، هەر لە هەست ونەست وبیرۆکە وهۆشیاریی وهەموو ئەو بابەتانەی سەرقاڵیان کردووە، بە قسان و وتەگەلێکی هونەریی جیاواز لە قسەی ئاسایی. گرنگترین ڕەگەزی ئەدەبیش، چۆنیەتی گەیاندنی پەیامە. واتە، دانەر چەند بتوانێ بە باشی بیروبۆچوون وهەستەکانی بگەیەنێ، هێندەش کاریگەریی لە ناخ وهۆش وگیانی خوێنەردا دروست دەکات. [2]

---

[1] وێژە: وتار، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە، کانوونی دووەمی ٢٠١٧، ckb.wikipedia.org

[2] شروق محبوب: مفهوم الادب، موقع موضوع. کوم، ١٤/ مارس/ ٢٠١٦، mawdoo٣.com

لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی، زۆربەی کات چڕدەبێتەوە لەسەر کارێکی ئەدەبیی یان ساتێکی مێژوویی. بەڵام، لەم دواییەدا، خواست لەسەر پێویستیی میتۆدێکی شیکاریی زیادبوو، لەبۆ گەڕان بە دووی چەمکگەلی ئەدەبی وڕاڤەکردنیڕا، بەتایبەت ئەو چەمکانەی هزر وبیروبۆچوون وگیروگرفتی یەکلاکەرەوە لەخۆدەگرن، یان ئەوەی ڕێخۆشکەرە بۆ بابەتگەلی گرنگ لە کرداری تۆژینەوەی ڕەخنەیی کارگەلە ئەدەبییە دیاریکراوەکان. ئەم زنجیرەیە، هەوڵدەدات پێهەڵوتنێکی ڕوون وهەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەیی لەبۆ هەندێ بیرۆکە ودەستەواژەی نێو مشتومڕی ئەدەبیی وەك سیمبولیزم وڕیالیزم وستایلیزم پێشکەش بکات. هەروەها، هەوڵ دەدات پەیوەندی ئەدەب بە هەندێ سیستمی فیکریی گرنگی وەك ئەنسرۆپۆلۆژیا وسایکۆلۆژیا وفەلسەفە وهەندێکیتر دیاری بکات، بەوەی کارەکانی ئەم زنجیرەیە تەواونابێ گەر نەڕوانینە پەیوەندی ئەدەب بەو کێڵگە فیکرییانەوە. [١]

مێژووی مرۆڤایەتی، لە هەموو بوارەکانیدا، بریتییە لە وەرگرتن وداهێنان وبەخشین. هەڵبەت، لە ڕووی چەندێتی وچۆنێتییەوە، ئەو نەتەوەیەی کە پلە وڕادەی بەخشینی لە وەرگرتنەکەی بەرفراوانتر وگەشتر بێت، ئەوە پتر هاوبەشیی لە ئەدەبی جیهاندا دەکات. نەتەوەی کوردیش، وەك هەر نەتەوەیەکی سەر ئەم زەمینە، بەگوێرەی بوون وقەوارەی تایبەتیی خۆی وسەرباری نالەباریی ئەو دۆخە تۆبۆگرافی وکۆمەڵایەتیی وسیاسییەی، بەڵام کەم تا زۆر هاوبەشییەکی ئازایانەی لە جیهانی ئەدەبدا، بەتایبەت لە هۆنراوەدا کردووە. شاعیرانی وەك نالی وکوردی وسالم ومەولەوی وخانی وگۆران وچەندینیتر، ئەگەر لە ئاست گۆتە وشیلەر وبایرۆن وجاك بریڤەر وهەمزاتۆف وموتەنەبی وسەعدیدا نەبن، ئەوا کەمتر نین. [٢] ماوەتەوە سەر ئەوەی بڵێین، لە هەموو جیهاندا ئەدەب یەك شتە، هەروەك چۆن هونەر ومرۆڤایەتیش هەر یەك شتن. [٣]

**پێناسەی خەون:-**

گرنگیدان بە بابەتی خەون، هێندەی دێرینیی مرۆڤ کۆنە، بەشێوەیەك کە گەلانی سەرەتا لە بابەتی خەون زۆر دەترسان وئەوەی لە خەوندا دەیانبینی جۆرەها لێکدانەوەیان بۆدەکرد، بەڵام ئەمە لە گەلانی شارستانیدا نییە. هەڵبەت، تێبینی ئەوەش کراوە، کە گەلانی دێرین لەو بڕوایەدابوون ئەو وێنانەی لە خەوندا دەیانبینی، وەڵامدانەوەی جیهانی میتافیزیکە. واتە، خەون، پەیام ونامەی ئەو بوونەوەرە

---

[١] هنري غيفورد: الادب المقارن، ت: د. فؤاد عبدالمطلب، من منشورات اتحاد الكتاب العرب– دمشق، ٢٠١٢، ص ٩

[٢] د. ڕەئووف عوسمان: دنیابینی لە پانتاییەکانی دەقدا، چاپی یەکەم، ٢٠١٥، ل ٢٦٧

[٣] رينيه ويليك، اوستن وارين: نظرية الادب، ت: محي الدين صبحي، د. حسام الخطيب، مصدر سابق، ص ٦٣

خوداوەندانەیە کە لە سەرووی مرۆڤەوەن وگوزارشت لە ئیرادەی لەڕادەبەدەری سروشت دەکەن. هەربۆیە، گرنگییەکی لەڕادەبەدەریان بەو شتانە دەدا کە لە خەوندا دەیانبینی، بۆئەوەی واتا وناوەڕۆکی شتە نادیارەکان وچارەنووسی خۆیان بزانن. زانایانی کۆن، بەم ڕاڤە وشیکارییانەیان دەگوت: "هونەری لێکدانەوە یان هونەری جادووگەری." بەڵام، ئەرستۆ، یەکەم کەس بوو کە توانی بە تێڕوانینە زانستییەکانی، هەڵوێست وباوەڕە سایکۆلۆژییەکانی لە لێکدانەوەی خەوندا بچەسپێنێ. ناوبراو، یەکەم کەس بوو کە بە دڵنیاییەوە گوتبووی: "خەون، هەرگیز نامە وپەیام لە خوداوەندەکانەوە نییە، وهیچ شتێکیشمان لە سەرچاوە نادیارەکانی سروشتەوە بۆ ناخاتەڕوو." بەڵکو، بەلای ئەرستۆوە، خەون وێنەیەك بوو لە چالاکی دەروونیی، کە لەلایەن کەسی خەوتووەوە بەپێی ئەو بارودۆخەی تێیدایە، بەدیدەهات. [١]

خەون، زنجیرەیەك بەبیرداهاتنەوە وخەیاڵکردنە، کە لە کاتی پرۆسەی نوستندا ڕوودەدات. هەربۆیە، خەون لە ڕووی لۆژیکیی ویەکگرتووییەوە جیاوازدەبێ. لەم پێناوەشدا، واتە لە پێناو ڕاڤەکردنی خەوندا، تیۆرگەلێکی زۆر هەن. [٢] خەون، وەك زۆر زاراوەی ئەدەبیی وزانستیتر، چەپکێك پێناسە ودەلالەت وچییەتیی (ماهیة) لەخۆدەگرێ. سادەترین ڕاڤەی خەون، ئەوەیە کە "خەون وخەونبینین، ڕووداوێکی یاخود دیاردەیەك (phenomena)ی باوی ژیانی ڕۆژانەمانە، کە دەلالەت لە بەردەوامبوونی ژیان وبوونی ئێمە دەکات." لێرەدا، گرفت لەوەدایە، کە ئێمە بە ڕاستی لە زۆر لایەنی شاراوەی ئەو خەونانە یان نازانین وبێئاگاین، یان کە دەزانین وبەئاگاین، تێیان ناگەین. پێناسەیەکی تری خەون، ئەوەیە کە دەڵێ: "خەون، زنجیرەیەك وێنە ودیمەن وبیرۆکە وسۆز وهەست ونەستە، نەویستانە لە هەندێ قۆناغی خەوتندا ولە مێشکدا ڕوودەدات. تا ئێستا، بە وردی ناوەڕۆك ومەبەستی نەزانراوە، هەرچەندە لەوەتەی مێژووی نووسراو سەریهەڵداوە، بووەتە بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستیی وفەلسەفیی وئایینیی." ئەمڕۆ، خەون لە زانکۆ ناوەدارەکاندا، بووەتە بابەت وئەو زانستەشی لە دیاردەی خەون دەکۆڵێتەوە، پێیدەگوترێ (oneirology). [٣]

دەوترێ، خەون هیچ شتێکی نوێی تێدا نییە، بەڵکو کاردانەوە وڕەنگدانەوەی ژیانی فسیۆلۆژی جەستەی مرۆڤ خۆیەتی. دیارە، سروشتی جەستەی مرۆڤ، وایە کە هەرگیز نەنوێ، هەرچەندە شەکەت

---

[١] سيجموند فرويد: تفسير الاحلام، تبسيط وتلخيص: الدكتور نظمي لوقا، حقوق الطبع محفوظة لدار الهلال- القاهرة، أغسطس ١٩٦٢، ص ١٢

[٢] حلم: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٠١٦، ar.wikipedia.org

[٣] فازیل شەوڕۆ: ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر، ٢٠١٤، ل ١٣

وماندوو دەبێ، هەستەوەرەکانی ماندوو دەبن، بەڵام پەیوەندی بە مێشکەوە ناپچڕێ. وەڵێ، بینراوەکان، هەردەم بە بەرچاودا دێن ودەچن، دەنگەکان دەگەن بە گوێ، هەستەکان دەگەن بە پێست، ئازارەکانیش دەگەن بە ناوسك. دواجار، ئەم هەستکردن و وێنە هۆشەکی وزەیینییانە هەڵدەوەشێنەوە بۆ خەون. بەمەش، هەڵپە وپەلاماری کۆگای یادەوەریمان دەدەن. لە ڕاستیدا، ناوەڕۆکی خەون، یادەوەری دروستی دەکات، شکڵبەندی خەونیش، هەستەکانمان دروستی دەکەن، ڕێك وەك ئەوەی لە بێداریدا ڕوودەدات. ئەو شێوەیەی لە واقیعدا دەیبینین، هەستەکانمان دروستی دەکەن، بیروبۆچوونیشمان دەربارەی ئەو شێوەیە، یادەوەریمان دروستی دەکات. کەواتە، یادەوەریمان، ئەو کۆگا ودۆسیەیە کە هەموو کات بۆی دەگەڕێینەوە، دەربارەی ئەو شتە پەیوەندیدارانەی بینین لە واقیعدا پێویستییەتی، ئەمەش ئەوەیە کە لەکاتی نوستن ولەخۆڕا، ڕوودەدات.[1]

شاعیر وفەیلەسووفی فەرەنسی، گاستۆن باشلار، لەبارەی خەونەوە وتبووی: "گەر خەون شۆڕبێتەوە بۆ قووڵاییەکی زۆری بوونی تێکشکێنراومان، هاوڕا لەگەڵ توێژەرانی دەروونیی، چۆن لەو بڕوایەدابین کە هەردەم پارێزگاری لە مانا کۆمەڵایەتییەکان دەکات؟ لە ژیانی شەوانەماندا، قووڵایی هەیە کە هەردەم خۆمانی تێدا دەشارینەوە، بەشێوەیەك کە چیتر ئارەزووی ژیان ناکەین. لەم قووڵاییەدا، زۆر بەکەفوکوڵەوە، پەی بە نیهلیزم دەبەین، واتە عەدەمییەتی خۆمان. جا ئایا، هیچ عەدەمییەتێك بێجگەلە عەدەمییەتی بوونمان، هەیە؟ لێرەوە دەتوانین بڵێین، خەونگەلی ڕەها، لە جیهانی هیچگەراییدا نقوممان دەکات."[2]

هەرچی سیگمۆند فرۆیدی پزیشکی دەروونزانییە، وەك یەکەمین کەس کە بە شێوەیەکی زانستییانە بابەتی خەونی شەن وکەو کردبوو، ساڵی (١٨٩٩ز)، لە دووتوێی کتێبێکیدا بە ناوی (ڕاڤەی خەونەکان)، لێکۆڵینەوەی لە خەوندا کردبوو. ئەو، لەو بڕوایەدابوو، کە خەون ئامرازێکە دەروون پەنای بۆدەبات لەپێناو تێرکردنی ئارەزووەکان وپاڵنەرە چەپێنراوەکان، بەتایبەت ئەو خواست وئارەزووانەی تێرکردنیان لە واقیعدا قورسە. ناوبراو، زانستییانە بۆ ئەم بابەتە چووە، وبڕوای وابووە کە خەون لە ئەنجامی ململانێی دەروونیی نێوان ئارەزووە نەستییە چەپێنراوەکان وئەو بەرگرییە دەروونییەی هەوڵ بۆ دامرکاندنەوەی ئەو ئارەزووە نەستییانە دەدات، دروست دەبێ. بەلایەوە، خەون، بریتییە لە چارەسەرێکی ناوەند یان هەوڵێکە بۆ

[1] مصطفى محمود: الاحلام، طبع بمطابع دار المعارف (ج.م.ع)- القاهرة، ١٩٨٦، ص ١٤

[2] غاستون باشلار: شاعرية احلام اليقظة، ت: جورج سعد، الطبعة الاولى، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع- بيروت، لبنان، ١٩٩١، ص ١٢٧

گونجاندن له نێوان ئەم ئارەزووگەلە خرۆشاوانەدا. بە مانای، لای خودی فرۆید، خەون کاری (پاسەوانیی نوستن) دەکات وڕێگریش لە هەر شتێك دەکات کە ببێتە هۆی بێزاریی وبێداریی کەسی نوستوو.[1]

هەڵبەت، تێگەیشتن ولێکۆڵینەوەکانی فرۆید، گەورەترین شۆڕشی زانستیی سەردەمی خۆی بووە، بە شێوەیەك کە تەواوی مرۆڤایەتی ڕاچڵەکاندبوو. فرۆید، بڕوای وابوو، کە دەروونی مرۆڤ وەك شاخێکی بەستەڵەك وایە، نۆ لەسەر دەی لەژێر ئاودایە، ئەوەشی سەرئاو کەوتووە، سنووری نێوان هەست ونەستە. بەمەش، تێکڕای تێگەیشتنەکانی مرۆڤ بۆ خودی خۆی ودەربارەی هەقیقەت، بە درێژایی مێژوو، گۆڕانکاری بەسەرداهات. لە سەردەمی ئەرستۆدا، جەوهەری مرۆڤ، پشتی بە فیکر وفەلسەفە وتوانا لۆژیکییەکانی دەبەست. دواتر، دێکارتیش وتی، مادام بیردەکەمەوە کەواتە هەم. بەڵام، بە هاتنی فرۆید، ئەم چەمکگەل وتێگەیشتنانە، سەرلەبەری گۆڕانکارییان بەسەرداهات. چیتر، مرۆڤ ئاژەڵی لۆژیکیی نین کە توانای دەربڕینی فیکر وفەلسەفەیان هەبێ، یاخود بەرجەستەبووی جیهانی ئایدیاڵیزم نین. هەرگیز، لەلایەن خوداوە نین وەك پەیامبەران جەختییان لەسەر دەکرد، یان ئافەریدەی ئاوەز بن، یاخود وەکی کانت، بونیادێکی ئەقڵیی بن بە هەماهەنگی وهاوکاری هۆش وهەستەوەر. بەڵکو، لە ڕوانگەی فرۆیدەوە، هەقیقەت پەیوەست بوو بە ئەندامی نێرینە ومێینەی مرۆڤەوە.

بەمانای، نەستمان بنچینەی پێکهاتەمانە، جەنجاڵە بە هەژان وخرۆشانی ئاڵۆز، لە هەڵچوونەکانیدا ئەنارشیستە، کۆگای پاڵنەرە خۆڕسکەکانە، نوێنەرایەتی حەز وئارەزوو وپێداویستییە سەرەتاییەکانمان دەکات. لە کاتێکدا، هەستمان، ئەندامی جێبەجێکاری نەستمانە، ڕام وجڵەوی دەکات وپارێزگاری لە هەموو پەیوەندییەکانمان لەگەڵ جیهانی دەرەکیدا دەکات. هەرچی خودیشە، کۆگای بەها ونموونەی باڵا وپەند وپێوەرە کۆمەڵایەتی وئاکارییەکانە.[2]

واتە، ستراکتووری نەستی مرۆڤ، ڕۆژانە وبە درێژایی ژیانی، وەرگری داتاگەلێکی زۆر وزەوەندە، کە زانیاری ومەعریفە وحەز وئارەزووە سێکسی ویاساغ ونهێنی وڕواڵەتییەکان لەخۆ دەگرێ. بێگومان، لە نێو هەڵسوکەوتی ڕۆژانە ولە نێوکۆی هەستمانەوە، دەشێت کاردانەوە وبەجێهێنان وکارتیاکردنمان لەبۆ هەندێکیان زۆر ئاسایی یان مامناوەند بێ، بەڵام لە بەرانبەر هەندێکیتریان، زۆر لەسەرمان بکەوێ. ئەوجا، دەشێت یاسا دانراوەکان، یاخود یاساکانی داب ونەریت ڕێگربن، گرنگ ئەوەیە مەحاڵە بتوانین بەو کارە

---

[1] حلم: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٠١٦، ar.wikipedia.org

[2] علي الشدودي: عن كتاب تفسير الأحلام لـفرويد، موقع جسد الثقافة، ٢٠/ ٩/ ٢٠٠٨، aljsad.org

هەستێن. ئەمە خۆی لە خۆیدا، گرێیەکی دەروونیی دروست دەکات، کە تەنها دابڕان لە جیهانی داکەوت، دەکرێ بەدیهێنەری ئەو ئاواتانەبێ. لەبەرئەوە، پەنابردنە بەر خەون، باشترین چارەسەرە بۆ دامرکاندنەوەی ئەو حەز وجۆش وخرۆش وهیوایە. بەمانای، چەندە نەستمان وەك تیۆری، بابەتگەلی جۆراوجۆر وەربگرێ ودواتر خوازیاری پراکتیزەکردنی بێت، ئەوا هەستمان وەك کۆنترۆڵ وپرسگە، گولبژێری دەکات وناهێڵێ بە ئاسانی دەربازببێ. کەواتە، تەنها پرۆسەی خەونە، کە بێ گوێدانە دەزگای هەست، هەڵدەستێ بە پراکتیزەکردنی هیوا وخۆزگە وئارەزووە چەپێنراوەکان، بەڵام دوور لە جیهانی لۆژیك. هەر ئەمەشە وای لە کەسانێکی وەك نالی ودانتێ کردووە، کە لەم پرۆسەیەوە ولە دووتوێی دوو شاکاری ئەدەبیی مەزنەوە، بە هیوا وحەز وئارەزووە چەپێنراوەکانیان بگەن.

فرۆید، دەڵێ: "بێگومان، لەو بڕوایەداین کە کاری خەون وەك کاری دەرچەی دڵنیایی وایە، لە بەتاڵکردنەوەی بارگەی زیاد لە پێویست، یاخود لە ژەهری ئەو شتە زەرەرمەندانەی خەون وەك وێنە ودەربڕین وەریدەگرێ. هەروەها، لەو بڕوایەشداین، کە لە خەوندا دەروونمان واز لە وردیی وڕێکخستن وژیریی وجوانی وکەماڵی خۆی دێنێ، ودەگوازرێتەوە بۆ قۆناغی سەرەتایی، بە شێوەیەك کە لە منداڵیدابێ وهیچ دیسپلینێك بەسەریدا جێبەجێ نەبێ. خۆ ئەگەر ئارەزووە چەپێنراوەکانیش نەبوایە، هەرگیز هێزی پاڵنەر بۆ ڕوودانی خەون ئاسان نەدەبوو." [1]

ماوەتەوە سەر ئەوەی کە بڵێین، توێژینەوەکان، ئاماژە بەوە دەکەن کە لە قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەمیشە خەون بەستراوەتەوە بە جیهانی بێئاگاییەوە (unconcious). واتە، لە هەموو حاڵەتەکاندا، ڕووداوەکانی خەون بەدەر لە دەسەڵاتی خەونبینە. وتراوە: "خەون، تارمایی شتە ڕاستەقینەکانە." لە ئاکامی توێژینەوە ولێکۆڵینەوە لە شاکارە مەزنەکان، ڕۆڵی خەون هێندە بەرز وبالا ڕاگیراوە، کە دەڵێن هەندێجار خەون توانای وەبەرهێنانی بیر وئەندێشەی داهێنەرانەی هەیە، کە شۆڕش وکودەتایەکی ئەوتۆ لە مێشکی نووسەر وهونەرمەنددا دەوروژێنێ، بەشێوەیەك کە دەگاتە ئاستی خولقاندنی هەستی سرووش، لە گیانی کەسەکەدا. [2]

**ئەدەبی بەراوردکاریی:-**

---

[1] سیجموند فروید: تفسیر الاحلام، تبسیط وتلخیص: الدکتور نظمي لوقا، مصدر سابق، ص ١٨٣

[2] فازیل شەوڕۆ: ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١

ئەدەبی بەراوردکاریی، هونەرێکی میتۆدییە، لە پەیوەندییە چوونیەکەکان وکارلێك وکاریگەرییان ولێکنزیکبوونەوەی ئەدەبەکان لە بوارەکانی دەربڕین ومەعریفە وزۆرێکیتر دەکۆڵێتەوە. یاخود، لێکۆڵینەوە لە نێوەندگیریی بەڵگەنامە ودەقە ئەدەبییەکان دەکات، لە کات وشوێنێکی دوور یان نزیك. بەمەرجێك، زمانگەل وڕۆشنبیرییەکان جیاوازبێ، وگەنگەشەی بەشێك لە کەلەپوورێکیان بکات، ئەمەش لەپێناو باسکردن وتێگەیشتنێکی باشتردا. ئەم پێناسەیە، کاری بەراوردکاریی دیاریدەکات، واتە نزیککردنەوەی ئەدەب لە بوارەکانی دەربڕین ومەعریفەیتر. ئەوەی ئەم ئەدەبە پێی هەڵدەستێ، نزیککردنەوە وخستنەڕووی دەقێکی ئەدەبیی وەرگیراوە لە فیلمێکی سینەمایی یا تابلۆیەك یان پارچە مۆسیقایەك، یاخود هەلاوێردییەکە لە نێوان ئەدەب ومێژوو یان ئەدەب وشیکاریی دەروونیی.[1] ئەدەبی بەراوردکاری، هونەری نزیککردنەوەی ئەدەبە لە بوارەکانی دەربڕین یان مەعریفەگەلێك بە شێوەیەکی میتۆدیی، لە ڕێگەی گەڕان بەدوای پەیوەندییەکانی لێکچوون ونزیکایەتی وکاریگەریەتی. یاخود، نزیککردنەوەی ڕووداوەکان ودەقە ئەدەبییەکانە لە نێو خۆیاندا، ئەوجا گرنگ نییە لێکنزیك یان لێکدووربن لە کات وشوێندا، بەمەرجێك سەر بە زمانگەلێك یان چەند ڕۆشنبیرییەکبن. یاخود، گەر بەشێك بێ لە کەلەپوورێك، بە مەبەستی وەسفکردنی وتێگەیشتنی وچێژکردنی بە شێوەیەکی باشتر.[2]

زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاریی، بە زاراوەیەکی ناتەبا دادەنرا، لەبەرئەوەی لە هێما ولە ئاماژەدان بە مەبەست، لاوازبوو. هەربۆیە، زۆرێك لە توێژەران ڕەخنەیان ئاڕاستەکردبوو، بەلاّم دواجار ناچاربوون مل بەو دەستەواژەیە بدەن. بۆ نموونە، مامۆستا وڕەخنەگری ئەدەبیی فەرەنسی (پاولْ ڤان تییگم)، هەرگیز بە زاراوەیەکی وردی نەزانیوە، بەڵکو گەلەدەستەواژەیەکی وەك "مێژووی ئەدەبی بەراوردکاری، مێژووی ئەدەبیی بەراوردکار، مێژووی بەراوردکاری"پێشنیار کردبوو، کە بە بڕوای ئەو نزیکترە لە بابەتەکە. هەروەها، ڕەخنەگری ئەدەبیی ومامۆستای زانکۆی سۆربۆن (ماریۆس فرانسوا گۆیار)، پێشنیاری زاراوەیەکیتری کردبوو، کە "مێژووی پەیوەندییە ئەدەبییە نێودەوڵەتییەکان" بوو. ئەوەی جێی سەرنجە، وشەی "مێژوو" بۆ هەموو پێشنیارەکان زیادکرابوو، لەبەرئەوەی ئەدەبی بەراوردکاری، لە بنچینەدا مێژووی پەیوەندییە ئاڵوگۆڕ ولێکچووەکان ولێکنزیکەکانی ئەدەبەکان بوو، لە سنوورە زمانەوانیی وجوگرافییە جیاوازەکاندا. هەڵبەت، دواجار سنووری مەعریفیشی بۆ زیادکرا.[3]

---

[1] دانییل – هنري باجو: الأدب العام والمقارن، ت: د. غسان السيد، اتحاد الكتاب العرب، مكتبة الاسد الوطنية– دمشق، ١٩٩٧، ص ١٠

[2] كلود بيشوا، أندريه م روسو: الادب المقارن، ت: الدكتور أحمد عبدالعزيز، الطبعة الثالثة، مكتبة الانجلو المصرية– القاهرة، نوفمبر ٢٠٠١، ص ٢٥٧

[3] حسام الخطيب: الادب المقارن، الموسوعة العربية– دمشق، ١٩٨١، www.arab-ency.com

ئەم ئەدەبە، بەمانای مێژووی پەیوەندییە ئەدەبییە نێودەوڵەتییەکان دێ. تویژەری بەراوردکار، لە نێوان سنووری زمانەوانی ونەتەوەییدا دەوەستێت، وچاودێری ئاڵوویرە بابەتیی وئەدەبیی وسۆزداریی وفیکریی وئەو کتێبانە دەکات، کە لە نێوان دوو ئەدەب یان زیاتردان. پاشان، پێویستە شێوازی میتۆدی تویژینەوەکەی لەگەڵ دەرەنجامی تۆژینەوەکەیدا هاوتابێت. ئەوجا، لەگەڵ ئەوەی تویژەر ئازادە لە هەڵبژاردن وگرتنەبەری هەر ئاراستەیەك بۆ بەئەنجامگەیاندنی تویژینەوەکەی، بەلام کۆمەڵە مەرجێکی پێشوەختە هەیە، کە پێویستە لەسەری پەیڕەوی بکات. ڤان تییگم وتەنی: "پێویستە تویژەر کەلوپەلی خۆی پێبێ."

هەڵبەت، سەرەکیترین مەرج لەو کۆمەڵە مەرجەی پێویستە لەسەر تۆژەری بەراوردکار هەستێ پێی، کارکردنیەتی وەك کەسێکی مێژوونووس. پاشان، دەبێ لە ئەدەبیاتی زۆربەی ولاتان لێزانبێ، بەتایبەت ئەدەبی ئەو ولاتانەی دەیەوێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات. ئەمە بێجگەلەوەی، پێویستە شارەزابێ لە زمانی ڕەسەنی ئەدەبی نووسراوی ولاتی مەبەست. دواجار، پێویستە لێزانبێ لە چۆنیەتی گەڕان بە دوای سەرچاوە وبەڵگەنامە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکان، کە خۆی لە کتێب وگۆڤار وڕۆژنامە وسەرچاوە وگەشتی تایبەت بەو تۆژینەوەیە وئامادەکردنی پێڕستێکی ئەدەبیی تایبەت بەو ماوە سەردەمییەی لێکۆڵینەوەکەی تێدادەکات. [1]

وشەی ئەدەب، مانای ئافەریدە وداهێنان، هەرچی ئەدەبی بەراوردکاریشە، مەبەست لێی شێوەیەکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە. بەراوردکارانیش، کاری هاوسەنگیی وبەراوردکاریی لە نێوان دوو ئەدەب یان زیاتردا دەکەن. بەلام، دواجار، ئەوانە لێکۆڵەرن نەك داهێنەر. لەگەڵئەوەشدا، سەرەتای هەر دەروازەیەك بۆ تۆژینەوەی ئەدەبی بەراوردکاریی، بێ شك بەندە بە دەستنیشانکردنی ڕوون وئاشکرای ئەو ئەدەبەوە. باشترین ڕێگاش بۆ ئەم کارە، گرتنەبەری ڕێبازێکی ناوەندگیرە، لە نێوان قوتابخانەی فەرەنسی کۆنزەرڤاتیزم وقوتابخانەی ئەمریکی لیبراڵیزم. هەرچەندە، ئێمە بۆمان نییە دەست وپێی هیچکام لەم زانستانە کۆت وبەند بکەین. بە زمانێکی پاراوتر، ئەدەبی بەراوردکاری، مانای لێکۆڵینەوە لە ئەدەب لە پشت سنووری ولاتێکی دیاریکراو. پوختەی مەبەست، بەراوردکاریی وێژەیە لە ناوچەگەلیتر، بە دەربڕینی مرۆیی. یاخود، لێکدانەوەی وێژەیە، لە دەرەوەی سنووری جوگرافی وزمانەوانیی ومەعریفیی. [2] هەڵبەت، باشترین پێناسەش ئەوەیە کە دەڵێ:

---

[1] ماريوس فرانسوا جويار: الادب المقارن، ت: الدكتور محمد غلاب، من منشورات لجنة البيان العربي، مطبعة لجنة البيان العربي– القاهرة، ١٩٥٦، ص ٥

[2] حسام الخطيب: الادب المقارن، الموسوعة العربية– دمشق، ١٩٨١، www.arab-ency.com

**"زانستێکە، دەستاوێژێك بە خوێنەر دەبەخشێ، کە بەهۆیەوە بتوانێ سەیری کارە ئەدەبییە لێکدابڕاوەکان لە کات وشوێندا بکات، بێ گوێدانە سنووورە هەرێمییە بەرتەسکەکان."** [1]

**بڕوا وایە، نشونماکردنی ئەدەبی بەراوردکاری بۆ دەیەی سێیەمی سەدەی نۆزدە بگەڕێتەوە، یان لەوانەیە بۆ ساڵی (١٨٢٧ز) بگەڕێتەوە، کاتێك ڕەخنەگری ئەدەبیی وماموٚستای زانکۆی سۆربۆن (ئابیل فرانسوا ڤیلمان) لە پاریس، وانەی دەربارەی پەیوەندی ئەدەبی فەرەنسی بە ئەدەبی وڵاتانی ئەوروپی ترەوە دەوتەوە. شایانی وتنە، ناوبراو لەو لێکچەرەیدا، دەستەواژەی "ئەدەبی بەراوردکاری" بەکارهێنابوو، هەربۆیە لە دانانی یەکەمین بەردی بناغەی لۆژیکەکەی لە فەرەنسا، شانازییەکە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە لە ئەوروپا زانستە مرۆڤایەتییەکان گرنگییەکی زیاتری بە ڕەهەندی بەراوردکاریی لە مەعریفەدا بەخۆوە دەبینی. دیارە، لەو سەردەمەدا، "یاسای بەراوردکاریی، ڕێبازی فیلۆلۆژی بەراوردکاریی، سۆسیۆلۆژی بەراوردکاریی" وچەندین زانستی بەراوردکاریتر نشونمایان کردبوو. لێرەوە، دەگەینە ئەو بڕوایەی کە فەرەنسا یەکەمین لانکی ئەدەبی بەراوردکاری بووە، ئەوەش بەهۆی پەرەسەندنی فاکتەرگەلی زمانەوانی سیاسی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری تێکئاڵاو، کە وای لە فەرەنسا کردبوو نرخی بەهای کەلەپووری هاوبەش لە نێوان خۆیی وتەواوی ئەوروپا بزانێ. واتە، فەراهەمبوونی یەکەمین بناغەی بیرکردنەوەی بەراوردکاری.** [2] **کەواتە، لە فەرەنسا وبگرە لە تەواوی جیهانیشدا، (ژان ژاك ئامپێر وئابیل فرانسوا ڤیلمان) بە باوکی ڕاستەقینەی ئەدەبی بەراوردکاری دادەنرێن.** [3]

**بەڵام، ساڵی (١٩٢١ز) لە پاریس، لە سەروتاری گۆڤاری ئەدەبی بەراوردکاریدا بڵاوکرابووەوە، کە ئەدەبی بەراوردکاری لە (١٢/ ئازار/ ١٨٣٠ز) لە "ناوەندیی مەرسیلیا" چاوی بە دنیا هەڵهێنابوو، کاتێك مێژووناس ونووسەر (ژان ژاك ئامپێر)، لە یەکێك لە لێکچەرە گشتییەکانیدا بە ناوی "مێژووی بەراوردکاریی هونەرەکان وئەدەبەکانی سەرجەم گەلان،" ئاماژەی بەوە دابوو کە دەشێت بە هۆی ئەم زانستەوە "فەلسەفەی**

---

[1] **الدكتور الطاهر أحمد مكی: الادب المقارن، اصوله وتطوره ومناهجه، الطبعة الاولی، دار المعارف، طبع بمطابع دار المعارف- القاهرة، مايو ١٩٨٧، ص ١٩٥**

[2] **حسام الخطيب: الادب المقارن، الموسوعة العربية- دمشق، ١٩٨١، www.arab-ency.com**

[3] **الدكتور الطاهر أحمد مكی: الادب المقارن، اصوله وتطوره ومناهجه، مصدر سابق، ص ٦٦**

ئەدەب وهونەرەکان"ی لێبکەوێتەوە. ئیدی بەم شێوەیە، جۆرێکی نوێ لە توێژینەوە لە فەرەنسا لەدایکبوو، ئەمەش لەو سالأنەی ڕۆمانسییەت ولیبراڵییەت وەدەرکەوتن.[١]

ڤان تییێگمیش، یەکەم کەس بوو کە ساڵی (١٩٣١ز) لە پاریس ولە چاپی یەکەمی کتێبەکەیدا بە ناوی (ئەدەبی بەراوردکاری)، (پێناسە)ی ئەم ئەدەبەی کردبوو. هەڵبەت، ئاماژەی بەوەش دابوو کە: "ئەدەبی بەراوردکاری، ئەو زانستەیە کە بە شێوەیەکی تایبەتی کاریگەری ئەدەبە جیاوازەکان لە پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکانیاندا، شەن وکەو دەکات." کەواتە، مەبەست لە بەراوردکاری، ئەوە نییە لێکچووەکان لە کتێب وبەڵگەنامە وگۆڤار ولاپەڕەکانی ئەدەبە جیاوازەکان کۆبکەینەوە، تا شێوەی لێکچوون ولێکنەچوون بزانین، بە مەبەستی مەعریفە یاخود ئارەزووی گەیشتن بە بڕیارێکی باش، یان وەکی وەڵامدانەوەیەك بۆ ئامانجێکی هونەری. چونکە، ئەو بەراوردکارییە، هەرچەندە قورس وبەسوودە، هێمایە بۆ گەشەسەندن وپەرەپێدانی ئارەزوو، بیرتیژیی بیرە، بەلأم هیچ بەهایەکی مێژوویی نییە ومێژووی ئەدەبیش هەنگاوێك ناباتە پێش. بەڵکو، بەراوردکاریی ڕاست، مانایەکی زانستیی پوختی هەیە، بەوەی پێویستە دووربێ لە هەر هێمایەکی هونەری. وەك هەر زانستێکی مێژوویی، هەوڵی گرتنەخۆی زۆرترین بەڵگەنامەی جیاوازی ڕەسەن بدات، لەبۆ تێگەیشتن وخستەڕووی هەر یەکێك لەو بەڵگەنامانە بە باشترین ڕێگا وشێوە. ئەمەش وادەکات، مەعریفە بناغەیەکی بەرفراوانتری پێبدرێ. هەموو ئەمانەش، بوارمان بۆ دەڕەخسێنێ بەش بە بەش شیکاریی وڕاڤەی بۆ بکەین، گەر ڕاڤەی بەشەکیش بێ.[٢]

شایانی باسە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، بێجگەلە فەرەنسا، لە چەند وڵاتێکی ئەوروپیش بە شێوەیەکی ڕێژەیی، گەشەسەندنی ئەم ئەدەبە تۆمارکرا. ئەمەش، هاوکات بوو لەگەڵ زیادبوونی هەوەسی بەجیهانیکردنی مەعریفە وزیادبوونی هێزی پەیوەندییەکان وگواستنەوە لە جیهاندا. لە بەریتانیا، یەکەمین کتێب لە سالأنی (١٨٣٧– ١٨٣٩ز) دەربارەی ئەم ئەدەبە لەلایەن مێژوونووس (هێنری هالام)ەوە دەرچوو. بەلأم بە کردار، ساڵی (١٨٤٨ز)، کاتێك ڕەخنەگری ئەدەبیی (ماتیۆ ئارنۆڵد) دەستەواژە بەکارهێنراوەکەی (ئامپێر) کە (مێژووی بەراوردکار) بوو وەریگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی، ئیدی بەم کارەی بووە یەکەمین کەس لە بەریتانیا کە ئەم چەمکە بەکاربهێنێ.[٣] لە ئەڵمانیاش، ئەم ئەدەبە تا هەشتاکانی سەدەی نۆزدە دەرنەکەوتبوو. وەلێ، هەریەك لە (ك. د. مۆرهۆف، شمیدت، م. کارییە)، بە دامەزرێنەرانی ئەم ئەدەبە

[١] دانییل – هنري باجو: الأدب العام والمقارن، ت: د. غسان السيد، مصدر سابق، ص ٥

[٢] الدكتور الطاهر أحمد مكي: الادب المقارن، اصوله وتطوره ومناهجه، مصدر سابق، ص ١٩٤

[٣] رينيه ويليك، اوستن وارين: نظرية الادب، ت: محي الدين صبحي، د. حسام الخطيب، مصدر سابق، ص ٥٧

دادەنرێن. وێڕای ئەوەی، ئەم ئەدەبە نەچوبووە بواری لێکۆڵینەوەوە تا ساڵی (١٨٨٧ز)، کاتێك مامۆستا وڕەخنەگری ئەدەبیی (ماکس کوخ) توانی گۆڤاری (ئەدەبی بەراوردکاری) دەربکات. لە ئیتالیاش، دەرکەوتنی ئەم ئەدەبە کێشەی زۆری بۆ دروستببوو، ئەوەش بەهۆی کاریگەریی ناسیۆنالیزمەوە. هەرچەندە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش، لە دەرکەوتنی ئەم ئەدەبەدا دواکەوتبوو، بەڵام تا ماوەیەکی زۆریش لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی بەراوردکاری، تێکەڵ ببوو بە "ئەدەبی گشتی، ئەدەبی جیهانی، ئەدەبی نایاب، هیومانیزم." [١]

**قوتابخانە سەرەکییەکانی ئەدەبی بەراوردکاریی:-**

دیارە ئەدەبی بەراوردکاریی، بەشێکی نوێیە لە ئەدەب، وێڕای ئەوەی ناوەندگیرێکە لە نێوان گەلاندا، بەوەی کۆمەڵێك بەراوردکار (قوتابخانەی فەرەنسی بەنموونە)، هەوڵی ئەوە دەدەن کە ڕەنگدانەوە وگرنگیی وکاریگەریی ئەدەب وڕۆشنبیری نەتەوەکەیان لەسەر ئەدەبیاتی نەتەوەکانیتر لە ڕێگەی کۆمەڵێك بەڵگەنامەوە بخەنە ڕوو. سەرهەڵدانی ئەم ئەدەبە، بە شێوەیەکی زانستی وپراکتیکی، بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە. ئەدەبی بەراوردکاری، بە گشتی، پەیوەندی وبیچمی لێکچووی نێوان ئەدەبی نەتەوەکان شیدەکاتەوە ولێیان دەکۆڵێتەوە، لەوێشەوە بەدوای کاریگەریی تێکستە ئەدەبییەکانی نەتەوەیەکی دیاریکراو بەسەر ئەدەبی نەتەوەکانی دیدا دەگەڕێت. جا ئەمە، پەیوەندی بە کارتێکردن وکاریگەرییەوە هەبێ، یان بە کارلێکی سروشتیی نێوان ئەدەبی نەتەوەکان. ئەم چەشنە ئەدەبە، لە ئەوروپادا سەریهەڵدا، بە شێوەیەکی بەرچاوتر لە فەرەنسا برەوی پێدرا وگەشەی کرد. بەڵام، دواتر لە ئەمریکا وسۆڤیەتی جاران و وڵاتانی دیکەش، برەوی پەیداکرد. بەم پێیە، سێ قوتابخانەی سەرەکی ئەدەبی بەراوردکاری هەن کە بریتین لە:

١- قوتابخانەی فەرەنسی

٢- قوتابخانەی ئەمریکی

٣- قوتابخانەی ڕووسی [٢]

[١] حسام الخطیب: الادب المقارن، الموسوعة العربیة- دمشق، ١٩٨١، www.arab-ency.com

[٢] ئەدەبی بەراوردکاری: وتار، ویکیپیدیا ئینسایکلۆپیدیای ئازاد، ٢٠١٥، ckb.wikipedia.org

**١- قوتابخانەی فەرەنسی:**

**لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، بەکارهێنانی وشەی "بەراوردکاری" لە بوارە جیاجیاکانی زانستدا زیادیکرد، وەك بوارگەلی پزیشکیی، مێژوو، فەلسەفە، خۆشەویستی، ئیستاتیکا وجوانی، ئەفسانەکان. بەلأم، هەموو ئەم گەشەسەندنانە، بەتایبەت لە بواری زانستی زماندا بوون. هەر لەو ماوەیەشدا، دەستەواژەی "ئەدەبی بەراوردکاری" وردە وردە دەبیسترا. دواتر، کەسانێك باسیان لە کارتێکردن وکاریگەرێتی دەکرد، بێئەوەی لە مانا تەواوەتییەکەی بگەن، یان بزانن یاسا ورد وئاشکراکانی ئەم دەستەواژەیە چییە.** [١]

**ئەم قوتابخانەیە، پەیوەستە بە ڕوانگەی مێژوویی ئەدەبەوە، بەوەی لێکۆڵەرانی ئەدەبی، کارە ئەدەبییەکان لە شێوەی شاکاری ڕێکخراو بە ڕێکخستنێکی مێژوویی دەبینن، وپراکتیزەی وتەزا وفەلسەفە ومیتۆدی مێژوویی لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانیاندا دەکەن. ئەم وتەزایانەش، بە وتەی (ڕێژەیی شوێنیی وکاتیی) دەستپێدەکات. واتە، هەموو سات وشوێنێك، نەریت وپێوەر وچێژ وسیستمگەلی سیاسی وئابووری وکۆمەلأیەتی خۆی هەیە، کە کۆنترۆڵی ئەو سات وشوێنە دەکات. هەڵبەت، ئەم نەریت وچێژ وپێوەرەش، بە تێپەڕینی کات وجیاوازی شوێن دەگۆڕدرێن. لەبەرئەوە، پێویستە توێژینەوەی کارە ئەدەبییەکە بۆ کات وشوێن وسەردەمەکەی خۆی بگێڕینەوە، وهەرگیز ناکرێ لە ڕوانگەی ئەم سەردەمەی ئێستاوە ڕاڤە وحوکمی بەسەردا بدەین، بەڵکو دەبێ لە ڕوانگەی هاوسەردەمانی خۆیەوەبێ. ئەمە بێجگەلەوەی، کۆمەڵێك وتەزای مێژوویی تریش هەیە، کە پەیڕەوانی قوتابخانەی فەرەنسی پراکتیزەی دەکەن، وەکو: هۆکارگەرایی، گەشەسەندن وپەرەسەندنی دیاردە ئەدەبییەکان ودڵنیاگەرایی کە تایبەتە بە کاری ئەدەبیی لە دڵنیابوونیدا. وەلێ، سەرانی ئەم قوتابخانەیە: "پاوڵ ڤان تیێگم، فرانسوا گۆیار، ژان ژاك ئامپێر، ڕێنێ ئیتامبل"ن.** [٢]

**بنچینەی ئەدەبی بەراوردکاری لە قوتابخانەی فەرەنسیدا، کردارگەلی "کارتێکردن وکاریگەرێتی" وپەیوەندییە مێژووییەکانە لە نێوان ئەدەب وئەدیباندا. بەمەش، دابڕان لە نێوان لایەنی مێژوویی ولایەنی جوانیی وچێژی دەقی ئەدەبیدا دروستدەبێ، یاخود لە نێوان مێژووی ئەدەب ورەخنەگەرایی دروستدەبێ. هەڵبەت، لە قوتابخانەی فەرەنسیدا، لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی کارێکی پەتی بووە کە بواری بۆ ڕەخنەگرتن وئیستاتیکا نەهێشتووەتەوە، یان باشتر وایە بڵێین وێژەییبوونی ئەدەبی فەرامۆشکردووە،** [٣] **ئەمەش کرۆکی کەموکوڕییەکەیەتی. لەبەرئەوەی، کەسی کارکردە لەو بوارەدا، ناتوانێ تەنها لە کێڵگەی بەڵگەنامە ومێژووی ئەدەبدا کاربکات، بێئەوەی هەست بە جوانی وچێژی ئەدەبیی نەکات وپەنجەی لەگەڵدا نەرم نەکات. لە**

---

[١] الدكتور الطاهر أحمد مكي: الادب المقارن، اصوله وتطوره ومناهجه، مصدر سابق، ص ٦٥

[٢] د. أحمد دياب: الادب المقارن بين المدرسة الفرنسية والمدرسة الامريكية- تركيا، (بحث جامعي)

[٣] أ/ صايحة بردي، ج/ الشلف: مقاربة التأثير الادبي في الدراسات المقارنة، بحث في المصطلح والمنهج، revue.ummto.dz، (بحث جامعي)

ڕاستیدا، چەمکی "کارتێکردن وکاریگەرێتی" وێنای دەمارگیری وڕاسیزمی فەرەنسی دەکرد، کە لە ئەدەبیاتیاندا ڕەنگی دابووەوە، بەوەی گوایە ئەدەبی فەرەنسی کاریگەریی زۆری لەسەر ئەو ئەدەبانە هەبووە کە لەگەڵ خۆیاندا بەراوردیان کردووە. لێرەوە، هەوەس وئارەزوویەکی ئەورووپی سەریهەڵدا، بەوەی ئەورووپا لانك وسەرچاوەی هەموو بیرۆکە وهزر وئەدەبێکە، کە کاریگەریی لەسەر وڵاتان ونەتەوەکانیتر هەیە. لە لایەکیترەوە، بەراوردکارانی قوتابخانەی فەرەنسی، خۆیان بە دوو فەرمانی سەرەکیشەوە پابەست کردبوو:

یەکەم/ پێویستە پەیوەندی مێژوویی لە نێوان ئەدەبی کارتێکراو وئەدەبی کارتێکەردا هەبێ. مانای، دەبێ دوو ئەدیب یان دوو نووسەر یاخود دوو کاری ئەدەبیی، لە ڕووی مێژووییەوە پەیوەندییان بەیەکەوە هەبێ یان کاریان لە یەکتر کردبێ ئینجا دەچێتە خانەی بەراوردکارییەوە. ئەمەش، لە ڕێگەی گەشتکردن یان بەستنی کۆڕی ئەدەبی یان چاوپێکەوتن وسەردانی دوو ئەدیب بۆلای یەکتر لە دوو نەتەوەی جیا یاخود وەرگێڕانی کارێکی ئەدەبیی کە کاریگەرییەکی زۆری هەبێ بۆسەر ئەویدی وچەشنیتر.

دووەم/ پێویستە جیاوازی زمان هەبێ. واتە، تا ئەو شوێنەی هەمان زمان کار بکات وهەمان زمانی ئەدەبیی لە برەودابێ، یان تا ئەو کاتەی سنووری جوگرافی دەوڵەتێك کۆتایی دێت، ئینجا سنووری زمان وئەدەب وجوگرافیایەکیتر دەستپێدەکات، وەك سنووری فەرەنسا وئینگلتەرا یان فەرەنسا وئیسپانیا ...هتد. ئەم گرنگیدانەش بە زمان لە قوتابخانەی فەرەنسیدا، بۆ یەکێتی نەتەوەیی فەرەنسی دەگەڕێتەوە. کەواتە، ئەم قوتابخانەیە جۆرێك لە دۆگماییبون لەخۆدەگرێ، بەوەی بەراوردکارانی فەرەنسی نەیاندەتوانی لەو ڕیتم وڕێسایەی دانرابوو، دەربچن. هەربۆیە، بە میتۆد یان بە ئاڕاستەیەکی نەزۆك لەقەڵەم دەدرا. [١]

هەرچی بواری توێژینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری کوردییە، بە شێوەیەکی گشتی وزیاتر لە چوارچێوەی قوتابخانەی فەڕەنسیدا توێژنەوەی لەبارەوە کراوە، ئەمەش پەیوەستە بە کۆمەڵێك هۆکارەوە. یەکێك لەو هۆکارانە، ئەوەیە کە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی، لە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی وئیسلامیدا بووە، بەتایبەت ئەدەبیاتی فارسی. ئەوەش، بە هۆکاری هاوسێیەتی وخوێندنی ئەدەبیاتی فارسی لە حوجرەکان، وایکردووە لێکچوونەکان ببنە کەرەستەی توێژینەوەی بەراوردکاری ئەدەبیی. بۆ ئەم مەبەستەش، زیاتر قوتابخانەی فەڕەنسی بەو تایبەتمەندییانەی هەیەتی وەك سەلماندنی بەڵگەی پێویست بۆ هەبوونی پەیوەندی ولێکچوونەکان گونجاوترە. واتە، هەلومەرجی قۆناغی کلاسیکی وئەو تایبەتمەندییەی هەیەتی، وایکردووە کە ئەدەبی کوردی زیاتر قوتابخانەی فەڕەنسی پەیڕەو بکات یان بەسەریدا بچەسپێ. هەروەها، لە قۆناغی نوێبوونەوەی ئەدەبیاتی کوردی بە کاریگەری ئەدەبی تورکی، وای لە توێژەرانی ئەدەبی

---

[١] د. أحمد دياب: الادب المقارن بين المدرسة الفرنسية والمدرسة الامريكية– تركيا، (بحث جامعي)

بەراوردکاری کوردی کردبوو، بۆ دەرخستنی ئەو پەیوەندییانە وپیشاندانی کاریگەری ئەدەبی تورکی، زیاتر خۆیان بە قوتابخانەی فەرەنسییەوە خەریك بکەن.[1]

واتە، قوتابخانەی فەرەنسی، کار لەسەر ئەدەبیاتی نەتەوەیەك (فەرەنسی بە نموونە) دەکات، کە رەنگدانەوە ولێکچوونێك لە نێوان کارە ئەدەبییەکانی ئەم وڵاتە و وڵاتێکیتردا هەبێ، یان ئەدەبیاتی وڵاتێك کاریگەربێ بە کاریگەریی ئەدەبیاتی وڵاتێکیتر لە رووی مێژووییەوە، هەروەك مێژووی کاریگەربوونی ئەدەبیاتی کوردی بە کاریگەریی ئەدەبیاتی تورکی وفارسی وعەرەبی وبەپێچەوانەشەوە. کارگەلی ئەدەبیی شاعیران وئەدیبانی کوردیش، باشترین بەڵگەی بەرجەستەبووی ئەم قوتابخانەیەن. بەڵام، کەسێکی وەك نالی هەرگیز بە ئەدەبیاتی دانتێ وئیتالیا کاریگەر نەبووە، بۆیە ئەم قوتابخانەیەی بەسەردا پراکتیزە نابێ.

٢- قوتابخانەی ئەمریکی:

لەوانەیە، (رێنێ ئیتامبل)ی مامۆستای زانکۆی سۆربۆن، یەکەم کەس بووبێ کە شۆڕشی بەسەر یاسا رەق وپۆلاییینەکان وسنوورە بەرتەسکەکانی قوتابخانەی فەرەنسیدا بەرپاکردبێ. ئەوەش، لە کتێبە نایاب وسەرنجڕاکێشەکەی بە ناوی (ئەدەبی بەراوردکاری: یان بەراوردکاری بەبێ پەیوەندی)، کە ساڵی (١٩٦٣ز) بڵاویکردبوەوە. لە راستیدا، ئەم کتێبە وەك لێکۆڵینەوەیەك، سەرەتایەك بوو بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی بەرۆکی بەها بەراوردکارییەکانی گرتەوە، کە فەرەنسییەکان پێشتر وتا ئەو کاتەش بڵاویانکردبوەوە.[2] دیارە، لەم قوتابخانەیەدا، مەجەکانی کارتێکردن وکاریگەرێتی یان بارودۆخ وژینگەی کۆمەڵایەتی، وەك بەڵگەهێنانەوە لە هەموو دەقێکدا دەرناکەوێت. بەپێی قوتابخانەی ئەمریکی، ئەو لێکچوونانەی ناکەونە ژێر باری کاریگەریی ئەدەبیی وبارودۆخی هاوشێوە، دەتوانرێ لە روانگە وگۆشەنیگا وتێگەیشتنی ئیستاتیکایانەی نووسەرانەوە لێیبکۆڵرێتەوە.[3]

رێنێ ویلیك، یەکێك لە لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیەیە، وایدەبینێ کە پێویستە ئەدەبی بەراوردکاری لە روانگەیەکی جیهانییەوە لێیبکۆڵرێتەوە، ئەمەش بەهۆی هەستکردن بە یەکبوونی تاقیکردنەوە ئەدەبییەکان وکردارە داهێنەرەکان. واتە، ناوبراو وایدەبینی کە ئەدەبی بەراوردکاری، لێکۆڵینەوەیەکی

---

[1] هەڵمەت بایز رەسولْ: بەراوردێکی رەخنەیی لە نێوان رۆمانی (کچەی پرتەقاڵ)ی یۆستاین گاردەر وچیرۆکی (میم)ی شێرزاد حەسەندا، زانکۆی سۆران، فاکەڵتی ئاداب، بەشی کوردی، ٢٠١٦، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، (توێژینەوەی زانکۆیی)، ل ١٤

[2] الدکتور الطاهر أحمد مکی: الادب المقارن، اصوله وتطوره ومناهجه، مصدر سابق، ص ٧٨

[3] هەڵمەت بایز رەسولْ: بەراوردێکی رەخنەیی لە نێوان رۆمانی (کچەی پرتەقاڵ)ی یۆستاین گاردەر وچیرۆکی (میم)ی شێرزاد حەسەندا، زانکۆی سۆران، فاکەڵتی ئاداب، بەشی کوردی، ٢٠١٦، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، (توێژینەوەی زانکۆیی)، ل ١٥

ئەدەبیی سەربەخۆیە لە سنووری زمانەوانییە ڕەگەزپەرستە سیاسییەکاندا. ئەمەش، کەموکوڕی قوتابخانەی فەرەنسی بوو، کە ئەدەبی بەراوردکاری لە میتۆدی کارتێکردن وکاریگەرێتی وە مێژووییدا کورتدەکردەوە. بێجگەلەوەی، وایدەبینی کە تەواوی ئەدەبیاتی جیهان هەڵقولاوی ئەدەبیاتی ئەوروپییە، واتە فەرامۆشکردنی ئەدەبیاتی ئاسیا وئەفریقیا وئەمریکای لاتینی.[١] لەکاتێکدا، قوتابخانەی ئەمریکی وەك کاردانەوەیەکی نوێ وڕەخنەگرانە لە بەرانبەر قوتابخانەی فەرەنسی، ڕوانگەیەکی فراوانتری هەیە، کەمیتۆدی مێژوویی ومیتۆدی ڕەخنەیی پێکەوە گرێدەدات، بەوەی دوو کارەکتەری پێویستن لە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریدا، ومەرجی نەتەوە وزمانی میللی بە بنچینە وەرنەدەگرت، بەڵکو ناوەڕۆك وئیستاتیکا وجوانیی دەقی بەهەند وەردەگرت. کەواتە، ئەوەی نوێکاری بوو لە قوتابخانەی ئەمریکیدا، بەراوردکاریی لە نێوان دوو ئەدەبدا نەبوو، بەڵکو بەراوردکاری لە نێوان ئەدەب وهونەرەکانیتردا بوو، یاخود بەیەکگەیشتنی ئەدەب وهیومانیزم بوو. هەڵبەت، چ ئەدەب چ هونەرەکانیتر، داهێنانی مرۆڤن، لەبەرئەوەی چییەتی مرۆڤ پێکهاتووە لە هەست وسۆز وئەندێشە وبیرۆکە وئەدەب و...هتد. سەرانی ئەم قوتابخانەیەش: "ڕێنێ ویلیك، هێنری ڕیماك"بوون.[٢]

دیارە، توێژینەوەی بەراوردکاری، نابێت خۆی تەنها وابەستەی قوتابخانەی فەڕەنسی بکات. چونکە، ئەدەبیاتی هاوچەرخ، وێڕای ئاڵۆزی وەك پێکهاتەی بونیادی دەق، تێکەڵاوییەکیش لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانیدا هەیە، کە پێویستی بە قوتابخانەیتری بەراوردکاری هەیە، چونکە ئەگەر کاریگەری ئەدەبی، وەك پیشاندانی دەقی ڕەسەن دەربکەوێت، یان تەنها پێوەری خاڵە لێکچوو وجیاوازەکان بۆ توێژنەوەی بەراوردکاری وەربگرین، ئەوا لە ئێستادا پێویستە قوتابخانەی ئەمریکی وەك قوتابخانەیەکی ڕەخنەیی ڕەچاوبکرێت، کە پێی وایە کاری بەراورد لەسەر بنەمای ئیستاتیکی وتێروانینی ئەدیبان ئەنجام بدرێت، بۆیە بەهای دەق و وەلانانی ڕەسەنایەتی دەق ئەو بەهایەی نامێنێ، بەراوردی ڕەخنەییش وەك نوێبوونەوە لە ناوەرۆکی دەقی ئەدەبی بەپێی کارە بەراوردەکە دەردەکەوێت، ئەمەش بایەخێکی باشتر بۆ کاری توێژینەوە ونرخاندنی ئەدەبیاتی کوردی دەستەبەر دەکات.

کەواتە، پرسی مانەوە لەسەر قوتابخانەی فەڕەنسی، وەك تاکە ڕێبازێکی ئەدەبی بۆ ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی، دەبێتە قەیرانی توێژینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری. هەربۆیە، تایبەتمەندی ئەدەبیاتی ئێستا، بەهۆی بەرفراوانی وجۆراوجۆری وهەمەچەشنییەوە، ناتوانرێت وەك سەرچاوە بۆ ئەدەبێکی دیاریکراو بگێڕدرێتەوە، چونکە ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی پانتایی وسنوری بەرفراوانی هەیە، ڕێچکە

---

[١] حسام الخطيب: الادب المقارن، الموسوعة العربية– دمشق، ١٩٨١، www.arab-ency.com

[٢] د. أحمد دياب: الادب المقارن بين المدرسة الفرنسية والمدرسة الامريكية– تركيا، (بحث جامعي)

وریابازێکی تایبەتی لە ئەدەبیات پەیڕەو نەکراوە، ناشتوانین بەو ئاسانییە سەرچاوەکانی دەق، وەك کاریگەری دەستنیشان بکەین.[١]

### ٣- قوتابخانەی ڕووسی یان سلاڤی:

ئەدەبی ڕووسی، تا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، ڕێڕەوی خۆی بەرەو ڕۆژئاوا نەدۆزیبووەوە. واتە، تا ئەو کاتەی بۆ یەکەمینجار ناوی (تۆرگنێڤ، تۆڵستۆی، دۆستۆیڤسکی، گۆگۆل)یان بیست، ئەمەش شتێکی زۆر کتوپڕ بوو بۆ ئەوان. هەر ئەوەش نا، بەڵکو دواتر ناوی (چیخۆف، گۆرگی، بۆنین) وچەندینیتریشیان بیست. وەلێ، دەرکەوتنی ئەم ژمارە زۆرەی نووسەران وئەدیبانی ڕووس، کارێکی سەرسوڕهێنەرانە بوو. هەڵبەت، ئەدەبی ڕووسی، دوایین نێردە بوو کە گەیشتە کۆماری فیکری ئەوروپی، ئەدەبێك وەکی دیاردەیەك خۆڕسك ولەخۆڕا دروست بووبێ، بێ دایك وباوك وبێ کەس وبنەچە.[٢]

ئاڕاستەی یاخود قوتابخانەی ڕووسی یان سلاڤی، کە لە ڕووسیا ودەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژهەلأتیی سۆشیالیزم دەرکەوتن، بە یەکێك لە قوتابخانە گرنگەکانی ئەدەبی بەراوردکاری دادەنرێ. ئەم قوتابخانەیە، لەسەر بنچینەی ئایدیۆلۆژیا دامەزراوە، کە خاوەنی دیدگایەکی گشتگیرە بۆ گەردوون وکۆمەڵگا ورۆشنبیری وئەدەب، بڕواشی وایە کە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان بناغەی ماتریالی یان ژێرخانی کۆمەڵگا، لەگەڵ سەرخاندا هەیە، کە ڕۆشنبیری وئەدەب لە پێکهاتە گرنگەکانییەتی. ئەم قوتابخانەیە لە ئەدەبی بەراوردکاری، کە پشت بە فەلسەفە دەبەستێ، ئاڕاستەیەکە کە ڕیتمێکی ڕۆشنبیری هەیە جیاوازە لە چەمکەکانی هەردوو قوتابخانەی پێشوو، ئەوەش لە تێگەیشتنیاندا بۆ ئەدەبی بەراوردکاری وهەروەها لەو گۆڕەپانانەی کاریتێدا دەکات.[٣]

ئەم قوتابخانەیە، ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی ئەدەبی جیهانیدا گێڕاوە، بەتایبەت لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستدا. ئەم ئەدەبە، لە سەرەتادا لەدایکبووی ژینگەی تایبەتی ڕووسی بووە، لەبەرئەوەی لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، کاتێك خوێندکارانی ڕووسیا دەچوونە زانکۆ، هەرگیز بە پرۆگرام ومیتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژووی ئەدەبیی، لەناو فەرهەنگی زانیاریدا، دڵشاد نەبوون. چونکە، زۆر بە کەمی گرنگی بە

[١] هەڵمەت بایز ڕەسولێ: بەراوردێکی ڕەخنەیی لە نێوان ڕۆمانی (کچەی پرتەقاڵ)ی یۆستاین گاردەر وچیرۆکی (میم)ی شێرزاد حەسەندا، زانکۆی سۆران، فاکەڵتی ئاداب، بەشی کوردی، ٢٠١٦، گۆڤاری زانکۆی زانکۆی گەرمیان، (توێژینەوەی زانکۆیی)، ل ١٥

[٢] الدكتور الطاهر أحمد مكي: الادب المقارن، اصوله وتطوره ومناهجه، مصدر سابق، ص ١٤٧

[٣] الادب المقارن: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، اغسطس ٢٠١٥، ar.wikipedia.org

**لایەنی ئیستاتیکا وبەهاکانی جوانی ورەخنەگرتن دەدا. هەربۆیە، هاوینی (١٩١٤ز)، کۆمەڵێك خوێندکاری خوێندنی باڵای زانکۆی مۆسکۆ، هەستان بە دامەزراندنی "ئەڵقەی مۆسکۆی زمانەوانی،" کە مەبەستیان گەشەپێدانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی وشیعری بوو. هەروەها، لە ساڵی (١٩١٦ز)دا، کۆمەڵێك زمانەوان وتوێژەرانی ئەدەب لە شاری (سان پوترسبۆرگ- لینینگراد)، هەستان بە دامەزراندنی "کۆمەڵەی لێکۆڵەرانی شیعر- opoyaz." پاشان، لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی بیستدا، جۆرە نزیکبوونەوەیەك لە نێوان ئەم دوو گرووپەدا ڕوویدا. لە ڕاستیدا، ئەندامانی ئەم دوو گرووپە سەرجەم لاو بوون، کە دواجار بوونە ڕابەرانی فیکری ڕەخنەگەرایی.[١] کەواتە، ئەم قوتابخانەیە جیاواز لە هەردوو قوتابخانەکەیتر، لەپاڵ گرنگیدان بە لایەنی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت ورەخنەگرتن لە جیهانی سەرمایەداری وبۆرژوا وجۆماڵکردنی سۆسیالیزم ومارکسیزم وبەراوردکاریی ئەدەبیاتی گەلان، گرنگیشی بە لایەنی هونەریی وستاتیکا وجوانی دەق دەدا.**

**پێش ئەوەی بچمە سەر تەوەری دووەم، دەمەوێت لە ڕاڤەی ئەدەبی بەراوردکاری وقوتابخانە سەرەکییەکانییەوە، باسی لێکچوونەکانی نالی ودانتیٚ بکەم. بەڵام، ئەوەی مەبەستمە بیڵێم، لێکچوون وبەراوردکاری لە ڕووی شاکاری ئەدەبییەوە نییە، "کارتێکردن وکاریگەرێتی"نییە، هەرگیز پێکەوەگرێدانی میتۆدی مێژوویی ورەخنەیی نییە، بەراوردکاری مارکسیزم وبۆرژوا وسەرمایەداریی نییە. بەڵکو، جۆرێك لە بەراوردکارییە لە ڕووی سەردەم وهونەری داڕشتن وژیان وهەڵسوکەوت وئەویینداری وتێڕوانین لە جوانی دەق. هەرچەندە، لە ڕووی ناوەڕۆکی ئەدەبیی وجوانی دەق ومیتۆدی مێژوویی ومیتۆدی ڕەخنەییەوە، دەشێت تا ڕادەیەك قوتابخانەی ئەمریکییان بەسەردا پراکتیزە ببیٚ، بەڵام مەحاڵە قوتابخانەی فەرەنسییان بەسەردا پراکتیزە ببیٚ، لەبەرئەوەی هەرگیز نالی لە سەدەی نۆزدەدا بە کارە ئەدەبییەکانی دانتیٚ وئەدەبیاتی ئیتالی سەدەی سیازدە کاریگەر نەبووە، هەروەك چۆن بە ئەدەبیاتی تورکی وفارسی وعەرەبی کاریگەر بووە.**

**کەواتە، نالی ودانتیٚ لە ڕوانگە وبە پێوەری ئەدەبی بەراوردکاری، کارتێکەر وکاریگەر بەیەکتر نەبوون، هەرگیز دەقی ئەدەبیی یەکتر وناوەڕۆکی شیعریی وڕێسا وسیستمی داڕشتن ومەعریفی وقوتابخانەی ئەدەبیی یەکتریان بەکارنەهێناوە. بەڵام، دەشێت ئەدەبی بەراوردکاری، بەتایبەت قوتابخانەی فەرەنسی، بەسەر دانتیٚ وئەبو عەلائی معەریدا پراکتیزە بکریٚ، بەوەی باس لە خوازەی میتۆد ونزیکیی ناوەڕۆکی شاکاری ئەدەبییان دەکریٚ. چونکە، وەك ئاماژەمان پێدا، نێوان نالی ودانتیٚ نزیکەی شەش سەدە ماوە هەیە، هەرچەندە نێوانی دانتیٚ ومعەڕیش نزیکەی دوو سەدە هەیە. بەڵام ئەو لێکچوون وبەراوردکارییەی ئاماژەی پێدەدەم، لە ڕووی میتۆدی کار وئەپستیم (لێرەدا بە مانا فۆکۆییەکە بەکاری ناهێنم، بەڵکو بەمانای لێکنزیکیی وبەراوردکاریی لە چۆنیەتی بیرکردنەوە وهەوڵی سەردەمییانەیان وئەپستمۆلۆژیای ئەم دوو کەسە دێت) وچۆنیەتی ژیان وگوزەران وبابەتی ئەویندارییانەوەیە کە چوونیەك وتەواوکەری یەکترن. لێکۆڵینەوەیەکی تەواو بەراوردکارییە لە نێوان دوو شاعیری ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوادا.**

---

**[١] الدکتور الطاهر أحمد مکی: الادب المقارن، اصوله وتطوره ومناهجه، مصدر سابق، ص ٢٥١**

## تەوەری دووەم/

**ژياننامەی شاعيران:-**

## نالی

**نالی نييەتی سيحری بەيان، حيكمەتی شيعره**

**ئەمما نيەتی قووەتی دڵ، قودرەتی ئينشا**

**شاعيری گەورەی گەلی كورد، نالی،[1] ناوی ڕاستەقينەی "خدر كوڕی ئەحمەدی شاوەيسی ئالی بەگی مكايەڵييە."[2] مكايەڵ، يەكێكە لە تيرەكانی جاف.[3] لە شيعرەكانيدا، نازناوی (نالی) وەرگرتووە. ديارە، كێشەيەكی زۆر لەبارەی نازناوی (نالی)يەوە لە ئارادايە. ئاخۆ، بە لامی سووكە، وەك زۆربەی ئەوانەی بە ئەدەبی كوردەوە خەريكن، وای ئەخوێننەوە. ياخود، بە لامی قەڵەوە، وەك هەندێ كەس سوورن لەسەری.[4] وەلێ، لە فەرهەنگی بورهانی قانيعدا، وشەی نالی، ماناگەلی "شمشاڵ، قەڵەمی نووسين، خەيزەران، قاميشی شەكر، جۆگەی بچكۆلە وگەورە، ناوی باڵندەيەكی بچووكی خۆشئاواز" دەگەيەنێت. بەلاّم، لە فەرهەنگی كورديدا، مانايەكی بۆنەدۆزراوەتەوە.[5]**

**دڵ سياسەنگ نەبێ، مائيلی خاكی وەتەنە**

**خاڵی لەعلی حەبەشە، ساكينی بوردی يەمەنە**

---

[1] ديوانی نالی: مەلا عبدالكريمی مدرس وفاتح عبدالكريم، پێداچوونەوە- محمدی مەلا كريم، لە چاپكراوەكانی كۆڕی زانياری كورد- بەغدا، ١٩٧٦، ل ٢٣

[2] آرام جلال: الغرور عند نالي والمتنبي، دراسة مقارنة، سلسلة كتاب (مجلة كۆچ)، الرقم (١٣)- سليمانية، ٢٠١٢، ص ٢٤

[3] ژيانی نالی شاعير: وتە وژيانی ناوداران، يانەی گوڵی سوور، ٦/ ١/ ٢٠١٢، www.gulyswr.net

[4] محمدی مەلا كريم: نالی لە كلاّوڕۆژنەی شيعرەكانيەوە، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی كوردی، چاپخانەی ئەكاديميای عێراق- بەغدا، ١٩٧٩، ل ١٣

[5] نالی: ماڵپەڕی يانەی خەليفان، ٣/ ٥/ ٢٠١٢، www.khalefan.com

**ناوبراو، له گوندی (خاك وخۆڵ)ی دەشتی شارەزوور، نزیك له گردۆڵكه كەلەپوورییەكانی (قەرەگۆل وياسين تەپە)ی لای كەنار ئاوی تانجەرۆوه لەدايك بووه. كاتێكیش كۆچی دوايی كردووه، دووره ولآت بووه وله ڕۆژئاوای ئەستەنبوولّ له گۆڕستانی (ئەبی ئەيوبی ئەنساری– ابي ايوب الانصاري) نێژراوه.** [1] **هەرچەنده، (محەمەد تاهير بەگی بورسەلی) له كتێبی (عوسمانلی موئەليفلەری– عثمانلی مؤلفلری)دا، ئاماژەی بەوه كردبوو كه تەرمی نالی شاعير له ئەستەنبولّ له گۆڕستانی (قاراجا ئەحمەد)** [2] **ياخود (قەرج ئەحمەد)،** [3] **بەخاك سپێردراوه. وەلێ، (ئەمين فەيزی– امين فيضي) له ئەنجوومەنی ئەديبانەكەيدا نووسيبووی تەرمی نالی له (ئۆسكۆدار) بەخاك سپێردراوه.** [4]

**دڵی نالی كه ئەنيسی قەرەداغه ئێستەیش**

**داغی سەرچاوه ودێوانەيی دار ودەوەنه**

**له ڕوونكردنەوەيەكی كەسوكاری نالی شاعيردا، مافپەروەر (بەختيار جاف) وەك يەكێك له بنەماڵەی نالی، جەختی لەسەر ئەوه كردبوەوه كه ((نالی، كوڕی ئەحمەدی شاسواری كوڕی ڕۆستەمی كوڕی حەمە عەلی وەيسييه، نەك كوڕی ئەحمەدی شاوەيس.)) ئەمەش، به پشتبەستن به چوار بەڵگه، كه ناوبراو ڕوونيكردبوەوه. بەڵگەی يەكەم: له سەردەمانی ڕابردوودا، كوردستان و ولآتانی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست، خەڵكەكەی له هەژاری ونەداريدا ژيانيان گوزەراندووه. به هيچ لۆژيكێك قبوولّ نييه، كوڕه شوانێك يان كوڕه جوتيارێك ژيانی بۆ بڕەخسێت، وبەبێ دەستگيرۆيی وپشت وپەنايەكی ماددی، توانيبێتی شار به شار بەدوای زانست وزانياريدا بگەڕێت بۆ برەودان به تواناكانی. دەوڵەت لەو سەردەمەدا، هەرگيز هاوكار نەبووه بۆ كارێكی لەو شێوەيه، ئەوانه تەنها لەلايەن خانەوادەكانيانەوه دەستگيرۆيی كراون. واته، بنەماڵەی نالی (مەلا خدر)، بنەماڵەيەكی ناودار ودەستڕۆيشتوو بوون، كه توانيويانه لەو سەردەمەدا هاوكاری نالی بكەن له پێگەياندنيدا.**

**بەڵگەی دووەم: نووسەرانی ناوخۆ وڕۆژهەلآتناسانی وەك مينۆرسكی وباسيلی نيكيتين ومێجەرسۆن و....هتد، كۆكن لەسەر ئەوەی كه ڕيش سپی وبراگەورەی عەشيرەتی ميكايەڵی، تيرەی محەمەدی ئەلی**

---

[1] **نالي شاعر الاجيال: دور الجاف في التراث الفكري والادبي والروحي، ٢٦/ ٦/ ٢٠١٣،** www.jaff.biz/A_SHOARA.HTM

[2] **م. عەلی: نالی هەر له لوتكەدايه، زنجيره كتێبی گۆڤاری كۆچ (٦)، سەنتەری ڕووناكبيری ئێلبەگی جاف، بەشی ڕووناكبيری، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٣٦**

[3] **ژيانی نالی: مەكۆی كوردان، ١٨/ ٣/ ٢٠١٢،** www.mkurdan.com

[4] **محمدی مەلا كريم: له ڕێگای ئەدەب وله پێناوی نالی دا، چاپخانەی كۆڕی زانياری كورد– بەغدا، ١٩٧٩، ل ١١**

وەیسییە کە دەکاتە بنەماڵەی شاعیری گەورە نالی. بەڵگەی سێیەم: ئالی بەگییەکان، تیرەیەکی عەشیرەتی میکایەڵین. لە ناو ئەم تیرەیەدا، بەرەباوکی ناسراو، خاوەن دیوەخان وخەڵکی نیشتمانپەروەر ورۆشنبیریان تێدا هەڵکەوتووە. (مەحمود عەزیز حەسەن)، ئەندامێکی ئەم بنەماڵەیەیە ونووسەری کتێبی (کورتەیەك لە مێژووی هۆزی جاف)ە. ناوبراو، لە کتێبەکەیدا باس لە بەرەبابەکان وشوێنی نیشتەجێبوونی تیرەی ئالی بەگی دەکات، بەڵام هیچ ئاماژەیەك بە بەرەبابێك نادات لە تیرەی ئالی بەگی، بە ناوی ئەحمەدی شاوەیسەوە کە لە گوندی خاك وخۆڵ ژیابن. تەنها، لێکچوونێك هەیە لە نێوان ئەحمەدی شاسوار وئەحمەدی شاوەیس. بەڵگەی چوارەم: هەموو سەرچاوە مێژووییەکان، لەلایەن نووسەرانی ناوخۆ ورۆژهەڵاتناسانی وەك مینۆرسکی وباسیلی نیکیتین ومێجەرسۆن وئەوانیترەوە، تێکڕا کۆکن لەسەر ئەوەی کە بەرەبابی ئەحمەد شاسواریش، ڕیش سپی وبراگەورەی تیرەکانی میکایەڵی (ڕەش وبۆری، شوانکارە، ئاڵی بەگی، چەتاڵی، میرەیی، کاکلی، رژدی، ئاخە سووری)ن. [1] کەواتە، گەر بەپێی ئەم زانیارییە نوێیانەبێ، ڕاستتروایە بڵێین: (مەلا خدری ئەحمەدی شاسوار) نەك (مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیس). لەبەرئەوەی، یەکێك لە بنەماڵەی نالی شاعیر، ئەو مافە بەخۆی دەدات کە ناوی (نالی) بەمجۆرە ڕاستە، نەوەك ئەوی دی.

دیارە، دەربارەی ساڵی لەدایکبوونیشی، هەریەك لە گەورە زانایانی کورد، موحەممەد ئەمین زەکی بەگ ودکتۆر مەعروف خەزنەدار ودکتۆر کەمال فوئاد، هاوڕابوون لەسەرئەوەی نالی ساڵی (١٢١٥- ١٢٧٣ك)، واتە (١٨٠٠- ١٨٥٦ز) ژیاوە. بەڵام، گەورە زانای کورد (عەلادین سەجادی)، لەو بڕوایەدا بووە کە نالی لە ساڵی (١٧٩٧- ١٨٥٥ز) ژیاوە. هەموو ئەو زانایانە، مامۆستا سەجادی نەبێ، مێژووی لەدایکبوون ومردنی نالییان وەك یەك داناوە، بەو پێیەی نالی (٥٦) ساڵ ژیاوە. تەنها، بەپێی بۆچوونەکەی سەجادی، تەمەنی (٥٨) ساڵ بووە. [2] هەرچەندە، ساڵی (٢٠٠٦ز)، لە نێوکۆی (دیداری حەزرەتی نالی) دا کە سەنتەری ڕووناکبیری ئێلبەگی جاف لە سلێمانی سازیکردبوو، (د. سدیق بۆرەکەیی) وەك بەشداربوویەکی دیدارەکە، وتارێکی بە ناوی (نالی وهۆنراوەکانی) خوێندبوەوە، تیایدا ساڵی (١٢١٢- ١٢٩٥)ی کۆچی بۆ ژیاننامەی نالی بەڕاست زانیبوو، کە دەکاتە (١٧٩٧- ١٨٧٧)ی زایینی. [3]

---

[1] سلێمانی: گۆڤاری مێژوو وکەلتوور، ژمارە (١٤٣)، چاپخانەی دلێر- سلێمانی، مانگی ئایاری ٢٠١٣، ل ٢٩- ٣٠

[2] دیوانی نالی: مەلا عبدالکریمی مدرس وفاتح عبدالکریم، پێداچوونەوە- محمدی مەلا کریم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤- ٢٥

[3] م. عەلی: نالی هەر لە لوتکەدایە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٢

زانای گەورەی کورد، مەسعود محەمەد، لەبارەی بەرواری کۆچی دوایی نالییەوە وتبووی: "ساڵمەرگی نالی لە گوماندا نەما، دوای ئەوەی مامۆستا (عەبدوڵڵا حەدداد) لە خوێندنی ئەوروپای گەڕایەوە ولە تەلەڤزیۆنێك بلاّویکردەوە کە نووسەرێکی فەرەنسی نووسیویەتی: نالی لە (١٢٩٠ك) (١٨٧٣ ز) لە ئەستەنبووڵ بەخاك سپێردراوە، ونووسەر خۆی لە دەمی ناشتنی تەرمەکەی حازر بووە." دواتر، هەر مەسعود محەمەد ئاماژەی دابوو: "من، بەپێی ئەوەی باپیرم لە ساڵی (١٢٨٩ ك) (١٨٧٢ ز)، نالی لە مەککە ومەدینە دیتووە ولەوێشی بەجێهێشتووە، وەهام بە دڵدا هات کە نالی ئەو شوێنە بەجێناهێڵێ، لەو تەمەنەی کۆتایی ژیانی. بەلاّم، دیارە بە هەر نیازێك بووبێ بەر لە مەرگی، ڕەنگە ساڵی (١٢٨٩ك) یان سەرەتای ساڵی (١٢٩٠ك) بۆ ئەستەنبوڵ چووبێ." [1] هەرچەندە، گەورە زانای کورد محەمەدی مەلا کەریم وتبووی: "حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە (باوکی جەنابی مەلای گەورەی کۆیە)، گێڕاویەتییەوە ودیارە قسەکەشی جێگای متمانەیە، کەوا لە ساڵی (١٢٨٨ ك) (١٨٧١– ١٨٧٢ ز) دا نالی لە مەککە دیوە وزۆر پیریش بووە، ڕەنگە لە هەشتا ساڵیدا بووبێ." [2]

رەوغەنی دیدەم ڕژایە سەر کیتابی خەتتی خۆم

چاو لە ئێشی ئەو سپی، نووریش بەسەر ئەودا سەقەت

جارێکیتر، مەسعود محەمەد، ئاماژەی دابوو: "بەپێی وردبوونەوە ولێکۆڵینەوەی خۆم، ئەوەی بۆم ڕوون بووەتەوە لەبارەی ساڵی مەرگی نالی، شتێکە تا بڵێی جودایە لەوەی بەسەر زارانەوەیە. وەك من دەزانم وبەڵگەی بەهێزیشم بەدەستەوەیە، نالی (١٥) ساڵ زیاتر ژیاوە، پاش ساڵی (١٨٥٥ز) کە شۆڕەتی بەستووە بە ساڵی مەرگییەوە. لە میانەی تەحقیقی ئەو ساڵەدا، گەلێك لێکدانەوەی کورت ومامناوەنجی لەبارەی ناواخن وناوەڕۆکی ژیانی نالی هەیە، پاش دەرچوونی لە سلێمانی. دەبێ بەوپەڕی کورتبێژییەوە لێی ببینەوە وهەمووشیان بەبەریانەوە هەیە بکرێن بە ماکی دیراسەی درێژەدار. پێبەپێی ئەم گەشتە کورتیلەیەی ناو پێشەکی، بەو ناوەڕۆك وناوەخنانەدا تێدەپەڕین. نالی، لە ساڵی (١٨٥٥ز) دا نەمردووە، تەمەنیشی لە کاتی

---

[1] مەسعود مەحەمەد: دەستەوردامانی نالی، چاپی یەکەم، سوید– ستۆکهۆڵم، ١٩٩٨، ل ٤– ٥

[2] محمدی مەلا کریم: لە ڕێگای ئەدەب ولە پێناوی نالی دا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢– ١٣

**مەگیدا (٥٨) ساڵ پتر بووە. ئەمەش، ئەنجامێکە لەوەوە وەردەگیرێت کە لە پاش (١٨٥٥ز) مردووە ونەك لە پێش (١٧٩٧ز)یشدا هاتبێتە دونیا." [١]**

**گەورە زانای کورد، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، لەوبڕوایەدا بوو کە هۆی یەکنەکەوتنی قسەی ئەم مامۆستا گەورانەی کورد، دەربارەی تەمەن وساڵی لەدایکبوونی نالی، ئەو بەراوردکردنەی کوردی ومەریوانی وبەدوای ئەوانیشدا مامۆستا عەلی موقبیلە، کە لە پێشەکی دیوانەکەیاندا، ساڵی (١٢١٥)ی کۆچییان لەگەڵ ساڵی (١٧٩٧)ی زایینییدا بەراورد کردووە. جا ئەگەر وابێ، ئەوا وەك کوردی ومەریوانی وموقبیل وسەجادی دەفەرموون، نالی (٥٨) ساڵ ژیاوە. بەڵام، لە جەدوەلەکەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەرمەنی سۆڤێتی (یوسف ئەبگارەلائی مەڤیچ ئۆربێلی)دا، ساڵی (١٢١٥)ی کۆچی لەگەڵ ساڵی (١٨٠٠- ١٨٠١)ی زایینی بەرابەر کراوە. بەپێی ئەمە، وەك دکتۆر مارف خەزنەدار ودکتۆر کەمال فوئاد لەسەری ڕۆیشتوون، ساڵی لەدایکبوونی نالی دەکاتە (١٨٠٠)ی زایینی، وتەمەنیشی دەبێتە (٥٦) ساڵ. [٢]**

**لەم بارەیەوە، مودەریس، ئەو ڕاستییەی درکاندبوو کە هیچ کام لەمانە باسی ئەو سەرچاوانەیان نەکردووە کە ساڵانی بوون ومردنی نالییان لێوەرگرتووە، کە ئەمەش شتێکی بنەڕەتی وزۆر گرنگە. ئەو دەڵێت، "وەك وتمان، مەسەلەی دیاریکردنی ساڵی لەدایکبوون ومردنی کەسێك، شتێك نییە بنیادەم بتوانێ بە (ئیجتیهاد) بڕیاری بدا. .... بەڵام، بەڵگەی تریش بەدەستەوە هەیە، پێمان ئەسەلمێنێ کەوا نالی نە لە ساڵی (١٨٥٥ز) وە نە لە ساڵی (١٨٥٦ز) دا مردووە ونە تەمەنیشی ٥٦ یا ٥٨ ساڵ بووە. جاخواه ئیتر لە (١٧٩٧ز)دا لەدایك بووبێ وەك عەلی موقبیل ئەڵێ، یا لە (١٨٠٠ز)دا وەك ئەوانیتر دەڵێن." [٣]**

**هەرچەندە، محەمەدی مەلا کەریم وتبووی: "تا ئێستا، کەس سەرچاوەیەکی دەستنیشان نەکردووە، تیایدا نووسرابێ نالی لە فلانە ساڵدا مردووە. کۆنترین مێژوویەکی ژیانی نالی، ئەوەیە کە (ئەمین فەیزی) لە (ئەنجومەنی ئەدیبان)ەکەیدا نووسیبووی: ((نالی چووەتە ئەستەموول، تا نیهایەتی عومری لە ئەستەمووڵ ماوەتەوە. مەدفەنی موبارەکی، ئەوەتا لە ئۆسکۆدار.)) ئەستەمووڵی ئەو سەردەمە، لە هەر شوێنێکی**

---

**[١] مەسعوود محەمەد: چەپکێك لە گوڵزاری نالی، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس- هەولێر، ٢٠١٠، ل ٢٠**

**[٢] دیوانی نالی: مەلا عبدالکریمی مدرس وفاتح عبدالکریم، پێداچوونەوە- محمدی مەلا کریم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥- ٢٦**

**[٣] دیوانی نالی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس وفاتیح عەبدولکەریم، پیاچوونەوەی: موحەممەدی مەلا کەریم، چاپی هەشتەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کردستان)- سنە، ١٣٩١(٢٠١٢)، ل ٢٩**

کوردستان باشتر دەستی داوە، بۆئەوەی کە مێژووی مردنی ناودارێکی وەك نالی تیادا ون نەکرێ. ئەمین فەیزی، لە گەڵ کەس باشتر ئەوەی لە توانادا بووە، کە ئەگەر مێژووی مەرگی نالی بنووسرایە، بیزانێ. ئەگەر بیشیزانیبیایە، ئەینووسی." [1]

**خاڵی نییە نالی، دڵەکەت ساتێ لە هیجران**

**تـا تـاری وجوودت نە پسێنێ مەلەکولموت**

سەرباری ئەوەی، زۆربەی بەڵگەنامە مێژووییەکان، ڕۆژهەڵاتناسان، مێژوونووسان، نووسەران وشاعیران ئاماژەیان بەوە داوە کە حەزرەتی نالی نزیکەی (٥٦– ٥٨) ساڵ ژیاوە، کەچی زۆرێکیتریش بڕوایان وایە کە لەو ماوەیە زیاتر ژیاوە. بە جۆرێك، کۆمەڵێك بە پشتبەستن بە داتا وزانیاریتر، بڕوایان وایە کە نالی شاعیر (٧٣) ساڵ ژیاوە.

**هەڵگرا، وەك مۆمی کافووری بە شەودا، موو بە مووم**

**دا سیاهی ڕوو بخوێنم نوقتە نوقتە، خەت بە خەت**

مێژوونووسی عەرەب، (ئەحمەد ئەلحەزراوی ئەلمەلەکی ئەلهاشمی– احمد الحضراوي الملكي الهاشمي)، لە کتێبی (نوزهەتولفیکر– نزهة الفکر) دا، کە ساڵی (١٩٩٦ز) ساغکرابووەوە ولە (دیمەشق) چاپ کرابوو، وێڕای کۆمەڵە باسێکیتری تایبەت بە ژیاننامەی نالی، وبڵاوکردنەوەی (١١٦) بەیتی حەزرەت لە دیوانەکەی خۆیدا. ناوبراو، تیشکی خستبووە سەر لایەنێکی گرنگی ژیاننامەی مەلا خدر لە سەفەری دووەمیدا بۆ حیجاز. دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد، وبە پشتبەستن بە تۆمار وزانیارییەکانی حەزراوی، دەرکەوت کە نالی لە نێوان ساڵانی (١٨٦٥– ١٨٦٨ز) دا، بۆ جاری دووەم ڕووی لە مەککە کردووە، وهەتا ساڵی (١٨٧٣ز) لەوێ ماوەتەوە. [2]

هەر لەم بارەیەوە، وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا، مەسعود محەمەد، وتبووی: "لە دیوانەکەیدا، شیعری تریش هەن بۆنی پیری لێبێت. وادەزانم، ئەو بەڵگانە بەسن بۆ هەڵوەشانەوەی عومری (٥٨) ساڵە، وساڵەکەی (١٨٥٥ز) کە لە هیچ لایەکەوە هیچ کەسێك بەڵگەیەکی بۆنەهێناونەتەوە، مەگەر ئەوە بە بەڵگە

[1] محمدی مەلا کریم: لە ڕێگای ئەدەب ولە پێناوی نالی دا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١

[2] م. عەلی: نالی هەر لە لوتکەدایە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣– ٣٥

حیساب بکەین کە هەرچی لەبارەیانەوە وتراوە لەخۆوە هەڵدەوەرێن. بەڵام، هەر ئەوانە بەڵگە نین، هی تریش ماوە. یەك لەوانە، شایەدی مرۆڤ، یەکێکی تریشیان ڕاگەیاندنی هەندێك لە هەڵبەستەکانی.

لەبارەی شایەدی مرۆڤەوە، شایەدەکە باپیرم (حاجی مەلا عەبدوڵڵا)یە، کە بەپێی بیستنم لە باوك ومامم، گێڕابوویەوە لە ساڵی (١٢٨٨ك) (١٨٧١ز) دا نالی لە مەککە دیتووە. لەم ساڵەدا، باپیرم لەگەڵ (حاجی مەلا ئەسعەد)ی باوکی چووەتە حەج. لە سەرەتاکانی ساڵی (١٢٨٩ك) (١٨٧٢ز) دا، دوای مەرگی باوکی، لە مەککە دەگەڕێتەوە بۆ کۆیە وباسی نالی دەکات، کە لە مەککە بەجێیهێشتووە بە زیندوویی. گوتبووی، نالی زۆر پیر بووە، ڕەنگە نزیکی هەشتا ساڵ بووبێ. ئەم شایەدییە، کە خۆی لە خۆیدا بەسە بۆ قەناعەت پەیداکردن، ڕێك دێ لەگەڵ هەرچی لە پێشەوە باسمانکرد. تەنانەت، لەگەڵ ئەوەش دەگونجێ، کە نالی لە دەوروبەری ساڵی (١٧٩٧ز) بەوەلەد بووبێ، چونکە لەو ساڵەوە تا (١٢٨٩ك) (١٨٧٢ز)، نزیکەی هەشتا ساڵ دەگرێتەوە، کە ئەمە عومرێکە هەموو جۆرە شکایەتێکی پیری تێدا ڕەوایە." [1]

**مووی سپی کردم بە شوشتن، ئاوی عەینی شۆرە شەت**

**شۆرە شەت، یەعنی کە تێدا خود بە خود قەل بوو بە بەت**

جارێکیتر، محەمەدی مەلا کەریم، لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بە ساڵی لەدایکبوون ومردنی نالی دابوو: "ئەو کەسانەی ساڵی لەدایکبوون ومردنی نالییان دیاریکردووە، دیارە تەمەنیشیان دیاریکردووە. بە قسەی ئەمانە بێ، نالی یا (٥٦) ساڵ، یا (٥٨) ساڵ ژیاوە. بەڵام، بۆ زانینی ڕاستی وناڕاستی ئەم تەمەنە، ئەتوانین کەڵك لە شیعری نالی خۆی وەرگرین. با بزانین، ئەو خۆی دەڵێ چی:

**بۆ مەمك نالی چ منداڵانە وەی وەی کردووە**

**گەرچی مووی وەك شیرە، بەو شیرە شکۆفەی کردووە**

نالی، لەم بەیتەدا مووی خۆی کرد بە شیر، کە ڕادەی ئەوپەڕی ڕیش سپێتییەتی. بەڵگەی تریش هەیە، کەوا نالی زۆر لە (٥٨) ساڵ پتر ژیاوە." [2] واتە، گەر بە بۆچوون ولێکدانەوەکانی محەمەدی مەلا کەریم بێ، نالی هاوشێوەی ساڵەکەی مەسعود محەمەد، نزیکەی هەشتا ساڵی تەمەن بووە. بە مانای، هەردوو

---

[1] مەسعوود محەمەد: چەپکێك لە گوڵزاری نالی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١– ٣٢

[2] محمدی مەلا کریم: نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانیەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠– ١١

ناوبراوان، بڕوایان وایە کە نالی تەمەنی لە (٥٨) ساڵ زۆر زیاتر بووە، ئەوەش بە پشتبەستن بەو بەڵگەنامانەی هێنابوویانەوە وئاماژەی پێدرابوو.

هەرچەندە، گەورە ئەدیب ونووسەری کورد، (د. ڕەئووف عوسمان نێرگسەجاڕی)، ڕەخنەی لەم بۆچوونەی کاکە حەمە گرتووە، ودەڵێ: "سەبارەت بە تەمەنی نالی، وئەو مێژووەی کە بۆی دیاریکراوە ولە زۆربەی سەرچاوەکانیشدا هاتووە، لە دەوروبەری، ساڵی (١٨٠٠– ١٨٥٦ز) دا دەسووڕێتەوە. بەڵام کاکە حەمە، لەم دواییەدا بەمە قایل نییە وهەموو ڕاکانی (سەجادی ومحەمەد ئەمین زەکی ود. مارف خەزنەدار ود. کەمال فوئاد)ی ڕەتکردۆتەوە وخستوویەتییە ژێر تیشکی گومانەوە. دوا جاریش، بە هەندێ هۆنراوەی خودی نالی، بەرپەرچی ئەمانەی داوەتەوە وگوایە وەك کاکە حەمە دەڵێت، تەمەنی لە (٥٦) یان (٥٨) ساڵ گەلێك زیاترە. [1] ماوەتەوە سەر ئەوەی، ئاماژە بە هەردوو گەورە نووسەرانی کورد (ڕەفیق ساڵح وسدیق ساڵح) بدەین، وێڕای بەڵگەنامە، بەڵام هەردووکیان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە بەرواری کۆچی دوایی نالی (١٨٥٦ز) نییە، بگرە زۆر لەوە زیاترە کە بڵاوبووەتەوە. واتە، بەرواری (١٨٥٦ز) لەبۆ حەزرەتی نالی، ئەگەرێکی لاواز دەرچوو.

بێجگەلەوەی وتران، لەسەر ئاستی چاپکراوە کوردیەکانیش، کتێبی "ئەنجومەنی ئەدیبان"ی میری ئالای تۆپچی (ئەمین فەیزی بەگ) (١٨٦١– ١٩٢٩ز)، کە ساڵی (١٩٢٠ز) لە ئەستەمبوڵ لەچاپدراوە، یەکەمین سەرچاوەی چاپکراوی کوردییە، کە وێڕای ئەوەی کۆمەڵێك شیعری هەڵبژاردەی نالی لەخۆگرتووە، چەند دێڕێکیشی بۆ ژیاننامەکەی تەرخان کردووە. [2] کەواتە، کۆنترین کەسێکی کورد کە لەسەر نالی نووسیبێ وبەرهەمی لەچاپدابێ، ئەمین فەیزییە، کە دەکرێت ئەمڕۆ وەك بەڵگەنامە ودۆکیومێنتاری وسەرچاوەیەکی بەنرخی کوردی، سوودی لێوەربگیرێت. [3]

وەلێ، لەسەر ئاستی دەرەکیش، کۆنترین سەرچاوەی ئەوروپی کە تیایدا ئاماژەی بۆ نالی کردبێ، توێژینەوەیەکی زمانەوانییە بە ناونیشانی (چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆژی دەبارەی زمانی کوردی/ دیالێکتی سلێمانی)، لەلایەن دیپلۆماتی ڕووسیای قەیسەری (ئەلێکساندەر خۆدزکۆ) وە بە زمانی فەرەنسی لە (گۆڤاری ئاسیا) (J. AS.)ی ساڵی (١٨٥٧ز) دا بڵاوکراوەتەوە. خۆدزکۆ، لە ساڵی (١٨٥٣– ١٨٥٤ز) دا، لە

[1] ڕەئووف عوسمان: نالی لە دادگای ڕەخنەدا، ئەمیندارێتی گشتی ڕۆشنبیری ولاوان یارمەتی لەچاپدانی داوە– بەغدا، ١٩٨٤، ل ٦

[2] م. عەلی: نالی هەر لە لوتکەدایە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧

[3] محمدی مەلا کریم: نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانیەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩

شاری (پاریس) دەنگوباسی نالی لە ئەحمەد پاشای بابان بیستووە. لە پێشەکی لێکۆڵینەوەکەدا، دەڵێ: "زانایەکی ناوداری کورد، ئێستا لە شاری (دیمەشق) لە وڵاتی شام (سووریا) دەژی، ناوی (مەلا خدر)ە، بەڵام بە ناوە ئەدەبییەکەی (نەعلی ئەفەندی)یەوە ناسراوە. ئەو زاتە، پسپۆڕ وشارەزایە، بەهرە وتوانای خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لە دیالێکتە جیاجیاکانی کوردستانی زێد ونیشتمانەکەی تەرخانکردووە. هەروەها، لەمەوبەر کتێبێکی تایبەتی بە قەواعیدی زمانی عەرەبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. ئەحمەد خان (مەبەستی ئەحمەد پاشایە)، کە دۆستی نالی ئەفەندییە، بەڵێنی دامێ کە لە دەرفەتێکی لەباردا بە سەرۆکی زمانەوانەکانی وڵاتەکەیم بناسێنێ......."[1] لە قسەکانی خۆدزکۆوە، دەردەکەوێت کە حەزرەتی نالی نەك هەر کەڵە شاعیرێکی گەورەی کورد بووە، بەڵکو دەستێکی باڵای لە وەرگێڕان وڕێزمان وڕەوانبێژی وفیلۆلۆژیا وئەپستمۆلۆژیا ومەعریفە و..... هتد هەبووە.

دەربارەی ژیاننامەی نالی، زۆرێك لە نووسەران کاتێك دێنە سەر نازناوەکەی، وشەی (نالی یان ناڵی یان ناڵێ)[2] بە کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە ولێکدانەوەوە دەخەنە ڕوو، هەروەك لە (دیوانی نالی) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسدا خراوەتە ڕوو. بەڵام، من لێرەدا ئەو بابەتە دووبارە ناکەمەوە، بەڵکو زیاتر لایەنەکانی ژیانی وسەردەم وبەرهەمەکانی ودواجار بەراوردکارییەك لەگەڵ دانتێ دەخەمە ڕوو.

## دانتێ

لە چوارچێوەی پەرەسەندنی ململانێی نێوان کڵێسا ودەوڵەت، ولە پاش بانگەشەکانی دیاریکردن وبەرتەسکبوونەوەی سنووری دەسەڵاتی کڵێسا، کۆمەڵێك فەیلەسووف وشاعیر وئایدیالیست، سەرقافڵەی فەلسەفەگەلێکی نوێ بوون، کە مورید ومژدەبەخشی سەرەتای سەردەمێکی نوێ وڕۆشن وهیومانیستیی بۆ ئەورووپا بوون. وەك ئاشکرایە، سەدەی سیازدەیەم، دوا وێزگەی زەبر وزەنگی سەدەکانی ناوەڕاست بووە. بەڵام، کاتێك سەدەی چواردەیەم دێتە پێش، ئیدی هێدی هێدی خۆرئاوابوونی سیستم وئایدیا ولاهووتی سەدە تاریکەکان دەبنە شتێکی حەتمی. واتە، لە ئەورووپای خۆرئاوا قۆناغێکی مێژوویی نوێ دەستپێدەکات

---

[1] م. عەلی: نالی هەر لە لوتکەدایە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١– ٣٢

[2] دیوانی نالی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس وفاتیح عەبدولکەریم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩

**که له دووتوێی سەدەکانیدا، وێڕای ئەپستیم [*] وسیستمگەلێك، ڕابوونی کۆمەڵێکی بەرچاو له فەیلەسووفان وزانایان وشاعیران وناوداران لەخۆدەگرێ. دیاره، یەکێك لەو کەسایەتییە ناودارانەش، دانتێ بووه، که شاعیرێکی بوێری بەتوانای سەردەمەکی خۆی بووه له فلۆرەنسه.**

**دانتێ، یاخود (دانتێ ئەلیگییێری) (دانتي اليغييري) (Dante Alighieri)، یەکێك بووه له شاعیره بەناوبانگەکانی ئیتالیا، له (١/ یۆنیۆ/ ١٢٦٥ز) له (فلۆرەنسە) لەدایك بووه، وله (١٤/ سێپتێمبەر/ ١٣٢١ز) له (ڕاڤێننا) کۆچی دوایی کردووه. ناوبراو، یەکێکه له شاعیره ناودارەکانی ئیتالیای چاخەکانی ناوەڕاست، که توانیویەتی زمانی (ڕەشۆکی) لۆکاڵی ئیتالی، له شیعرەکانیدا بەکاربهێنێت. لەبەرئەوەی، پێشتر وتەنانەت له سەردەمی ناوبراویشدا، زمانی داڕشتن وشیعر وئەدەب ونووسین وفەیلەسووفان وبەڵگەنامە مێژووییەکان، زمانی لاتینی بووه، که زمانی ستاندارد وپیرۆز وهاوبەشی ئەو گەلانه بووه.[1]**

**له ڕاستیدا، ناوبراو ناوی (دۆرانتێ)یە، بەڵام وەك نازناو، یاخود دەتوانین بڵێین خۆشتر وابووه که به (دانتێ) ناوببرێت وکورتکراوەی ناوه ڕەسەنەکەی پێشووی بووه. [2] دانتێ، له بنەماڵەی (ئەلیگییێری) ناوداری فلۆرەنسه هاتووەته دنیاوه. باوکی، ناوی (ئەلیگییێرۆ دی پێلینسیۆنی) بووه. دایکیشی، ناوی (دۆنا بێللا ئەباتی) بووه. دانتێ، کاتێك تەمەنی له (٥– ٦) ساڵان تێپەڕنەبووه، دایکی کۆچی دوایی کردووه. بەڵام، پاش ماوەیەکی کەم، باوکی ژنێکیتری به ناوی (لابا دی چیاریسیسمۆ سیالۆڤی) خواستووه، که لەویش دوو منداڵی هەبووه. ساڵی (١٢٧٧ز)، کاتێك دانتێ تەمەنی تەنها (١٢) ساڵ بووه، (جیما دی مانیتتۆ دۆناتتی) خواستووه، که کچی کەسایەتی دەوڵەمەندی شارەکه (مانیتتۆ دۆناتتی) بووه. لەو ڕۆژگارەدا، ژنهێنانێکی وەها وله تەمەنێکی کەمی وەهادا، کارێکی زۆر ئاسایی کۆمەڵگای ئیتالی بووه. هەڵبەت، ئەم ژنهێنانە، پێویستی به کۆمەڵێك ڕێوشوێنی تایبەت وەك خۆئامادەکردن ووازۆکردن لەبەردەم دادنووس هەبووه. [3]**

**دەوترێت، ڕەچەڵەکی خێزانی دانتێ، دەچێتەوه سەر بنەماڵەیەکی ڕەسەنی ڕۆمانیی خانەدان، که ناودەبرێن به (ئیلیزی)، وئەوانیش بەرەبابی (یۆلیۆس سیزەر- یولیوس قیصر)ن. دانتێ، له تەمەنی (١٠)**

---

**[*] ئەپستیم: ئەم وشەیە هەمان وشەی بەکارهێنراوی فەیلەسووفی فەرەنسی میشێل فۆکۆیە، به هەمان ماناوه بەکارمهێناوەتەوە که مەبەستی لەو وێزگه مەعریفییانه یاخود سیستمی بیرکردنەوانە بووه که لەو سەردەمانەدا بەتایبەتی بەکاربراون.**

[1] **دانتي اليغييري: من ويكيبيديا، الموسوعة الحرة، ١٨/ سبتمبر/ ٢٠١٣،** ar.wikipedia.org

[2] **بين الكوميديا الالهية لدانتي ورسالة الغفران للمعري: منتدى محاورات المصريين، ١/ ديسمبر/ ٢٠٠٤،** www.egyptiantalks.org

[3] **دانتي اليغييري: من ويكيبيديا، الموسوعة الحرة، ١٨/ سبتمبر/ ٢٠١٣،** ar.wikipedia.org

**ساڵییەوە، (بیاتریس) یان (بیاتریش) یاخود (بیاتریچیٚ)ی تەمەن (٩) ساڵانی کچی یەکێك لە دەوڵەمەند وخانەدانەکانی فلۆرەنسە (فۆلکۆ پۆرتیناری) (Beatrice Folco Portinari) خۆش ویستووە.**

**هەڵبەت، دانتیٚ، هەر لە منداڵییەوە خراوەتە بەر خوێندن وکاتێکیش گەورە دەبیٚ، دەنێردریٚ بۆ دێری (فرەنسیسکان) لە فلۆرەنسە. وەلیٚ، لەوێش ئامۆژگاری وفێرگەلێکی زۆری پیرۆز وتکاکار (القدیس) (فرانچیسکۆ) دەخوێنێت. وێڕای ئەوەی، ناوە ناوە سەردانی دێر (دۆمێنیکان)یشی دەکرد، کە تیایدا فەلسەفەکانی (تۆماس ئەکوینی) دەخوێند. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندیٚ کات لە هەردوو زانکۆی (بادۆڤا) و(بۆڵۆنیا) دا، وانەی لاهووت وفەلسەفە وزانستەکانی دەخوێند. سەرباری ئەم هەموو زانست وفێرگەلە، دانتیٚ ئارەزووی خوێندن ولێکۆڵینەوەی یاسایی، پزیشکیی، موزیکیی، وێنەیی، پەیکەرتاشیی، فەلسەفەی سروشتیی، کیمیایی، سیاسیی، گەردووناسیی، مێژوویی ولاهووتیی هەبووە. لەلایەکیترەوە، کەلەپووری لاتینیشی دەخوێند وبە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش گرنگی بە کەلەپووری یۆنان وڕۆژهەڵاتی ناڤین دەدا. ئەمە بێجگەلەوەی، ڕۆشنبیری سەدەکانی ناوەڕاستیشی هەبوو. سەربار، فێری زمانی فەرەنسەوی وبرۆڤینس ببوو، وە هەستی بە کاریگەرییەکانی ئەدەبی ئیتالیش دەکرد.** [1]

**نابێت ئەوەش ژبیر بکەین، سەرباری هەموو ئەو زانستانەی دانتیٚ بە درێژایی ژیانی خوێندوویەتی وسەرباری هەموو ئەو دەستپێشخەری وجێدەست وهەوڵانەی لە بواری ئەدەب وشیعر وفەلسەفە وسیاسەتدا هەیبووە، بەڵام گەورەیی وکاریگەریی خۆیی وەك ڕابەرێك بۆ ڕووناککردنەوەی تاریکی شەوەزەنگی سەدە سارد وسڕەکانی ناوەڕاست دەرنەخستووە، بەڵکو لە (کۆمیدیای خواوەندی)دا وەك بەڵگە ساغی کردووەتەوە کە فەلسەفەی ڕێبازی (بن ڕوشدی لاتینی) وڕابەرەکەی ( سیگەری برەبانت) لە ئەورووپا ڕێگای هەڵهاتنی خۆری ڕێنیسانسیان خۆشکردووە. دانتیٚ، لە کۆمیدیاکەیدا، برەبانت (کە لەلایەن کڵێساوە بە نەفرەتلێکراو دانراوە)، وەك میوانێکی بەڕێزی هەمیشەیی بەهەشت باسدەکات وپلە وپایەیەکی لە سەروو (تۆمای ئەکوینی) ڕابەری لاهوتی کڵێسای مەسیحی پێبەخشیوە.** [2]

### بەکارهێنانی دیالێکتی ناوخۆ لە شیعرەکانیاندا :-

[1] سمير الجندي: الابداع عند المعري في رسالة الغفران، مقالات، دنيا الرأي، ١٨/ ٧/ ٢٠٠٩، Donia Al- Raai

[2] د. حەمید عەزیز: فەلسەفە ولاهوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، کوردستان، ٢٠١٢، ل ٩

## نالی

تەبعی شەککەرباری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا

ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی، لە عەمدەن وادەکا

یا لە مەیدانی فەساحەتدا بە میسلی شەهسوار

بێ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زبانی ڕادەکا

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە، خۆکردییە

هەر کەسێ دانان نەبێ، خۆی تالیبی مەعنا دەکا

ڕۆژهەڵاتناسەکان، ئاماژە بەوە دەدەن کە هەردەم کورد ئەدەبی تایبەت بە خۆیان هەبووە. بەڵام، مەخابن ئەو ئەدەبە زۆر زانراو نەبووە. هەروەها، ئاماژەیان بەوەش داوە، کە گەلی کورد ئارەزووی مۆسیقای کردووە، هەرچەندە مۆرکێکی خەمبارانەشی هەبووە، ئەمە بێجگەلەوەی زۆر گۆرانیشیان هەیە کە بە کۆمەڵ دەیچڕن. هەڵبەت، ئەدەبی میللی کوردی (فۆلکلۆر)، هەنگاوی زۆر ودڵگیرانەی بڕیوە، تا گەیشتووەتە دوا ئاستی جوانیی. ئاماژەیان بەوەش داوە، کە تاکی کورد نێر بێ یان مێ، بە سروشت وخۆڕسکانە شاعیرە. وەلێ، زۆر سادە وساکارانە دوور لە هەر ئاڵۆزییەك، گۆرانی بەسەر شیو ودۆڵ وچیا وتاڤگە وگوڵ وجوانی کیژۆڵەکانیان وئەسپ وچەك وشەڕەکانیان وزۆر شتیتردا دەچڕن. واتە، گۆرانی بەسەر هەموو شتێکی سروشتی وجواندا دەچڕن، کە هەست وسۆزیان بجووڵێنێ. [١]

فەتحکردنی کوردستان، وجێگیربوون وبلاوبوونەوەی پەیامی ئیسلام لە کوردستاندا، وهەوڵدان بۆ چەسپاندنی بنەماکانی، لە باری یەکەمدا بووە هۆی جێگیربوونی زمانی عەرەبی ونووسین بەو ئەلف وبێیە.

---

[١] ب. لرخ: دراسات حول الكورد الايرانيين واسلافهم الكلدانيين الشماليين، ت: د. عبدي حاجي، الطبعة الثالثة، من منشورات بنكەی ژین، مطبعة شڤان– السليمانية، ٢٠٠٨، ص ٥٠– ٥١

دواجار، ئەمەش بووە هۆی جێگیرکردنی بنەمای زمانێك لە هەست ونەستی تاکی کورددا. هەرچەندە، ئەم زمانەش زمانی خۆی نەبوو، بەڵام لەبەر خۆشەویستی ودڵسۆزی بۆ پەیامە ئایینییەکە، هەر لە سەرەتاوە بە پیرۆزکرا. مەبەستیش، ئەوەیە کە پرۆژەی ئیسلام، شەرعییەتی دایە زمانی عەرەبی کە لە هەموو جێگایەك بەکاربهێنرێت. [1] هەر ئەم شەرعیەتپێدان وپیرۆزکردنە بوو، کە وایکرد ئەم زمانە کاریگەرییەکی تەواوی بەسەر نووسین وئەدەب وشیعر وچیرۆك ونەریت وزۆر شتیتری کوردیدا هەبێت. بەڵگەش بۆ ئەم قسانە، ئەو نووسین وشیعر وپەخشان وئەفسانە وسەرگوزشتە وهۆنراوانەن، کە مێژوونووسان وشاعیران وئەدیبانی کورد لە سەردەمانی کۆندا بە زمانی عەرەبی وزمانگەلێکیتر، بێجگەلە کوردی، نووسیویانە.

لە ئەدەبی کوردیدا، دەکرێ پەنجە بۆ حەزرەتی شێخ ئەحمەدی خانی، حەزرەتی مەلای جەزیری ومامۆستای شاعیران (بێسارانی) رابکێشین، کە بەر لە حەزرەتی نالی بە زاراوەکانی کرمانجی ژووروو وگۆرانی شیعریان وتووە ولە مەیدان وگۆڕەپانی چامە وغەزەلدا ئەسپی خۆیان تاوداوە، وزۆر شتی بەنرخیان لەپاش بەجێماوە. بەڵام، نالی نەك لە ڕووی لەخۆبایی بوونەوەبێ، بەڵکو لە ڕووی حەقیقەتەوە ئەم پلە وپایەیەی بەخۆی ڕەوا دیوە. نالی، لە شیعرەکانیدا تەشبیهات، کینایە، ئیستیعارە وڕاوێژی وای بەکارهێناوە کە بە موڵکی، هی نالین. نە لە نێوان شاعیرانی ئێرانی، نە لە نێوان شاعیرانی کورددا، بەر لەو کەسێکیتر بەکارینەهێناون. وەك:

ڕوومەتت شەمعی شەوی قەدرە، دڵم پەروانەیە

نەحری مینای ڕۆژی عیدە، ڕۆحەکەم قوربانییە

ماوەردە لەسەر خەرمەنی گوڵ عەترفشانە

یا ئاوی حەیاتە، عەرەقی وەردی موحەییات

تا سونبولی زوڵفت لە نیهالی قەدت ئالا

---

[1] عەتا قەرەداغی: کاریگەری کەلتوری ئەوان لەسەر کورد، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی ڕوون- سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٨٥

**من دوودی هەناسەم گەبیە عالەمی بالاّ** [1]

لێرەوە، گەورەیی کەسێکی وەك حەزرەتی نالیمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە سەردەمی خۆیدا چ شۆڕشێکی ئەدەبی وفیکری وئەپستمۆلۆژی بەرپا کردووە، شۆڕشێك کە دووبارە ناسنامەی کوردی زیندووکردووەتەوە. کودەتای بەسەر هەموو نووسین وئەدەب ومێژوو وهەژموون وترادسیۆن وبالاّدەستییەکی بێگانە لە کوردستاندا کردووە. نالی، لە پێناو بەرزڕاگرتنی زمانی کوردی، شەرعیەتی داوە بە ڕەتکردنەوەی شەرعیەت. ئەو کارەی ئەو، هەوڵێك بووە بۆ سەرلەنوێ بونیادنانێکی ئۆنتۆلۆژی تاکی کورد. نالی، جارێکیتر لە ستراکتووری ئەلف وبێی عەرەبییەوە، ئەلف وبێی کوردی داتاشییەوە. هەرچەندە، دەشێت وزۆر ئاساییە کە نووسین وئاخاوتنی ئەو سەردەمەی نالی لەگەڵ نووسینی ئێستاماندا کەمەکێك جیاوازی هەبووبێ. ئەوەش، خۆی لە فرەیی وتێکەڵبوونی دیالێکتگەلێکی کوردیدا دەبینییەوە لە سەرەتای شاری سلێمانیدا.

محەمەدی مەلا کەریم، دەربارەی نامیلکەکەی (مەولانا خالید) کە ناودەبرێت بە (عقیدەنامە کردیە) یا (عقیدە کردیە)، * دەڵێ یەکێکە لە دوو کۆنترین پەخشانی کوردی کە نووسراوە بە دیالێکتی کرمانجی خواروو- ناوچەی سلێمانی، ولەگەڵ مەولوودنامەکەی (شێخ حوسەینی قازی)، بە جووتە، ئەستێرەی دانانی بەردی بناغەی پەخشانی کوردییان بەسەر شانەوەیە. بە هەمان شێوە، ئەمەش هەوڵێکیتری دڵسۆزانەی ئەم دوو کەڵە زانایەی کورد بووە، لە بواری نووسیندا. ناوبراو، لە ئاماژەدان بە نووسنی ئەم نامیلکەیەدا دەڵێ: "لە خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیەوە، دەردەکەوێت کە لە سەردەمی مەولانادا سلێمانی هێشتا دیالێکتێکی جێگیری تێدا نەبووە. بە واتایەکیتر، ئاخاوتنی خەڵکی سلێمانی سەر بە دیالێکتێکی تایبەت نەبووە. شارەکە کە دروستکرا، دیارە خەڵکێکی زۆری لە سۆران وبابان وموکریان وهەورامان وسنە وشارەزوور وشوێنانی ترەوە تێ مرۆشا. ئەمانە، هەموو داب ونەریتێکی چاك وخراپی ناوچەکانی خۆیانیان لەگەڵ زمانەکانی خۆیان هێنابوو. بەکارهێنانی هەندێ وشە لەم نامیلکەیەدا، کە هەریەك هی ناوچەیەکی دیارن، وە دانانی

---

[1] عبدالحمید حسینی: نالیی لە ڕوانگەی سەپان کوردییەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١

* عقیدەنامە کردیە، لە ناو خەڵکدا بە (ئاقیەی کوردی) یان (ئاقیەی مەولانا) ناودەبرێت، ولە داوێنی نامیلکەکەدا نووسراوە مەولانا خالیدی نەقشبەندی. هەرچەندە ناوەڕۆکەکەی باس لە ئایین دەکات، بەلاّم بایەخی ڕاستەقینەی ئەم نامیلکەیە لەوەدایە کە یەکەمین هەنگاوە بە ڕێگای جێبەجێکردنی داخوازییە ڕۆحی وکەلتوورییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بە زمانی خۆی. لەوەش گرنگتر، ئەوەیە کە یەکەمین بابەتی ئایینییە بە پەخشان، کە خرابێتە بەر دیدی خوێنەران.

هەندێ پاشگر لەسەر وشە، کە ئێستا لە سلێمانی دانانرێن ولە شوێنەکانیتر هەن، نیشانەی ئەو هەمەڕەنگییەی ئەو سەردەمەی شارەکەن." [1]

**زابیتەی تەبعم سوارە، ئیددیعای شاهی هەیە**

**موحتەشەم دیوانە، داوای تەختی خاقانی دەکا**

وەك دەوترێت، نالی شاعیر، یەکەم کەس بووە کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، واتە لە دوا قۆناغەکانی فەرمانڕەوایی میرنشینی باباندا، زمانی کوردی سۆرانی (کرمانجی خواروو)ی کردووەتە زمانی شیعر وئەدەب، وسەلماندوویەتی کە ئەم زمانە بە ڕاستی زمانی شیرینی شیعر وئەدەب وداهێنانە. نالی، ئەستێرە گەشەی بەرەبەیانی شیعری کلاسیکی کوردییە، وشۆڕەسواری بێهاوتای مەیدانی غەزەلیاتە. ئەم زاتە، لەگەڵ هەردوو شاعیری گەورەدا (سالم وکوردی) بنیاتنەری قوتابخانەی شیعری بابانین وبە (سێکوچکەی بابان) ناسراون. [2]

دوای تێپەڕبوونی (٤٠) ساڵ بەسەر ماڵئاوایی یەکجارەکی نالی لە وڵاتی غەریبیدا، ڕۆژنامەکان وچاپەمەنییە کوردییەکانی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم، پەیتا پەیتا ئاوڕیان لێدەدایەوە و وەك سیمبولێکی گەورەی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی، مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد. بەڵام، بێئەوەی بە وردی تیشك بخەنە سەر ژیاننامەکەی ولە شیعرەکانی ورد ببنەوە. [3]

ئەوەی لێرەوە مەبەستە بوترێت، کە حەزرەتی نالی لە پێشینەی ڕچەشکێنانی ئەدەبیاتی باو بووە لە سەردەمی خۆیدا. بەوەی، یەکێك بووە لەوانەی کە لەهجەی ڕەشۆکی سلێمانی، یاخود بابڵێین دیالێکتی ناوخۆی بەکارهێناوە وکردوویەتی بە بنچینەی داڕشتنی شیعرەکانی. ئەمەش، خۆی لە خۆیدا، لادان بووە لە سیستم وقاڵبی داڕشتنی شیعر وئەدەبیاتی کوردی، لەو سەردەمەدا. هەر ئەوەش، وایکردووە کە لە ڕوانگەی کەسانێکەوە، جۆرێك لە نامۆیی بە ڕوخساری شیعرەکانییەوە دیاربێ، تا ڕادەی ئەوەی کۆمەڵێك سووکایەتی بە شیعرەکانییەوە بکەن. دیارە، کەسانی چەشەکراو بە بارودۆخی تەقدیس وئەدەبیاتی تەقلیدی، هەرگیز بەو حاڵەتانە ئاشنا نابن کە ڕیفۆرم وتازەگەرێتی لەخۆ بگرێ. چونکە، هەموو ڕیفۆرمێك بە هەڕەشە ومەترسی

---

[1] گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق– دەستەی کورد: بەرگی هەشتەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق– بەغدا، ١٩٨١، ل ١٩٩–٢٠١

[2] نالی، کورتەیەك لە ژیانی: یانەی هەڵاتنی گەورە، ٢٤/ ٣/ ٢٠١٠، www.mabast.com

[3] م. عەلی: نالی هەر لە لوتکەدایە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦

بۆسەر خودی خۆیان وسەردەم ودەسەلاّتەکەیان دەزانن. ئەمە، وێڕای ئەوەی کە زمان ونووسینی دامودەزگای دەسەلاّتی عوسمانی وبالاّدەستیی زمانی فارسی وپیرۆزی وشە وپیتی عەرەبی، هەردەم لە هەوڵی ئەوەدابوون کە ڕێگری لە بوون وگەشەسەندنی زمان ونووسین وئەدەبیات وشیعری کوردی بکەن. پێدەچێت، ئەمە کاریگەرترین فاکتەر بووبێ لەبۆ ململانێی نالی لەگەلْ چواردەور وسەردەمەکەی.

**نووکی خامەی من کە بێتە مەعنائارایی کەمال**

**خەت بە خەت ئیزهاری نەقشی سوورەتی ( مانی ) دەکا**

**ئیستیتاعە وقووەتی تەبعم، بە کوردی وفارسی**

**عارەبی، ئیزهاری چالاکی وچەسپانی دەکا**

ئاشکرایە، پێش فتوحاتی ئیسلامی، شیعری کوردی بە گاتاکان وفۆرمی گۆرانی یاخود بە لەهجەی لوڕی وهەورامی کە شێوە زمانێکی پێشینی کوردییە نووسراوە، دواتر نۆرم وئەلف وبێی عەرەبیشی بەسەردا زاڵبووە، سەرباری وشە ولەکنەی فارسی وتورکی، کە ئەستەم بووە لە بارودۆخێکی دوژمنکارانەی خێڵەکی نێوان میرنشینی بابانی وئەردەلاّنی، ئەدەب وشیعری کوردی دووبارە بە دیالێکتە گۆرانییەکە بنووسرێتەوە. بەلاّم، نالی ئەو کەسە بوو کە توانی بە سوودوەرگرتن لە زمان وئەدەبیاتی گەلانیتر، جارێکیتر جەوهەری زمانی کوردی دەربخاتەوە وهەموو ئەو ئاستەنگانەش تێپەڕێنێ.

ئەدەبی کوردی، پێش ئەو مێژووە، درەوشاندنەوەی کۆمەڵێك کەڵە شاعیری کوردی لەخۆ گرتبوو، کە داهێنەر بوون لە بواری شیعری کلاسیکیدا. بێجگەلەوەی، پێگەی بەهێز وکاریگەرییان، سەرزەمینێکی فراوانی کوردستانی گرتبووەوە. لە نموونەی ئەو کەڵە شاعیرانەش، (جزیری وخانی)یە. بەلاّم، دەوترێت وێنەی شیعری کلاسیکی کوردی وەك قوتابخانەیەکی دروستبوو، کامڵبوونی تەواوی بەخۆوە نەدیوە، تەنها لە سەردەمی نالیدا نەبێ. بەوەی، ئەم قوتابخانەیە لەسەر دەستی ناوبراو، ڕێسا وبنەما وڕەسەنایەتی وتایبەتمەندێتی خۆی وەرگرتووە. هەڵبەت، دوابەدوای ناوبراو، کۆمەڵێك شاعیریتر لەسەر هەمان بنەما وڕێباز درێژەیان بەم قوتابخانە کلاسیکییە کوردییە داوە. نالی شاعیر، پایەکانی شیعری کلاسیکی کوردی، بە پشتبەستن بە شێوازەکانی ئەدەبی فارسی وعەرەبی چەسپاندبوو. بەتایبەت، شێوازی شیعری کلاسیکی عەبباسی، کە لە بنچینەدا پشتی بە بەکارهێنانی داهێنان ودەرخستن وزاڵکردنی لایەنی جوانی (شکلْ)

بەسەر ناوەڕۆك (واتا)دا بەستبوو. ئەمە، بێجگەلەوەی ناوبراو شارەزاییەکی تەواوی لە زمانی عەرەبی وتورکی وفارسیدا هەبووە. [1] وێڕای ئەوەی، بە چوار زمان شیعری نووسیوە (کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی). [2]

**فارس وکورد وعەرەب، هەرسێم بە دەفتەر گرتووە**

**نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە، دیوانی هەیە**

کەواتە، بۆمان ڕوون بووەوە، کە شیعری کلاسیکی کوردی لە سەر ڕێوشوێنی شیعری کلاسیکی عەرەبی وئیسلامی ڕۆیشتووە. دیارە، لەگەڵ شیعری کلاسیکی لە جیهاندا، لەوەدا یەك دەگرێتەوە کە گرنگیی دەدا بە وشە بەر لە مانا، گرنگیی بە وێنە دەدا بەر لە ماددە، گرنگی بە سەنعەت دەدا بەر لە دەربڕین. شیعری نالی، وەکو گەورەترین قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی، ئەم خاسیەتانەی بە ڕوونی وئاشکرایی تێدا دەردەکەوێ. هەڵبەت، هەموو ئەوانەی کەم یان زۆر باسی نالییان کردووە، ئەو ڕاستییەیان دەستنیشان کردووە.

وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا، لەگەڵ دەرکەوتنی سەدەی نۆزدە، پەردە لەسەر سەردەمێکی نوێ لە ئەدەبی کوردی لە ناوچەی شارەزوور لە سلێمانی، پایتەختی حوکمڕانی میرنشینی بابانی هەڵماڵدرا. بەوەی، بزوتنەوەیەکی ئەدەبی نوێ هەڵتۆقی، وەلێ شاعیری گەورەی کورد (نالی) وهەردوو شاعیری هاوەڵی (سالم وکوردی)، دانەری تۆوی ئەو بزوتنەوەیە بوون. دیارە، ئەم بزوتنەوە ئەدەبییە نوێیە، بە سێکوچکەی بابان ناسراوە. ئەمەش، لەبەر لێکچوون لە شێواز وناوەڕۆکی شیعریی وبالأدەستیی مۆرکی کلاسیکی بەسەر هۆنراوەکانیانەوە. [3]

نالی، داهێنەری قوتابخانەی نوێی شیعری کلاسیکی کوردی وهەڵگری ئالأی کەلتووری نەتەوەیی تازە لە کوردستانی بە دیالێکتی کرمانجی خواروو قسەکردوودا بوو. ئەو شێوە کەلتوورە، کە وەك یەکێك لە پێداویستییەکانی ئەو بارە تازەیە پەیدابوو، لەگەڵ دامەزراندنی میرنشینی باباندا سەریهەڵدا. نالی، بۆ بەدەنگەوەچوونی باری سیاسی وکۆمەڵأیەتی نوێ، چوارچێوەیەکی نوێشی بۆ کاریگەرترین هۆیەکانی

---

[1] نالي شاعر الاجيال: دور الجاف في التراث الفكري والادبي والروحي، ٢٦/ ٦/ ٢٠١٣، www.jaff.biz/A_SHOARA.HTM

[2] م. عەلی: نالی هەر لە لوتکەدایە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧١

[3] برزو محمد: الشعر الكردي في القرن التاسع عشر في كردستان الجنوبية (العراق)، اتحاد المثقفين الكورد– غرب كوردستان في الخارج، ١٥/ ٥/ ٢٠٠٧، www.rojava.net

ڕاگەیاندنی ئەو سەردەمە دانا، کە (شیعرە). ئەو، نەیهێشت میرنشینی بابان بە دەسمایەی کۆنی دەستی میرەکانی ئەردەڵانەوە، کە شیعری بەفۆرم (گۆرانی) بوو، بێتە کایەوە. [1]

**ئەهلێکی وای هەیە کە هەموو ئەهلی دانشن**

**هەم نازیمی عوقوودن وهەم نازیری ئومورر**

گەر بەو شێوەیە بێت، کە محەمەدی مەلا کەریم ئاماژەی پێدا، کەواتە لێکدوورکەوتنەوە وبوونی دژیەکی وململانێی خێڵەکی لە نێوان ئەم دوو میرنشینەدا ئەگەرێکی بەهێز بووە. هەرچەندە، لە ڕووی ئاخاوتن وزمانەوانییەوە، هێندە دژیەك ولێکترازاو نەبوون، بەوەی لە ئاستی ئاخاوتن هەست بە دابڕانێکی ئەوتۆ ناکرێت لە نێوان ئەم دوو دیالێکتەی سلێمانی وئەردەڵانیدا، کاتێك بە سلێمانی وپێنجوێن ومەریوان وسنەدا تێدەپەڕیت. [2]

شیعری کلاسیکی سەدەی نۆزدەهەم، لە دیالێکتی کرمانجی سەروودا، بەشێك لە قوتابخانەی کلاسیکی شیعری عوسمانی وئێرانی ئەو سەردەمە پێکدێنێ. بەڵام، لە کوردستانی باشوور، هەنگاوێکی نوێ بوو بەرەو پێشکەوتن. لەبەرئەوەی، ئەدەبی شیعریی ئەو ناوچەیە، لە بابەتی فۆلکلۆری ولەسەر کێشی پەنجە بووە. بە داهاتنی ئەو جۆرە شیعرە، عەرووزی عەرەبی وعەرووزی دەستکاریکراو، هاتە ناو ئەدەبی کوردی وناوچەی کوردستانی عێراقەوە. ئینجا، ئەگەر بە وردی سەرنج لە دروستبوونی میرنشینی بابان بدەین، ئەبینین پەرەسەندن وبایەخدان بە کەلتووری ئیسلام وکردنەوەی حوجرە لە زۆربەی زۆری شار ودێهاتەکانی کوردستان، وڕۆڵی لە ڕۆشنبیرکردنی مەلا وفەقێکانی حوجرەدا، ڕووی دیاری ڕۆشنبیری وخوێندەواریی ئەو سەردەمە بووە. ئەو ڕۆژگارەش، کاری لە ئەندامانی میرنشینەکان ولە شیعرەکان کرد. شاعیران، دەستیان بە لاساییکردنەوەی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیی ئیسلامیی کرد، لە ڕووی فۆرم وناوەڕۆکەوە. عەرووزی عەرەبی، کاری کردە سەر شیعری فارسی وکوردی، ولە شیعری کوردیدا بوو بە بەشێکی دیار وبەرچاو. [3]

---

[1] محمدی مەلا کریم: نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانیەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥- ٦

[2] أ. د. فؤاد حمە خورشید: أصل الكورد واللغة الكوردية، الطبعة الاولى، دار سردم للطباعة والنشر- السليمانية، كوردستان، ٢٠١١، ص ١٠٤

[3] د. ئازاد عبدالواحد کریم: مێژووی ئەدەب، قۆناغەکانی سەرهەڵدانی ئەدەب- لێکچەری قۆناغی دووەمی زانکۆی سلێمانی، www.univsul.org ل ٢١- ٢٢

سەربار، نالی، یەکەم کەس بووە کە شیعری بە کرمانجی خواروو کردووە بە باو. بەرلەوەی، نالی ئەم جۆرە شیعرە (کە تێکڕا لەسەر ڕێوشوێنی بابەکانی عەرووز بەڕێوەدەچێ) لە کرمانجی خوارووودا بکا بە باو، شیعری فۆلکلۆری بەم دیالێکتە بووە. لەو دەمەدا، شیعری فۆلکلۆریش، تێکڕا هی شاعیرانی نەخوێندەوار وکۆلکە خوێندەوار بووە. بۆیە، لەناو کۆڕ وکۆمەڵە بەرزەکاندا، بە جۆرە سووکییەك تەماشا کراوە. ئەم بەسووکی تەماشاکردنەش، هەر لەبەر بێپلەیی خاوەن شیعرەکان نەبووە لەناو کۆمەڵدا، بەڵکو بەشێکی زۆری لەبەر زمانی شیعرەکەیان بووە. چونکە، شیعری بالاّ، هەر بە فارسی وعەرەبی وتراوە. نالیش، کە بەم دیالێکتە شیعری وتووە، ناحەزان وحەسوودانی ویستوویانە لەو ڕێگایەوە لێیبدەن، بەوەی ئەمە لە بێتوانایی وبێهونەرییەتی، کە بەم دیالێکتە شیعر دەڵێ، کە تەنها شایەرەکان (بە وتەی نووسەری ئەم بابەتە) شیعری پێدەڵێن وخەڵك قسەی پێدەکەن.[1]

بێتە حوجرەم پارچە پارچە مسوەدەم بکرێ بە ڕۆح

هەر کەسێ کوتاڵ و پارچەی بێ بە دڵ سەودا دەکا

شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ ناسکی

کەی لە دیقەتدا پەتك دەعوا لەگەڵ هەودا ئەکا

مامۆستا، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، لە لێکۆڵینەوە ولێکدانەوەی دیوانی نالیدا، دەربارەی ئەم شیعرەی نالی، دەیەوێت ئەوەمان پێڕابگەیەنێت، کە نالی لە گرنگی وخۆشەویستی بۆ زمانی کوردی ئەم ڕێبازەی گرتووەتەبەر. مودەڕیس، ئاماژە بەوەش دەدا کە نالی ویستوویەتی بڵێت: "زەوقی شیرینی من، کە بەلای ئەوەدا ئەچێ بە کوردی شیعر بڵێ، لەبەرئەوە نییە کە کوردییەکە ئاسانە ودەسەلاّتی بەسەر عەرەبی وفارسیدا ناشکێ. بەڵکو، لەبەرئەوەیە ئەیەوێ خۆی تاقیبکاتەوە، بزانێ شتێکی تازەی لەدەست دێ کە لەمەوپێش کەس نەیکردبێ، کە شیعروتنە لەسەر عەرووزی عەرەبی بە زمانی کوردی؟ شیعری خەڵکی،

[1] محمدی مەلا کریم: نالی لە کلاّوڕۆژنەی شیعرەکانیەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨

هەرگیز لە ناسکیدا ناگاتە ڕادەی شیعری من. شیعری من لەچاو شیعری خەڵکیدا، وەك تاڵی ئاوریشم وایە لە چاو پەتکدا، وپەتکیش هەرگیز ناتوانێ لە باریکی وا ناسکیدا بەربەرەکانێ لەگەڵ ئاوریشم بکا." [١]

بەر لەو مێژووەی نالی شیعری پێنووسیوە، دیارترین (نووسراو)ی بەردەستی کۆمەڵگای کوردەواری، پەڕتووکە بەنرخەکەی (شەرەفنامە)ی میر شەرەفخانی بەدلیسی بووە، کە لە ساڵی (١٠٠٥ك/ ١٥٩٦ز) بە زمانی (فارسی) نووسیویەتی.٢ لە ڕووی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە، بە یەکەمین هەوڵی کوردی دادەنرێت، لە سەدەی شانزەی زایینیدا. بەڵام، بەهۆی زاڵبوونی زمانی عەرەبییەوە، میر شەرەف کوڕی شەمسەدین (شەرەفخان)، دوالاپەڕەی پەڕتووکەکەی بە زمانی عەرەبی نووسی بوو.٣ هەرچەندە، مێژوونووسی گەورەی کورد (محەمەد ئەمین زەکی بەگ)، لە کتێبەکەیدا ڕەخنەی ئاڕاستەی (میر) کردبوو، کە دەبوایە بە زمانی کوردی دایبڕشتایە. لەبەرئەوەی، مێژووی کەلتوور ومیرانی کورد بووە..٤ واتە، لەگەڵئەوەی ئەم پەڕتووکە بەنرخە کە مێژووی کورد ومیرنشینە کوردییەکان ورووداوەکانی ئەو سەردەمە وپێشتریانی تێدا تۆمار کراوە، کەچی ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە بە زمانی کوردی نەنووسراوەتەوە.

لە کاتی خۆیدا، شاعیری نەتەوەپەروەری کورد، حاجی قادری کۆیی، ئاواتەخواز بووە کە کاشکی هەر لە زووەوە کورد بە زمانی خۆی بینووسییایە، تا مێژووی کورد وپادشا وکەسایەتییە گەورەکانی کورد، ناویان ون نەبووایە: [٥]

کتێب ودەفتەر وتەئریخ وکاغەز

بە کوردی گەر بنووسرایە زمانی

مەلا ومیر وشێخ وپادشامان

هەتا مەحشەر دەما نام ونیشانی *

---

[١] ژیانی نالی شاعیر: وتە وژیانی ناوداران، یانەی گوڵی سوور، ٦/ ١/ ٢٠١٢، www.gulyswr.net

[٢] شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، و: هەژار، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی نعمان– نەجەفی پیرۆز، عێراق، ١٩٧٣، ل ٥٩

[٣] عبدالرقیب یوسف: تابلۆکانی شەرەفنامە، چاپی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین– سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٧

[٤] محمد امین زکی: کورد وکوردستان، جلدی ١– ٢– ٣، (چاپخانەی دار السلام، بغداد)، انتشارات سیّدیان– مهاباد، ١٩٣١، ل٤

[٥] نالی (١٨٠٠– ١٨٥٦): یانەی کورد کلیك، ١٢/ ٩/ ٢٠١٠، www.up.kurdclick.net

پێشتر، ئاماژەمان بە (دیداری حەزرەتی نالی) دا، کە لەلایەن سەنتەری ڕووناکبیری ئێلبەگی جافەوە لە سلێمانی سازکرابوو. بەشداربوویەکیتری ئەو دیدارە، مامۆستا (محەمەد عەلی قەرەداغی) بوو، کە چەند زانیارییەکی بەپێزی دەربارەی ژیانی نالی وسەردەمەکەی درکاندبوو. ناوبراو، جەختی لەسەر ئەوە کردبوو، کە حەزرەتی نالی یەکەم کەس نەبووە شیعر بە زاراوەی کرمانجی خواروو (سۆرانی) بڵێ. بەڵکو، خەڵکانێکی تریش هەبوون، کە بەر لە نالی، بە هەمان دیالێکت شیعریان وتووە ونووسیوە. لەوانە:

١. دەقی مەهدینامە: دانراوی مەلا محەمەدی ئیبنولحاجی بانەیی جێشانەیی، کە خۆی نووسیویەتی لە ساڵی (١٧٦٢ز) دا.
٢. بەیتی ئەوەڵ وئاخری مەلا محەمەدی سیوچی- جەفایی- کە ساڵی (١٧٧٨ز) کۆچی دوایی کردووە.
٣. کارێزیی، کە بە شیعری عەرووزیی وبە زاراوەی کرمانجی خواروو شیعری هەیە وڕەنجووریی بە خەتی خۆی نووسیویە، ناوبراو ساڵی (١٧٧٨ز) کۆچی دوایی کردووە.
٤. دەردین.
٥. ڕەنجووریی، وچەندین کەسیتریش. [١]

دەربارەی ئەوەی، کە بۆچی دیالێکتی کرمانجی خواروو وردە وردە دەدرەوشایەوە ولە ناوچەکانی بندەست وقەڵەمڕەویی خۆیدا توانی جێ بە دیالێکتی گۆران لەق بکات. بۆچوونێك هەیە کە پێیوایە: "ڕەنگە، هۆیەکی گرنگی پاشەکشەی مەدرەسەی ئەدەبیی گۆران، بەو دەوڵەمەندییە زۆرەیەوە، لەبەردەم مەدرەسەی باباندا ئەوە بووبێ کە والییەکانی ئەردەڵان نووسینیان بەم لەهجەیە فەرامۆش کردووە. لە بەرانبەردا، میرەکانی بابان، هانی شاعیرەکانی ئەمارەتەکەی خۆیان داوە بەم زمانە بنووسن." [٢]

***دانتێ***

[*] پارچە شیعرێکی شاعیری گەورەی کورد، حاجی قادری کۆیی

[١] م. عەلی: نالی هەر لە لوتکەدایە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩٣- ٣٩٤

[٢] نەوشیروان مستەفا ئەمین: بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٣

**لە سەردەمی (فریجشی دووەم)، کۆشکی شاهانە لە (سیسیلیە)(صقلیە)، دوو کەڵە شاعیری لەخۆ گرتبوو، کە (پییێر دێلا ڤینا)(١١٩٠– ١٢٤٩ز)، (ڕیناڵدۆ دی ئەکوینۆ)(١٢٠٠– ١٢٨٠ز)، بوون. ئەم دوو شاعیرە، یاخیبوونێکیان بەسەر دیالێکتی باودا بەرپاکرد. لە هەمان کاتدا، پارێزگارییان لە دیالێکت و وێنە میللییەکەی شیعر دەکرد. سیسیلیە، لە سەردەمانی زوودا، سەرچاوەی هەڵقوڵانی شیعری ئیتالی کۆن بوو. لە شاری (ڤیرینزا)، قوتابخانەی شیعری سیسیلی، لەسەر دەستی (جیتۆنی دی ئەڕێزۆ) درێژەی کێشا. ناوبراو، توانیبووی پێشڕەویی شاعیرانی سیسیلیە بکات، لەبۆ گەشەسەندن وپێشخستنی دیالێکت وزمانی ڕەشۆکی شیعری ئیتالی بەرەو تەکنیکی زمانەوانی نویێ، وە وێنەیەکی ئاوێتەبووی داهێنراو، کە فەنتازیا وئیرەشناڵیزم (نا ئاوەزمەندی) تێدا ئاشکرابوو، وەك سیستمێکی شیعری، کە جەخت لەسەر هەست وتێگەیشتن وخۆڕسکیی دەکاتەوە، وڕاستەوخۆش هاوسۆز لەگەڵ ئایین وئاکاردا. بەم شێوەیە، سەردەمی جیتۆنی، وەك پردێکی پەڕینەوە بۆ سەردەمی کەڵە شاعیری ئیتالی، (دانتیێ) تەماشا دەکرا، کە ناسرابوو بە (شێوازی نوێی شیرین).** [1]

**ئەو گۆڕانکارییانەی، لە سیستەمی کۆمەڵایەتی، کەلتووری، ڕۆشنبیری، ڕامیاری وئابووری لە کۆمەڵگای ئەوروپیدا ڕوویاندا، بوو بە هۆی دانانی جۆرە سنوورێك لە ڕووی فۆرم وناوەڕۆکەوە بۆ ئەدەبی کۆنی کلاسیکی. هەر لەو مێژووەوە، هەتا دەستپێکردنی سەردەمی ڕێنیسانس، کە بە سەردەمی بوژاندنەوەی فیکری وفەلسەفەی ئایدیولۆژی وئابووری وئەدەبی دەژمێردرێت، ئەدەبێك پەیدا بوو، کە پێی دەگوترا (ئەدەبی کلاسیزمی). ئەم ئەدەبە، مۆرکی ئەدەبیاتێکی سنووردار لەڕووی فۆرم وناوەڕۆکەوەی هەبوو، هەتا بوو بە ڕێبازێك کە لەگەڵ سیماکانی سەردەمە ناوەندییەکاندا یەکیان دەگرتەوە. دیارە، (پێترارك) و(دانتیێ) و(جیۆڤانی پۆکاچیۆ)، نموونەی هەرە مەزنی ئەو سەردەمەن.** [2]

**شایانی وتنە، ئەدەبی ئیتالی، کۆمەڵێك شاکاری ناوازەی لەخۆگرتبوو، کە لە سەرەتاکانی سەدەی سیانزەی زایینییەوە نووسرابوون. هەڵبەت، ئەم ئەدەبە ڕێخۆشکەریش بووە بۆ جووڵەگەلێکی ڕۆشنبیری گرنگ، کە کاردانەوەی لەسەر ئەدەبی نەتەوەیی هەبووە. ئاشکرایە، کە زمانی ئیتالی، نەبووبوو بە زمانێکی نەتەوەیی گشتی، هەتا دوای ساڵی (١٨٧٠ز). لەگەڵ ئەوەشدا، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی ئیتالی، ئەوە بووە کە بە درێژایی مێژوو، زمانێکی یەکگرتووی هەبووە. وەلێ، ئەم یەکگرتوویيەش، بۆ ئەو سێ**

---

[1] رقية صالح: جذور الادب العالمي– الادب الايطالي، منتديات منابر ثقافية، ٢٤/ ٢/ ٢٠١١، www.mnaabr.com

[2] د. ئازاد عبدالواحد کریم: مێژووی ئەدەب، قۆناغەکانی سەرهەڵدانی ئەدەب– لێکچەری قۆناغی دووەمی زانکۆ، www.univsul.org ل ٢٢– ٢٣

نووسەرە (دانتێ، پێترارك، پۆكاچیۆ– نووسەر) گەورەیە دەگەڕێتەوە، كە لە سەدەی چواردەی زایینییدا بە زمانێكی پشتبەستوو بە دیالێكتی (تۆسكانی) نووسینیان دەنووسی، ئەو زمانەی كە خەڵكی فلۆرەنسە بۆ ئاخاوتن بەكاریان دەهێنا. دیارە، دیالێكت وشێوەزاری نووسینی شاكارەكانی ناوبراوان، بۆ ماوەی چەند سەدەیەك پەیڕەوی لێدەكرا. [1]

لەو سەردەمەدا، زمانی لاتینی، زمانی ڕەسمی سەرجەم نووسەرانی مەسیحی ئەوروپا بوو. بەڵام، زمانە لۆكاڵییەكانی وەك زمانی ئیتالی وفەرەنسی وئیسپانی وئینگلیزی، وەك زمانێكی بازاڕی سەیردەكران، كە نەدەگەیشتە ئاستی پێنووسین. تەنها، زمانی لاتینی، خاوەنی پیرۆزی ومەزنی بوو. زمانی لاتینی، ئەو زمانە بوو كە سەرجەم فەیلەسووفانی ئەوروپای پێكەوە دەبەستەوە، ولە ڕێگەی ئەویشەوە پەیوەندییان بەیەكەوە دەكرد ونامەیان دەگۆڕییەوە وئاشنای كار وبەرهەمی یەكدی دەبوون. [2] واتە، لە سەدەكانی ناوەڕاستدا، زمانی لاتینی تاكە زمانی ئەدەبیی پەسەندكراو بوو، تەنانەت ئەوروپا یەك یەكەی فیكریی پێكدەهێنا. [3]

لە نێوكۆی ئەدەب وبەكارهێنانی دیالێكتی ناوخۆوە، دەتوانین بڵێین كە (كۆمیدیای خواوەندی) (الكومیدیا الالهیه)، بە هەردوو بەشی (بەهەشت ودۆزەخ)ەوە، لە گرنگترین شاكارەكانی دانتێ بووە. بەوەی، دەرخستنی گەورەترین وگرنگترین ئەدەبیاتی ئەوروپا بووە لە سەدەكانی ناوەڕاستدا، وێڕای ئەوەی بنەمایەك بووە بۆ زمانی ئیتالی نوێ. ناوبراو، یەكەم مەسیحییە، كە شۆڕشی لە دژی بیرۆكە وگوزارشتی كلاسیكی كردووە. هەربۆیە، بە مژدەهێنی سەردەمی ڕۆشنگەری دادەنرێت. بەهرەی دانتێ، بە تەنیا لە دانانی كۆمیدیای خواوەندیدا كورت نابێتەوە. بەڵكو، سیاسەتمەدار ودیپلۆماتێكی دیار وشارەزایەكی باشی هونەرەكانی جەنگ بووە. هەروەها، ئاشنایەتییەكی باشی لەگەڵ كتێبەكانی فەلسەفە ومێژوو وئایین وزانستی زماندا هەبووە. [4]

---

[1] رقية صالح: جذور الادب العالمي– الادب الايطالي، منتديات منابر ثقافية، ٢٤/ ٢/ ٢٠١١، www.mnaabr.com

[2] هاشم ساڵح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەری ئەورووپی، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەكەم، چاپ وبلاوكردنەوەی چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٨٣– ٨٤

[3] رينيه ويليك، اوستن وارين: نظرية الادب، ت: محي الدين صبحي، د. حسام الخطيب، مصدر سابق، ص ٦٥

[4] د.غانم محەمەد ساڵح : بیری سیاسی كۆن و ناوەڕاست، و: سەلام كەریم عەلی، چاپی یەكەم، خانەی چاپ و بلاوكردنەوەی چوارچرا، چاپخانەی هێمن– سید سادق، هەرێمی كوردستانی عێراق، ٢٠٠٥، ل ٣٤٦

**سەردەمەكانیان:-**

## نالی

**سووتا ڕەواقی خانەیی سەبرم، دڵ ودەرون**

**نە یماوە غەیری گۆشەیی زیكرێكی یا سەبوور**

**هەم هەم عەنانی ئاهم وهەم هەم ڕیكابی ئەشك**

**ڕەحمێ بەم ئاه وئەشكە بكە، هەستە بێ قوسوور**

چكاوەی بابەت، ئەوەیە كە میرنشینی بابان ساڵی (١٨٥١ز) هەرەسی هێناوە، واتە كۆتایی هێنان بە دوا وێزگەی دەسەلاّتی میرنشینی كوردی بندەستی دەوڵەتی عوسمانی. ئەم هەرەسە، بە پلەی یەكەم، هەرەسهێنانێكی فەرهەنگی بووە. تێكشكانێك بووە، مرۆڤی كوردی لە ناسنامە تازەكەی (***ئەو ناسنامەیەی، پاش چەندین سەدە لە دوای هاتنی ئایینی ئیسلام وتێكشكانی یەكەم ناسنامە، كە زەردەشتیەت بووە وناسنامەی كەلتووریی ئێمەی لێكەوتووەتەوە، هاتە ئاراوە***)، نامۆ كرد.[1]

گەلی كورد، جیاواز لە نەتەوەكانیتر، لە نێوخۆدا هەردەم بواری ئایینیی زاڵكردووە بەسەر بوارە نەتەوەیی وزمانەوانی وكەلتووری وئایدیۆلۆژی وچینایەتی وبوارەكانی تردا. كورد لە مێژوودا، بەوە ناسرابوو كە تێكەڵبوونێكی ڕۆحیی وكۆمەلاّیەتی وكەلتووریی وفیكریی توندی هەبووە لەگەڵ ئایینی زەردەشتیدا، دیارە ئەوەش سەلمێنراوێكی مێژووییە. بەلاّم، دوای ئاوابوونی خۆری ئایینی زەردەشتی وكاڵبوونەوەی ئەم ئایینە لەو ناوچانەی كە پێشتر پێگە وبوونی ئەم ئایینەی لێ بەدیدەكرا، ئیدی ئاوابوونی ڕۆحی وكۆمەلاّیەتی كوردیشی بەدوای خۆیدا هێنا. بەو مانایەی، شكستی ئایینی زەردەشتی، شكستی نەتەوەی كوردی بەخۆوە بینی. بەتایبەت، دوای لەشكركێشییە یەكلەدوای یەكەكانی سوپای ئیسلامی. ئەوجا، باشتروایە بڵێین پێكهاتەكانی كۆمەڵگای كوردی، گشتی لەبەریەك هەڵوەشان، جارێكیتر بنەماكان لە

[1] ڕێبوار سیوەیلی: كتێبی نالی، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ وبلاّوكردنەوەی موكریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، كوردستان، ٢٠٠١، ل ٢٢٨

کۆمەڵگای کوردیدا بە شێوازێکیتر داڕێژرانەوە. بەو هۆیەوە، لایەنی هونەر وشیعر وئەدەبیاتیش، بەر شالأوی ئەو گۆڕانکارییانە کەوتن. [1]

**بەقوربانی عولوومی ئەووەلین وئاخیرینت بم**

**لەگەڵ ئەسراری قورئانت کەوا ئەلتافی سوبحانە**

بەڵگەنامە مێژووییەکان، گەواهی ئەوە دەدەن کە گەلی کورد دوابەدوای ئەو هەرەسە، لەلایەن شێخانی تەریقەت وسۆفیزم وپیاوانی ئایینییەوە جارێکیتر هەوڵی بەدەستهێنانەوەی ناسنامە وقەوارەی خێڵەکی ودەسەڵاتی ئیداری وسیاسی خۆی لە ناوچە خۆجێیەکاندا داوە، دواجاریش کۆمەڵێك بنەماڵەی نیشتمانپەروەر ڕۆڵی کارایان لە بزوتنەوە نەتەوەیی ونیشتمانییەکاندا گێڕاوە. مێژوو، زۆرجار ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە لە جیهاندا، چەندین دەسەڵاتی سیاسی پاش داڕمانیان، دووبارە وسەرلەنوێ دروستبوونەتەوە. هەڵبەت، پێشتر ناوکی پرۆسەی نەتەوەیی لەنێوخۆی ئەو کۆمەڵگە مرۆییانەدا چەکەرەی کردووە، ئەمەش بەمانای بوونی کەسانێکی ناسیۆنالیست لە دەسەڵاتدا ولەنێوخۆی ئەو کۆمەڵگایانەدا، کە کار لەسەر دروستکردنی ئەو پرۆسەیە وکاملکردنی هەستی نەتەوایەتی دەکەن، تا دواجار یەکێتییەك یان فیدراسیۆنێکی نەتەوەیی بەرهەم دێت. بەمەش، هەرگیز ئەو دەسەلأت وپێکهاتە کۆمەلأیەتییانە لەناوناچن. دەشێت، تووشی هەرەس، نسکۆ، داڕمانی دامەزراوەیی وکاتی ببن، بەلأم هەرگیز تووشی لەناوچوون ولەدەستدانی یەکجارەکی نابن.

بێمکووڕیکردن، هۆکاری ئەوەی کە کورد لەو سەردەمانەدا وئێستاشی لەگەڵدا بێت قەوارەیەکی سیاسی تەواو، یاخود بابڵێین فیدراسیۆنێکی نەتەوەیی بەدەست نەهێناوە، ئەوەیە کە ناوکی پرۆسەی نەتەوەیی پووچ بووە. بە مانای، کەسی ناسیۆنالیست بوونێکی ئەوتۆی نەبووە، تا کایەی ناسیۆنالیزم کارا بکات. دیارە، دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆش، لە غیابی ناسیۆنالیزمدا شتێکی مەحاڵە. [2]

بە پێچەوانەوە، لەبری پرۆسەی نەتەوەیی وفیدراسیۆن، هەردەم گەڕانەوە بۆ خێڵ، یاخود ئارەزووی پارێزگاریکردن لێی، ئەقڵییەتی تاکی کوردی نیشانداوە، هەردەم، گرنگیش ئەوە بووە ئەو تاکە تا چەند

---

[1] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی وڕوناکبیریی وەرزییە، ژمارە (٧)، بەشی روناکبیری مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەکات. چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٩٧– ٩٨

[2] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، چاپ وبلأوکردنەوەی ڕەنج، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٢٢

پەیوەست وئەندام بووە لەو خێڵەدا. تاکی کورد، لە بۆتەی خێڵدا توێنرابووەوە، بە شێوەیەك کە (سیستمی باو) بە بالاترین یاسا دادەنرا. هەموو کەسایەتی وچاکە وئاکار وزمان وهەڵسوکەوت ودابونەریتێکی لەپێناوی خێڵدا بوو. ئەمەش، لە کاتێکدا بوو کە ئەقڵییەتێکی بەرتەسکی خێڵەکی، سنوورەکەی خۆی پەسەند دەکرد وزاڵ بوو بەسەریدا. بێئەوەی ئەو ئەقڵییەتە، ڕێگە بدات بەو تاکە، کە بیربکاتەوە لە فیکرەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتمانیی جێگیر.[1]

## مورادم زیللەت و پاڕانەوەی حاڵە نەوەك نەعتە

## بە چەن بەیتێکی کوردانە کە قورئانت سەناخوانە

هەر لە سۆنگەی لەدەستدانی یەکەم ناسنامەی کوردی (زەردەشتی)، وملکەچبوون بۆ دووەم ناسنامە (ئیسلامی)، دەتوانین ئەوە بڵێین کە چەندە لەشکری عەرەبی ئیسلامی چووەتە قوولایی خاکی کوردستانەوە، هێندەش بەرگری کوردەکان زیادی کردووە. [2] بەلام، دواجار خۆبەدەستەوەدان ڕوویداوە، هۆکارەکەشی داگیرکاری وستەم وباجەکانی (خەراج وجزیە وزەکات) بووە کە بە زۆر لە خەڵکی ڕەش وڕووتی نەتەوە وئایینە نائیسلامییەکان (المستئمنون) سەندراوە، وسەپێنراوە بە سەریاندا. کۆمەڵگای کوردەواریش، یەکێك بووە لەوانە، ئەمە بێجگەلە دەوڵەمەندیی ناوچەکەش لە ڕووی سامانی سروشتییەوە، کە بووەتە هۆی زیادکردنی دەرامەتی دەوڵەتی ئیسلامی.٣

لێکۆڵەر ومێژوونووسی ئەرمەنی، ئارشاك ساڤراستیان، کە زۆربەی نووسینەکانی لەسەر مێژووی کورد وکوردستان بووە، ئاماژەی بەوە دابوو کە سیاسەتی پەیڕەوکراو لەو کاتانەدا بەو جۆرە بووە کە سەرکردە عەرەبەکانی لەشکری ئیسلام بە ناوی خەلیفەی موسڵمانانەوە، داوایان لە تێکڕای خەڵکی ناوچە داگیرکراوەکان کردووە کە دەبێت یان باوەڕ بە ئیسلام بێنن، وە یان سەرانە (جزیە) بدەن. هەڵبەت، ئەمەش بۆ

---

[1] باسيلي نيكيتين: الكرد، دراسة سوسيولوجية وتأريخية، ت: الدكتور نوري طالباني، الطبعة الثالثة، من منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني- السليمانية، ٢٠٠٧، ص ٢٩٤

[2] د. فرست مرعي: كردستان في القرن السابع الميلادي، من منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجيه- السليمانية ،٢٠٠٦،ص ١٩٠

[3] کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە مێژووی کورد، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕەهەند- سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٨٣

تەمێکردن وبە سووك تەماشاکردنی خەڵکی ناوچەکە نەبووە، هەروەك باس دەکرێت. بەڵکو، بۆ ئەوە بووە کە ببێتە سەرچاوەیەکی داهات ودەرامەت.[١]

سەرباری هەموو ئەوانەی باسکران، بە هاتنی ئیسلام وسەپاندنی ناسنامەی بوون بە موسوڵمان، کورد دوو باجی تری لەلایەن دەسەلآتی دەرەکییەوە لێسەندرا. یەکەمیان: باجی جیابوونەوە بوو لە گەلانی ناوچەکە. دووەمیشیان: باجی بەخود نامۆبوونی کورد بوو، لە ئاست فەرهەنگی هاوبەشی خۆیی وئەو گەلانەدا، وەڵێ ئەو فەرهەنگە هاوبەشەش زەردشتیەت بوو. کورد، پێویستی بە چەندین سەدە هەبوو، تا بتوانێت جێگرەوەیەك بۆ دابڕانەکەی بخوڵقێنێ، ولە هەمان کاتیشدا پرۆسەی جیابوونەوەی لە گەلانی دیکەی ناوچەکە بەردەوام بێت. ئەو جێگرەوەیەش، کە کورد دوای ئەو ماوە زۆرە بۆ خۆی دروستیکرد، ئەمارەت وحوکمە ناوچەییەکان بوو. گەرچی، لە ژێر دەسەلآتی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامدا کاریان دەکرد، بەلآم توانییان ئەو خەمی بێپشت وپەناییە لای ئینسانی کورد بڕەوێننەوە. دیارە، ئەمەش خەمێك بووە، دوای دابڕانی ئەم میللەتە لە ناسنامەی هاوبەشی یەکەمی دووچاری بووە.[٢]

سافراستیان، ئەو ڕاستییەش دەخاتە ڕوو، کە دەرکەوتن وخوێنگەرمیی وجۆش وخرۆشی ئایینیی وتیرەگەریی لەلای کورد یان دەرنەکەوتنی، بەپێی پێگەی جوگرافی وبارودۆخی مێژوویی بووە. هەرگیز، ئایین لەلای کورد، شکڵبەندیی توندڕەویی وچەقبەستوویی وەرنەگرتووە. ئایدیای (خوداوەند)ی تاك وتەنیا وبەتواناش لە هەموو بوارێکدا، ئایدیایەکی گەردوونییە وڕەگ وڕیشەیەکی قووڵی لە دەروونیاندا هەیە. هەڵبەت، ئەم بیروڕا وبڕوابوونەش، لەلای تێکڕای کورد باو وبلآوە.[٣]

**شاهیدی فیکرم کە بێتە جیلوەگاهی دولبەری**

**شاهی خوسرەو، رۆحی شیرینی بە قوربانی دەکا**

سەرباری ئەو بۆچوونەش، بەلآم کاریگەریی ئایین لەسەر تاکی کوردی نێو سەرجەم میرنشینەکان، بە ڕوونی دەبینرا، ئەمە وێڕای کاریگەریی خێڵایەتی وناوچەگەرێتی. ئاشکرایە، دەسەلآتی کوردی لە سەردەمی

---

[١] ارشاك سافراستيان: الكرد وكردستان، ت: الدكتور احمد محمود الخليل، الطبعة الثانية، مطبعة دار سردم للطباعة والنشر– سليمانية، كردستان، ٢٠٠٨، ص ٦٣

[٢] ڕێبوار سیوەیلی: کتێبی نالی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٩

[٣] أرشاك سافراستيان: الكرد وكردستان، ت: د. أحمد محمود الخليل، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع– دمشق، سوريا، ٢٠٠٨، ص ١٣٠– ١٣١

میرنشینەکاندا، زیاتر دەسەڵاتێکی خێڵەکی وناوچەگەریی داخراو بووە، وەك لەوەی دەسەڵاتێکی هەوڵدەر بۆ خستنەڕووی شوناس وپێگە وخەمخۆری یەکێتییەکی سەرتاسەری ونەتەوەیی بووبێت. هەردەم، کار بۆ دژایەتی ولەناوبردنی دەسەڵاتی یەکتری کراوە، هەوڵدراوە سنووری دەسەڵات لەسەر حسابی یەکتر فراوان بکرێت. تێکڕای میرنشینەکان، بوونەتە دوو بەرە، بەرەی سەر بەدەوڵەتی عوسمانی وبەرەی سەر بە دەوڵەتی سەفەوی. ئەمە ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکات، کە میرنشینەکان وێڕای زاڵبوونی عەقڵیەتی خێڵایەتی، ببوونە ئامراز لەبۆ بەئەنجام گەیاندنی ئامانجی سەرەکی دوو دەوڵەتی زلهێزی ڕکابەری یەکتر. میرنشینی ئەردەڵان وبابانیش، زیندووترین نموونەی مێژوویین. لەگەڵ ئەوەشدا، باڵادەستیی پیاوانی ئایینیی وسۆفیزم وململانێی تەریقەت، سەرباری ئەوەی هاوشێوەی ئەورووپای سەردەمی چاخەکانی ناوەڕاست سەنگ وشکۆی خۆیان هەبووە، ئیدی هێندەیتر ئاڵۆزییان لە کۆمەڵگادا دروستکردووە.

ناشێت، تەسەوری ئەوە بکرێت کە لە سەردەمی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکاندا، ئەقڵی سیاسی ئامادەبوونی تەواوی بووبێت. چونکە، گەر بوونی هەبوایە، ئەوا دەیتوانی بەرنامەی یەکگرتنەوە ویەکخستن ودروستکردنی فیدراسیۆن، لە نێوان میرنشینەکان وخێڵ وعەشیرەتەکانی کورددا بونیاد بنێت ولە دامەزراوێکی یەکگرتووی گەورەتردا کۆیان بکاتەوە. نەبوونی عەقڵی سیاسی لەو قۆناغەدا، میرنشینەکانی وەکو "دامەزراوەی ئیداری" دەرخستووە، کە سیاسەتی عوسمانی یاخود سەفەوییان لە سنووری دەسەڵاتەکەیاندا پیادە کردووە..[1]

لەلایەکیترەوە، سۆفیزم، لە دیارترین فاکتە بزوێنەرەکانی ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی دەوڵەتی عوسمانی بووە. هەژمورنی قووڵ وبەرفراوانی تەریقەتەکان، لەسەر دەوڵەت وکۆمەڵگا، تێکڕا سروشتێکی سۆفیگەرانەی تایبەتی بە کۆی ژیان بەخشیبوو، کە لە نەریت وڕێوڕەسمەکاندا بە ڕوونی ڕەنگیدابووەوە. تەریقەتەکان، بە گشتی لە سەردەمی عوسمانیدا، خزمەتی گەورەیان پێشکەش بە دەوڵەت کردبوو. بۆ نموونە، لە سەردەمی سوڵتان (عەبدولحەمید)دا، هاوکار ویاریدەدەری سوڵتان بوون لە جێبەجێکردنی سیاسەتی (پانئیسلامیزم) دا. ئەمەش وایکردبوو، لە ڕۆژگاری سوڵتانی ناوبراودا، شێخەکانی تەریقەت پێگە

---

[1] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢

وبايەخی تايبەتييان پێبدرێت. چونكە، مسۆگەركردنی پشتيوانيی ئەوان ونزيككردنەوەيان لە دەوڵەت، واتە مسۆگەركردنی لايەنگر ومريدەكانيان لە خوێندكارانی قوتابخانە ئايينييەكان وتەنانەت خەڵكی ڕەشۆكيش.[1]

**شێخم، چ گەرمە حەڵقەيی زيكرت بە ڕەشبەڵەك!**

**حاڵی ئەمانە خۆ بە جەنابت موحەووەلە!**

**دائيم لەدووتە مێگەلی ژن، نێرگەلی پياو**

**بەم ڕيشەوە لە پێشەوە بويی بە سەرگەلە!**

بە گەڕانەوەمان بۆ خودی بابەتەكە، دەكرێت بڵێين دەوری خێڵ لە مێژووی كوردانـدا، هێشـتا هەمەلايەنە تەماشا نەكراوە. لە سەيركردنی گێروگرفتەكانی مێژووی تازە وهەرە نوێی بزوتنەوەی كورديدا، ڕوانينێكی نێگەتيڤانە بۆ خێڵ سەريهەڵداوە. خێڵ، بە يەكێك لە تەگەرە سەرەكييەكان لەسەر ڕێگای پرۆسەی يەكبوونی (ئێتنۆ سياسی) كورداندا دانراوە. پارتيكوليارێزمی (پارچە پارچەيی يان پەرتوبڵاويی) خێڵەتی، بە نەفرەتی مێژووی كوردی ناوبراوە. هەميشە، ئايديۆلۆژيای خێڵەتی، سەركەوتووانە بەكارهێنراوە بۆ كپكردنی خەباتی نەتەوەيی وئازاديخوازی كوردان، ئەوەش فاكتێكە قسەی لەسەر نييە.[2]

بنەماڵەی دەسەڵاتداری ميرنشين، كە بازنەيەكی داخراو بووە، لە سنووری دەسەڵاتی داخراوی خۆياندا دەسەڵاتی ڕەهايان بەسەر پێكهاتەی خوارەوەی ميرنشيندا پيادە كردووە، وئەوانەی خوارەوە لە هەموو ماف وئازادييەك بێبەش بوون. يەكێك لە هۆكارەكانی ڕوخاندنی دەسەڵاتە ميرنشينييە كوردييەكان، نادڵسۆزی پێكهاتەی خوارەوەی ميرنشين بووە بۆ لوتكەی هەرەمی دەسەڵاتی ميرنشين، ئەوەش لە ئەنجامی ئەو سياسەت ورەفتارە توندوتيژ ونامرۆييانەی بەرانبەريان كراوە. ديارە، سوپا وپارێزەری ميرنشينيش، هەر خەڵكە ڕەش وڕووتەكەی سنووری دەسەڵاتی خۆی بووە، نەك سوپای ڕێكخراو. بۆيە، ئامادە نەبوون لەپێناوی پاراستنی ئەو دەسەڵاتە نامرۆييەی سەرەوەياندا، خۆيان بەخت بكەن. لەبەرئەوە، دەبينين بە

[1] خالد مەحمود كەريم: دەوڵەتی عوسمانی وعەشيرەتە كوردەكان لە كوردستانی باشوور ١٨٦٩- ١٩١٤، لە بڵاوكراوەكانی ئەكاديميای هۆشياری وپێگەياندنی كاديران- سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١٩٢

[2] ی. ئی. ڤاسيليەڤا: كوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات- لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە، و: د. ڕەشاد ميران، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبڵاوكردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٢٦١

گشتی، میرنشینەکانی کورد لە شەڕەکانیاندا لەگەڵ دەوڵەتانی عوسمانی یان فارسی، بەزوویی هەرەسیان هێناوە.[1]

لە ڕوانگەی هەموو ئەو زانیارییانەی باسکران، وخستنەڕووی ناسنامەی فەرهەنگی وڕەسەنی کوردی وسەرەنجامی هەرەسهێنان وتێکشکانی یەکەمی تاکی کورد لە ڕووی ناسنامەی زەردشتییەوە، ودووبارە هەڵسانەوەی ئەو تاکە وئاشنابوونی بە فەرهەنگێکیتر، نووسەری کورد (ڕێبوار سیوەیلی)، حەزرەتی نالی بە تێکشکانی دووەمەوە دەبەستێتەوە، کە تێکشکانی ناسنامە ومیرنشینە کوردییەکانە، لە سایەی باڵادەستی ئایینی ئیسلامیدا. بە بڕوای نووسەر، نالی، باشترین بەڵگەیە بۆ وێرانبوونی ناخی مرۆڤی کورد، لە دوای تێکشکانی دووەم وبەرەنجامی بەئاگاهاتنەوە.[2]

### هودهودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە یەقین

### خۆی کە دامێنگیری شاهی ئاسەفی سانی دەکات

ئەم تێکشکاندنە مێژووییانەی بەرۆکی کوردی گرتبووەوە، کاریگەری لە سەرجەم بوارەکاندا دروست کردبوو. ئەوجا، بواری نووسین کە یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی بوونی نەتەوە، کەوتبووە نێو گێژاوی پشتگوێخستن وتێکشکاندن. هەڵبەت، شیعریش، بوارێکیترە کە لێرەدا دەخرێتە سەر خوانی باسەکەمان. وەلێ، لە سەدەی نۆزدەوە تاوەکو سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم، زۆربەی شاعیرانی کورد دابەش ببوون بەسەر دوو ڕێبازدا. ڕێبازی یەکەم، خۆی لە ڕەوتێکی ئایینیی سۆفیزمدا دەبینییەوە، کە درێژەپێدەری ئەدەبی باو بوو، وێڕای نووسین ودووبارەکردنەوەی فێرکارییەکانی سۆفیزم وئامۆژگارییەکانی مەلا وپیاوانی ئایینیی. ئەمە وسەرباری کاریگەریی نووسین وشیعری فارسیش، کە لە شیعرەکانیاندا بە ڕوونی دەبینرا. لەوانەش، مەولانا خالید وشێخ مارفی نۆدێ ومەولەوی ومەحوی وئەحمەد بەگی کۆماسی ومەلا خالید ومەلا ساڵح وچەندینیتر. هەرچی ڕێبازی دووەمە، تازەگەریی بوو، لەگەڵ بوژاندنەوەی هۆنراوەی ئاواز وگۆرانی وڕۆحی نەتەوەیی وجەختکردن لەسەر هزر وبۆچوونەکان دەرکەوت. ئەمانە، کۆمەڵە شاعیرێك بوون، بەرەنگاری چەقبەستوویی فیکری شێخ ومەلاکان دەبوونەوە، ولەو ڕووەوە ڕەخنەیان ئاراستە دەکردن، کە هەرگیز ناتوانن لەگەڵ ژیانی سەردەمیانەدا خۆیان بگونجێنن. سەرباری ئەوەی، تاوانباریشیان دەکردن بە

---

[1] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١

[2] ڕێبوار سیوەیلی: کتێبی نالی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٦

**خۆپەرستی وتەمبەڵی زەینیی وڕێگریکردن لە ئازادی بیرکردنەوە. نالی وسالم وکوردی وپرتەو بەگی هەکاری وموفتی وحاجی قادری کۆیی وشێخ ڕەزای تاڵبانی وچەند شاعیرێکیتر، سەرقافڵەی ئەم ڕێبازە بوون.** [١]

**میستەر ڕیچ * وەك ڕۆژهەڵاتناس وگەڕیدەیەکی ئەوروپی، گەشتێکی تێر وتەسەلی بۆ کوردستان کردبوو، ماوەی حەوت مانگێك مابوەوە ودەربارەی هەردوو میرنشینی بابان وئەردەڵان شتگەلێکی نووسیبوو. کاتێك، ئاماژە بە ژیان وگوزەرانی میر وگزیر وپیاوانی ئاییینی ئەو سەردەمەی میرنشینی بابان دەدات، وزۆر ڕاستی دەربارەیان دەخاتە ڕوو، کە تێکڕای لە دووتوێی کتێبە بەنرخەکەیدا وەك بیرەوەری تۆمار کردووە، باس لەوە دەکات کە ئێوارەیەك یەکێك لە کەسە نزیکەکانی میر دڵخۆشی کردووە بەوەی لوولە کاغەزێکی درێژی پێچراوەی بۆهێناوە. ئەو دەڵێت: "لوولەکە، بریتی بوو لە زنجیرەی ناوی میرانی بنەماڵەی بابان، هەر لە ڕۆژگاری میر سلێمانەوە تا ئەمڕۆمان.... کاغەزەکان، بە خەتی فارسی نووسرابوونەوە. ئەم کاغەزانە، نرخێکی ئەوەندە گرانیان هەیە، نازانرێ چەندە."** [٢] **کەواتە، هێندەی زمانەکانیتر کار ومامەڵەیان پێکراوە، هێندە زمانی کوردی بەبڕشت وخەت وخاڵی نەبووە. کاتێکیش، نالی بە زمانی ڕەشۆکی کوردی شیعر دەنووسێت، ئەمە مانای خوڵقاندنی شۆڕشێکی فیکریی کۆمەڵایەتی ئەدەبیی زمانەوانیی ناوچەیی دوورەپەرێز لە ترادسیۆنە.**

**لێرەوە، گەیشتینە ئەو ڕاستییەی کە بەر لە حەزرەتی نالی، بە زاراوەکانی هەورامی وبادینانی یاخود باشترە بڵێین گۆرانی وکرمانجی ژووروو، شاعیرانی کورد شیعریان وتووە. بە شێوە زمانی کوردی نێوەڕاست یان کرمانجی ژێروو، بەیت وباو، حەیران وگۆرانی وتراون، بەڵام نەنووسراونەتەوە. زمانی نووسین وزانست**

---

[١] **توما بوا: الكرد، ت: صلاح عرفان، من منشورات مركز الدراسات الكوردية (كوردولوجي)– السليمانية، ٢٠١٠، ص ١٥١–١٥٢**

* **کلۆدیۆس جێیمس ڕیچ، (٢٨/ مارت/ ١٧٨٧– ٥/ تشرینی یەکەم/ ١٨٢١ز). میستەر ڕیچ لە ساڵی (١٨٢٠ز) دا ئەم بابەتە ناوازەیەی لە دوو بەرگدا کۆکردبووەوە، مەخابن فریای بڵاوکردنەوەی نەکەوتبوو، بەوەی نەخۆشی ڕشانەوە لە شاری (شیراز) بواری ناوبراوی نەدابوو وگیانی سپاردبوو. بەڵام دواتر ولە ساڵی (١٨٣٦ز) دا خاتوو ڕیچی هاوسەری، لە ژێر ناونیشانی (بەسەرهاتی نشینگەیی لە کوردستاندا) ئەم کتێبە بەنرخەی بڵاوکردبوەوە. پاش تێپەڕبوونی نزیکەی سەد ساڵ بەسەر نووسینی ئەم کتێبەدا، ساڵی (١٩٢٠ز) جارێکیتر وەك یەکەمین هەوڵ لە سلێمانی ولەلایەن (مێجەر سۆن)ەوە بە ناونیشانی (سلێمانی پێش سەد ساڵ) لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) دا چەند بەشێکی ئەم کتێبە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی. دواتر چەند کەسێکی دڵسۆز هەوڵ دەدەن تەواوی کتێبەکە وەرگێڕنە سەر زمانی کوردی بە سوپاسەوە.**

[٢] **کلۆدیۆس جێمس ڕیچ: گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان (١٨٢٠)، و: محەمەد حەمە باقی، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٢٧٥**

وئەدەب لە سەردەمی نالیدا، دوو زمانی پەرەگرتووی فارسی وعەرەبی بوون. [1] گەر، کاریگەریی دیالێکتی هەورامی وکرمانجی سەروو، کە سەرجەمیان دیالێکتی ناوخۆی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بوون وبنچینەی نووسینی شیعری کوردی بوون وەك هەوێنی ئەدەبی نووسراوی کوردی، هەروەها ئەگەر گەورەیی چوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانی (٩٣٥- ١٠٢٠ز) وشاعیرانی هاوزەمانی وئەوانی پێش ئەویش نەبوونایە، ئەوا زمانی کوردی بە سەرجەم دیالێکتەکانییەوە بەگشتی دەکەوتە بەر شالاوی لەناوچوون ولەبیرچوونەوە. هەرچەندە، زۆربەی زانستوانانی کورد وبیانی، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە پێش بابا تاهیریش نووسینی شیعری کوردی بە دیالێکتە کوردییە باوەکان نووسراون. بەڵام، ئەم زمانە پاراوە کوردییە نەك هەر خۆڕاگر بووە، بگرە زیاتریش پەرەیسەندووە ودیالێکتی کرمانجی خواروو بۆ نووسینی شیعر بۆ زیاد بووە، کە خۆی لە شاکاری کۆمەڵێك کەڵە شاعیری کورددا دەبینێتەوە.

ڕەنگە نەتوانرێ، کۆنترین تێکستی شیعری نووسراو بە لەهجەی گۆران دیاری بکرێ. وەلێ، هەندێ (بابا تاهیری عوریان) بە سەرەتا دائەنێن، هەندێك (مەلا پەرێشان)، هەندێکیش (سروودەکانی کاکەییەکان). ئەگەر، هەر کام لەمانە بە سەرەتا دابنرێ، هێشتا ئەشێ شیعری هەورامی بە بەراورد لەگەڵ شیعری کرمانجی سەروو وکرمانجی خواروو بە یەکێ لە کۆنترین تێکستی شیعری نووسراوی کوردی دابنرێ. ئەگەر، شیعرەکانی مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی، عەلی حەریری، پرتەو بەگی هەکاری، ..... بە دامەزرێنەرانی مەدرەسەی ئەدەبیی کرمانجی سەروو دابنرێن. وە ئەگەر، شیعرەکانی نالی، سالم، کوردی، بە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی شیعری بابان، وئەگەر نووسینەکانی مەولانا خالید، شێخ حسێنی قازی، بە سەرەتای نووسینی پەخشان بە کرمانجی خواروو دابنرێ، ونووسینەکانی مەلا مەحموودی بایەزیدی، بە سەرەتای نووسینی پەخشان بە کرمانجی سەروو دابنرێ، هێشتا تێکستەکانی شیعری هەورامی لەوان کۆنترن. [2]

لە لایەکەوە، گەر ئەو کارە ناوازەیەی حەزرەتی نالی لە بەکارهێنانی زمانی ڕەشۆکی ناوچەکەی، قوتابخانەی شیعری کلاسیکی ودیالێکتی سلێمانی بۆ دیالێکتگەلی زمانی کوردی چەسپاندبێ، ولە ڕوانگەی زمان وئەدەبی کوردییەوە مایەی سوپاسگوزاری ودەستخۆشی بێت وبە گەشەسەندنی زمانەکەمانی دابنێین، ئەوا لەلایەکیتریشەوە، دەکرێت وەك کاردانەوە وبەرپەرچدانەوەی میرنشینی بابان لەبۆ دەوڵەمەندیی ئەدەب

---

[1] عبدالحمید حسینی: نالیی لە ڕوانگەی سەپان کوردییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کولتووری کورد/ نۆرنبێرگ،ئەڵمان، چاپخانەی بینایی- سلێمانی، ٢٠١٣، ل ٨٩

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین: بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی یەکەم، چاپی یەکەم، الدار العربیە للعلوم/ ناشرون، بیروت- لبنان، ٢٠١٢، ل ٢٣٧- ٢٣٨

وشيعری هەورامی ونەریت ودیالێکتی گۆرانی میرنشینی ئەردەڵانی سەیربکرێ. هەرگیز، هەوڵی نالی بێ ئەرزش سەیر ناکرێ وناخرێتە خانەی بەرپەرچدانەوە، بەڵام ناوبراو لە ژینگەیەکدا ژیاوە کە ڕق وکینە وململانێ ودژایەتیکردن، دیار وسیمای سەرەکی بووە. واتە، ئەو میرنشینەی نالی گۆش کردووە، هاوشێوەی میرنشینگەلی کوردی لە دژایەتی یەکتر ودابەشبوون بەسەر دوو دەوڵەتی ئیقلیمیی بەهێزدا بووە. هەندێك بۆچوونیش هەیە، ئاماژە بەوە دەدەن، گوایە میرنشینی بابان، کە لە بنچینەدا دیالێکتێکی تریان هەڵبژاردووە جگە لە دیالێکتی گۆرانی، ئەوە مەبەست لێی دژایەتی وبەربەرەکانیی ئەردەڵانییەکان بووە. [1] بەتایبەت، لە دوای ڕووداوی ساڵی (١٢٤٧ك) (١٨٣١– ١٨٣٢ز)، کە مەحموود پاشای بابان بە یارمەتی خوسرەوخانی ئەردەڵان هێرش دەکاتە سەر سلێمانی. نالی، لە پارچە شیعرێکدا، باسی ئەم هێرشکردنەی کردووە ودەڵێ:

کۆنە میری شاری ( غەمها ) وەك کزەی بادی دەبوور

بوو بە پێشەنگ وتەلیعەی لەشکری شایانی زوور

خۆی قیڕانی نەحسە، موررِیخە لەسەر خاکی بەبان

خانە وێرانن بەدەست والی وجنوودی وەك ستوور

ئێرەجی کورد میری بابان بوو بە مەغزووبی جیهان

شوکلی والی وکاکی پاشا بوونە جووتەی سەلم وتوور [2]

کاکە محەمەدی حەمە باقی نووسەر و وەرگێڕ، لە پەڕتووکەکەی میستەر ڕیچدا کە هەر بەڕێزیشی وەریگێڕاوە، ئاماژە بەم دیاردەیە دەدات، کە تەنانەت ڕیچیش، نەك هەستی بەو دژایەتی وجیاکارییەی ئەم دوو میرنشینە کردووە، بەڵکو خودی ڕیچ لە ئەنجامی گەشتەکەی بۆ ئەم دوو میرنشینە ولە تۆمارکردنی ڕۆژانەیدا، بێلایەن نابێت وبێپەروا هەموو لایەنێکی نەریت وڕەوشتی کوردانی قەڵەمڕەوی میرنشینی بابانی

[1] سردم العربي: مجلة فصلية ثقافية عامة، تصدر عن دار سردم للطباعة والنشر في السليمانية، السنة الثانية– العدد الثامن، ربيع ٢٠٠٥، ص ٣١

[2] عبدالحميد حسيني: نالیی لە ڕوانگەی سەپان کوردییەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧

خۆش ویستووه. به هەمان بێپەروایشەوە، بڕیاری خێرا وتوندی لەگەڵ دەروونی خۆیدا داوه که به قێز وبێزەوه له هەموو نەریت وڕەوشتی کۆمەڵگای کوردانی قەڵەمڕەوی میرنشینی ئەردەڵان بڕوانێ، وهەست بکات جیاوازی ودەلاقەیەك له نێوان سەرتاپای ڕەوشت وئاکاری کوردانی ئەم دوو قەڵەمڕەوەدا هەیه، وئەوەی یەکەمیان بەسەر دووەمدا پەسەند بکات. [1] کەواته، دەشێت بوترێت که هەڵوێستی ڕیچیش هاوشێوەی نالی شاعیر، ڕەنگدانەوەی ژینگەی میرنشینەکه بووه که دواتر ئەویش ڕەنگدانەوەی گشتی سەرجەم میرنشینەکان وزاڵبوونی عەقڵیەتی خێڵایەتی ودواکەوتوویی ونەبوونی یەك گوتاریی بووه لەو سەردەمەدا.

باشتر وایه پێش ئەوەی بچمه سەر بابەت وڕووپەڕێکیتر، تێبینییەك لەسەر ئەم بۆچوونه نەرێنییەی ڕیچ له دەم کاکه حەمەوه دەربارەی میرنشینی ئەردەڵان وخودی (ئەمانوڵڵا) خان بخەمه ڕوو. ئەویش، ئەو ئاماژەدانه ئەرێنییەی (مێجەر سۆن)ه به ئەمانوڵڵا خان، که له زاری میستەر ڕیچەوه وتراوه وگێڕاویەتییەوه، که گوایه ڕیچ له ساڵی (١٨٢٠ز) دا سەردانی (ئەمانوڵڵا خان) والی سنەی کردووه وسەری سووڕماوه لەو هەموو گرنگییەی خان داویەتی به لایەنی ئەدەب له وڵاتەکەدا، وه لەو هەموو دەست ودڵ باشییه لەگەڵ میوانەکانیدا. [2] بەڵام، ئاشکرایه، که مێجەر سۆن له سلێمانیدا کەسێکی توندڕەو ودڵ پڕ له کینه بەرانبەر به بنەماڵەی شێخان بووه، وهیچ دوور نییه ئەمیش بێپەروا وپاشەملە نەکەوتبێبە سەرزەنشتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی سلێمانی وستایشکردن وپیاهەڵدانی خەڵکی میرنشینی ئەردەڵان. ئەوەتا، هەر میستەر ڕیچ خۆی له گەشتنامەکەیدا باس له ئەمانوڵڵا خان دەکات ودەڵێت: "کاتێ که ئەو تووڕەییەی دەردەکەوێ، وایلێکردم بڕوا بکەم که سەرکردەیەکی ترسناکه. له ڕاستیدا، هەرچیم لەسەری بیستووه، ئەوه دەسەلمێنن که پیاوێکی فێڵاوی وقیناوی وزاڵمه." [3]

لێرەوه بۆمان ڕوون دەبێتەوه، که هەڵوێستی مێجەر سۆنیش، ڕەنگدانەوەی نەرێنیی ژینگه وناخ وعەقڵیەتی خۆی بووه وبێلایەنانه شتی نەنووسیوه. بڕیاری خێرا وتوندیشی لەگەڵ دەروونی خۆیدا داوه، که به قێز وبێزەوه له هەموو نەریت وڕەوشتی کۆمەڵگای سلێمانی بەگشتی وبنەماڵەی شێخان بەتایبەتی لەو دەمەدا بڕوانێ. وێڕای هەموو ئەم ئاماژەپێدان وبەڵگەنامانەی باسکران ودەشبێت بخرێنه ڕوو، بەڵام پێمخۆشه ئەوەش بخەمه ڕوو، که خودی حەزرەتی نالی ومەحموود پاشای بابان وئەمانوڵڵا خانی ئەردەڵان وسەرجەم میرەکان وشاعیران وکەسایەتییەکانی ئەو سەردەمه، به هەموو کاره ئەرێنی ونەرێنییەکانیشیانەوە،

---

[1] کلۆدیۆس جێمس ڕیچ: گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان (١٨٢٠)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨

[2] مەیجەر سۆن: سلێمانی– ناوچەیەك له کوردستان، و: مینه، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٢١

[3] کلۆدیۆس جێمس ڕیچ: گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان (١٨٢٠)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٩

بەشێکی گرنگی مێژووی گەلی کوردن، کە هەرگیز ناکرێت بە چاوێکی کەم سەیریان بکرێت. گەر مێژووی گەلانیش بخوێنینەوە، ئەوا زۆر نموونەی سەیر وسەمەرە لەبارەی دەسەلأت وکەسایەتییەکانیانەوە دەبینین، کە سەرباری ئەوەش مێژووی ئەو گەلانەن وسووکایەتییان پێناکرێت.

عەتا قەرەداخی نووسەر، لە کتێبی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردیدا، ئەوە ئاشکرا دەکات ودەڵێت: "هەریەکە لە شاعیرانی بابان بە جۆرێك شیعریان بۆ میرنشین ودەسەلأتی بابان نووسیوە، کە پەیوەستبوونی ئەو شاعیرانە بە میرنشینەوە نیشان دەدات. نالی، لە چامەکەیدا کە لە شامەوە نووسیویەتی ولەو شیعرەیدا کە بۆ وەسفی پاسەوانەکانی ئەحمەد پاشای نووسیوە، پەیوەستبوونی تەواوەتی خۆی بە دەسەلأتی میرنشینی بابانەوە نیشان دەدات. سالم، لە قەسیدەی (لێمگەڕێن) و وەلأمی نامەکەی نالیدا، بەتەواوەتی پەیوەستبوونی خۆی بە دەسەلأتی میرنشینەوە نیشان دەدات. کوردیش، پەیوەستی خاکی بابان وسلێمانییە." تەنانەت، ناوبراو، قەسیدەکەی نالی بۆ مەستوورەی ئەردەلأنی، بە جۆرێك لە گوزارشتکردنی سیاسەتی میرنشینی بابان بەرانبەر بە دەسەلأتی میرنشینی ئەردەلأن لەقەڵەم دەدات. [1]

**ئەم تاقمەمومتازە، کە وا خاسسەیی شاهن**

**ئاشووبی دڵی مەملەکەت وقەلبی سوپاهن**

**سەف سەف کە دەوەستن بە نەزەر خەتتی شوعاعن**

**حەلقە کە دەبەستن وەکو خەرمانەیی ماهن**

پێشتر، ئاماژەمان بەوەدا کە لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکاندا لەبری یەکێتی ویەکگوتاریی، ململانێ ودژایەتیکردن وناوچەگەریی بوونی هەبووە. کەواتە، هەرگیز وێنای ئەوەش ناکرێت کە لەو سەردەمانەدا ولەنێو دەسەلأتی کوردیدا "عەقڵی سیاسی" بوونی هەبووبێ. بەوەی، گەر ببوایە، دەبوو بنەما وسیستمێکی یەکگرتنەوەی سەرجەم میرنشینەکان لە فیدراسیۆنێکدا بوونی هەبوایە. بەمانای، گۆڕان لە دامەزراوەی خێڵەکییەوە بۆ دامەزراوەیەکی سیستماتیکی یەکگرتووی گەورە، کە دەوڵەتە.

[1] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦- ٩٨

**دەوترێت، کۆمەڵگا لە پەرەسەندنی سروشتیی خۆیدا، دەگاتە ئاستی دروستکردنی دەوڵەت، کە ئەمەش ئامانجێکی ئاوەزمەندانەی مرۆڤە. بەلاَم، کۆمەڵگای کوردی، لەبەرئەوەی گەشەسەندن وپەرەسەندنی سروشتی بەخۆوە نەدیوە، بۆیە لەبری دەوڵەت، دامەزراوەی خێڵەکی بەرهەمهێناوە. واتە، هیگڵ وتەنی: ڕەوتی مێژوو، نەگەیشتووەتە دوا مەنزڵگەی خۆی کە دەوڵەتە." [1] مەخابن، میرانی کورد، نەك بێخەبەر بوون لە دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکگرتووی کوردی، بگرە هێندە ئاگاداری مێژووەکەی خۆشیان نەبوون. ئەوەتا، هەر ڕیچ دەڵێت: "لەگەڵ میردا (مەحموود پاشای بابان– نووسەر) باسی مێژووی کوردستانم کرد، پێم بە جەرگی خۆمدا نا وسەرسامیی خۆمم بۆ باسکرد، کە بۆچی ئاگاداری تەواوی مێژووی بنەماڵەکەیان نییە؟ لە وەلاَمدا، پێیوتم، ئەو مێژووە شایستەی نووسینەوە نییە. چونکە، مێژووی بنەماڵەیەکی دەسەلاَتدار نییە. بەڵکو، مێژووی خێڵێکی سادەیە." هەروەها درێژەی پێدەدات ودەڵێت: " میر، وتی جگە لە مێژووی پێغەمبەران وپیاوچاکان، ئەوەندەی بتوانم لە ڕۆژگار وگوزەرانیان بزانم، ئیتر زۆر تامەزرۆی مێژوو نیم ولە (شانامە)ش زیاتر شتێکیتر ناخوێنمەوە." [2]**

**کۆتا وتە، بە وتەیەکی هەژاری کەڵە شاعیر ومێژوونووسی کورد تەواو دەکەم، کە لە پێشەکی شەرەفنامە وەرگێڕدراوەکەیدا نووسیویەتی وباس لە نەگبەتی وخۆبەکەمزانی میللەتی کورد دەکات. هەژار، دەڵێت: "گەر لە سەرتاسەری شەرەفنامە بڕوانی، جگە لە شەرەفخان ودوو سێ بنەماڵەی خزمیان نەبێ کە خۆیان داوەتە پاڵ ساسانی وبەرمەکییەکان، ئیدی هەموو میرە کوردێك عارەبێکی بە ئارەزووی خۆی هەڵبژاردووە وڕەگەز وبنچینەی خۆی پێ هەڵپەساردووە. جا ئەگەر، باپیرە لە درۆ داتاشراوەکەی کۆنەمیر وگزیریش نەبووبێ، ئەوا هەر هیچ نەبێ دەرۆزەکەر وگۆشەگیرێك بووە." [3]**

***دانتێ***

---

**[1] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٥، ل ٣٦٧**

**[2] کلۆدیۆس جێمس ڕیچ: گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان (١٨٢٠)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٤– ٢٧٥**

**[3] شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، و: هەژار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩**

هەرگیز، نابێت پێمانوابێت، کە تەواوی سەدەکانی ناوەڕاست لە ژێر هەژموونی ئەقڵیەتی میتۆلۆژی وخورافیدا بووە. ئەمە، ڕەنگە بۆ ئەو ماوەیە ڕاست بێت، کە دەکەوێتە نێوان سەدەی پێنجەم ودەیەم. بەڵام، لە قۆناغی دووەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە سەدەی یازدە تا سەدەی چواردە دەخایەنێت، بارودۆخەکە گۆڕانی بەسەردا دێت. شایەنی باسە، ئەقڵانیەت، لە سەدەی دوازدەوە هاتە ناو ئەوروپاوە ولە سەدەی سیازدەدا گەیشتە ئەوپەڕی. پاشان، لە هەڵکشاندا بوو تا لە سەدەی شازدەهەمدا گەیشتە سەردەمی ڕێنیسانس. کەواتە، سەدە زۆر تاریك وئەنگوستەچاوەکان، ئەو سەدانەن کە لە سەدەی پێنجەمی زایینەوە دەستپێدەکەن وتا سەدەی یازدە دەخایەنن.[١]

لە سەدەی سیازدەهەمدا، یەکەم بەرەوپێشچوون وگەشەکردنی ڕاستەقینەی فیکری وشارستانی لە ئەوروپا، لە پاش داڕمانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییەوە ڕوویدا. لەم سەردەمەدا، کەلتووری کریستیانی وئیسلامی، بە تەواوی کاریان کردبووە سەر یەکتری. وەلێ، فەلسەفەی ئەریستۆتالیس، لە ڕێگەی جیهانی عەرەبییەوە گەڕایەوە بۆ ئەوروپا. وێڕای ئەوەی، ئەم سەدەیە خاوەنی کۆمەڵێك فەیلەسووف بووە، بەڵام بەپێی بۆچوونی زۆربەی شارەزایان، بەناوبانگترین فەیلەسووفی سەدەی سیازدەهەم لە دوای (ئۆگۆستینەوە) (٣٥٤- ٤٣٠ز)، واتە دوای (٨٠٠) ساڵ، (تۆماس ئەکوینی) (١٢٢٥- ١٢٧٤ز) بووە.[٢]

تۆما، لە هەوڵی کۆکردنەوەی مەسیحایەتی وفەلسەفەی ئەریستۆدا، گەورەترین سەرکەوتن وئەنجامی بەدەستهێنا. لە بیروڕای سەردەمی ناڤیندا، کە ڕیشەی لە ئەفلاتۆنیزمی نوێدا هەبوو، زانیاری بەرهەست وبە گشتیش هەموو شتێکی لەشەکی ودونیاکرد، زۆر جار بە چاوێکی نزم سەیر دەکرا وتەنانەت بە تاوانیش دادەنرا. بەرانبەر ئەوەش، تۆماس وپەیڕەوانی دیکەی ئەرستۆ، داکەوتی فیزیکییان بە چاکە دادەنا گەر بخرایەتە خزمەتی ئامانجی بەرز وگیانەکییەوە. بە خراپەشیان دادەنا، گەر زاڵ ببوایە بەسەر لایەنی گیانەکیدا. وەك ئەوەی، ئارەزووی لەشەکی وساخڵەمی، لە پێش شادمانیی بەهەشتییەوە دابنرێ.[٣]

لەم سەروبەندەدا، پیاوانی ئایینی مەسیحی، کەوتنە پرسیارکردن لەوەی: ئایا دەشێت بیروباوەڕێکی موقەدەس، بگۆڕدرێت بۆ زانست؟ دەکرێت، لۆژیکی ئەرستۆتالیسی بەسەر ئەو بیروباوەڕە ئایینییەدا

---

[١] هاشم ساڵح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەری ئەورووپی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥

[٢] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: لە سویدییەوە عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١١٠- ١١١

[٣] سڤێن- ئێرك لیدمان: ڕێگوزەری بیری سیاسی، و: ئاسۆس شەفیق، چاپی سێیەم، وەشانی ئاپێك- سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٩، ل ٧٩

**پراکتیزە بکرێت، بەبێ ئەوەی ئەو پرۆسەیە ببێتە مایەی شێواندنی؟ بەم جۆرە، ئەم کێشەیە بووە بابەتێکی سەرەکی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە ئەویش مەسەلەی گونجاندنی زانست وئایین، یاخود ئەقڵ وئیمان بوو. دیارە، ئەمەش بووە مایەی دابەشبوونی خەڵکی ئەو سەردەمە، بەسەر سێ بەرەدا. بەرەیەکیان، لەگەڵ ئایین وخوداپەرستی بوون. دووەمیشیان، لایەنگری ئەقڵ وزانست. سێیەمیشیان، لە هەوڵی پێکگەیاندنی ئەم دوو بەرە ناکۆکەدا بوون. بەمجۆرە، یەکەمین پێکهاتەی ئایدیۆلۆژی مەزن، لە خۆرئاوا فۆرمەلە بوو. ئەو کەسەی، دەستی لە فۆرمەلەکردنیدا هەبوو، قەشە تۆما ئەکوینی بوو. [1]**

**فەلسەفەی کریستیانی، لە سەرەتاوە بە بەکارهێنانی فەلسەفەی پلاتۆیزم ونیوپلاتۆیزم گەشەی کردبوو، بەڵام لەمەودوا کە فەلسەفەی ئەریستۆتالیس گەڕاوەتەوە ومەسیحیەت پێی ئاشنابووە، ئەوا دەبێت ئەم فەلسەفەیەش لەناو خۆیدا بتوێنێتەوە. تۆمیزم، واتە ئەو فەلسەفەیەی تۆما دایناوە وبە ناوی خۆیەوە ناسراوە، بەزۆری بریتی بووە لە پێکەوە گونجاندنێکی سەرکەوتووانەی مەسیحیەتێکی موتوربەکراو بە پلاتۆیزم لەگەڵ فەلسەفەی ئەریستۆتالیسدا. [2]**

**ئەگەر، سەرنج وفەلسەفە وبیروبۆچوونەکانی (تۆماس ئەکوینی)، زۆرترین ڕەنگدانەوەی لەسەر زانایانی مەسیحی هەبووبێت، وبووبێتە مەزهەبێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی فەرمی ئایینی مەسیحی، ئەوا ئەو بیروڕا کۆمەڵایەتی وسیاسییانەشی (دانتێ) لە کتێبی (لەبارەی خاوەنداریێتی) (Le Monarchia) دا بڵاویکردبوونەوە، زۆرترین ڕەنگدانەوەی لەسەر مەسیحیەت هەبووە وبۆتە مایەی تووڕەبوونی کڵێسا وپیاوانی ئایینی لەو سەردەمەدا، بەجۆرێك کە (پاپا یۆحەنای بیست ودووەم) ساڵی (١٣٢٩ز) فەرمانی دەرکردبوو بە سووتاندنی ئەو کتێبە وبە دەرچوون ولادان لە ئایینی مەسیحی ناویبردبوو. هەروەها، ساڵی (١٥٥٤ز)، پاپای ئەو کاتەی ڤاتیکان فەرمانێکی دیکەی دەرکردبوو، کە تیایدا ئاڵوگۆڕکردنی ئەم کتێبەی بە هەموو جۆرێك قەدەغە کردبوو. بە شێوەیەك، کە ئەم قەدەغەکردنە تا چەند ساڵێکی کەمی پێش ئێستا لەسەر ئەم کتێبە لانەچووبوو. [3]**

**کەواتە، ئەم زانیارییانە، دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە بڵێین: ئەوە هەر قەشە وفەیلەسووفەکان نەبوون کە لە قۆناغی دووەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا توانیبوویان ئەقڵ وئیمان، یاخود لاهووت وزانست**

---

[1] **هاشم ساڵح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەری ئەورووپی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠**

[2] **برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٢**

[3] **د. غانم محمد صالح: الفكر السياسي القديم و الوسط، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، مديرية دار الكتب للطباعة و النشر- بغداد، عراق، ١٩٨٨، ص ٢٠٩**

**لەگەڵ یەکدا ئاشت بکەنەوە، بەڵکو بە درێژایی (١٠٠٠) ساڵی تێکڕای سەدەکانی ناوەڕاست، چینەکانی تری کۆمەڵگای ئەوروپی، هاوکار وخەمخۆر بوون. بەوەی، کەسێکی وەك دانتیٚ، لەگەڵ ئەوەی شاعیر بووە، بەلاّم ڕۆڵبینینی ئەو هیچی لەوەی ئەکوینی هاوسەردەمی خۆی، کەمتر نەبووە. یاخود، دەکرێت هاوشێوەی (ڤۆڵتێر)ی گەورە شاعیر وڕەخنەگری سەردەمی ڕۆشنگەری بچوێنین. کەواتە، دانتێی شاعیر، وەك ئەوانی دی یارمەتیدەر بووە لە فراژووتن وگۆڕینی بنەماکانی تیۆلۆجی وئەتمۆسفێری ترادسیۆنی کۆمەڵگاکەی. ئەمە، وێڕای فەراهەمبوونی ڕیفۆرم وئەزموونگەرایی وداهێنانی چاپەمەنی وبەهێزی ڕۆڵ وپێگەی نووسەران وئەدیبان وهونەرمەندان وبیرمەندان وزانایان وتوێژەران وکەسایەتییە سیاسییە ناودارەکانی ئەو سەردەمانە.**

**گەر بزانین، ڕێنیسانسی فیکریی لە ئەوروپادا، چۆن ڕوویدا وئەوروپاییەکان چۆن لە سەدەی ناوەڕاست دەرباز بوون وداخڵ بە مۆدێرنە بوون، سەرەتا پێویستە ئەم پرسیارە بکەین، کە یەکەمجار ئاقاری مرۆگەریی کەی هاتە ئاراوە ومانای چی دەگەیەنێت؟ سەبارەت بەم تێرمە بەناوبانگە، لە مێژووی فیکردا، پێویستە جیاوازی لە نێوان ڕاناو وناودا بکەین. ڕاناوی مرۆیی (humaniste)، لە زمانە ئەوروپییەکاندا، لە سەدەی شازدەهەمەوە وبە دیاریکراوی لە ساڵی (١٥٣٩ز) دا هاتووەتە ئاراوە. بەلاّم، ئاقاری مرۆگەریی (humanisme)، تەنها لە سەدەی نۆزدەهەمدا هاتە ئاراوە. لە کۆندا، (humaniste) بەو توێژەرانە دەوترا، کە لە بواری زانست، بەتایبەت زانستی یۆنانی وڕۆمانیدا شارەزا بوون.**

**یەکەمجار، (humaniste)ەکان لە ئیتالیا دەرکەوتن، ودواتر لە تەواوی ئەوروپادا پەیدا بوون. دەرکەوتنیشیان، لە نێوان سەدەی چواردە وشازدەدا بوو. با بزانین، کیٚ یەکەم بیریاری (humaniste) بووە؟ زۆرێك، دەڵێن (پەترارك) (١٣٠٤– ١٣٧٤ز)، هەندێکی تریش پێیان وایە (دانتیٚ) (١٢٦٥– ١٣٢١ز)یە. ئاشکرایە، کە سەردەمی ڕێنیسانس، یەکێك بووە لە سەردەمە گەشبینەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، تەواو وەك سەردەمی ڕۆشنگەریی.** [1] **لێرەوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە دانتیٚ لەگەڵئەوەی شاعیرێکی مەزن وسیاسییەکی ناوداری سەردەمەکەی خۆی بووە، لە هەمان کاتدا هیومانیست ومرۆڤدۆستیش بووە.**

**دیارە، ئەوە پشتڕاست کراوەتەوە، کە سەرەتاکانی سەردەمی ڕۆشنگەری بۆ ڕێنیسانس دەگەڕێتەوە، بۆ نۆژەنکردنەوە وفێربوون کە پاش چەند سەدەیەك لە گەشەی فیکریی ناو سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا، نزیك لە ساڵی (١٣٥٠ز)یەوە دەستپێکرد. سەردەمی ڕێنیسانس، قۆناغێك بوو کە جەختی لەسەر خوێندنەوە، ڕاهێنان وچاکسازی خۆیی دەکردەوە. بیرمەندان، نووسەران، هونەرمەندانی ئەدەبی کلاسیکی**

---

[1] **هاشم ساڵح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەری ئەورووپی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨– ٦٩**

**یۆنان وڕۆم، که له سەدەکانی ناوەڕاستەوە بە هێند وەرنەگیرابوون یان هەر لەبیر کرابوون، بە سەربەرزی وشانازییەوە سەرلەنوێ دەرکەوتنەوە. بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵە کەسێکی بەتوانای سەردەمی ڕێنیسانسیش بەرهەمگەلێکی داهێنەرانەیان لە ئەدەبیات، هونەر وبیناسازیدا خوڵقاند وبنچینەی زانستی نوێیان داڕشت.** [1]

**هەر لە نێوکۆی سەردەمەکەیەوە، دەکرێت ئاماژە بە ژیانی سیاسی دانتێ بدەین، بەوەی سەرەتاکەی ساڵی (١٢٨٩ز) لە جەنگی (کامبڵدینۆ)وە دەستپێدەکات، کاتێك کە جوامێرانە جەنگیبوو. وەلێ، لە ساڵی (١٢٩٥ز) دا، ئەو بە تەواوی ڕۆچووبووە نێو ژیانی سیاسییەوە، وهەر هەمان ساڵیش بۆ (ئەنجوومەنی شار) هەڵبژێردرا. دیارە، لەو کاتەدا فلۆرەنسە تەنها دوو پارتی سیاسی تێدا بووە.**

**یەکەمیان:** The guelphs

**ئەم پارتە، بڕوای وابوو کە پاپا دەبێت تەنها فەرمانڕەوای کڵێسای کاتۆلیکی بێت، ناکرێت بەشداری لە کاروباری وڵات وعەلمانییەتدا بکات.**

**دووەمیان:** The ghibellines

**بەڵام ئەم پارتەیان، بڕوای وابوو کە دەکرێت پاپا گرنگی بە هەردوو بواری دینی ودنیەوی بدات.**

**دانتێ، وێڕای ئەوەی ئەندامێکی پارتەکەی یەکەم بوو، هەردەم بە مەبەستی گفتوگۆ وڕێکخستنی وتووێژی ئاشتییانەی نێوان ئەم دوو پارتە سیاسییە بەرهەڵستکارە لە جووڵەدا بوو. وەلێ، بەرهەڵستیکردنی بەردەوامی دانتێ لەبۆ سیاسەتی دەستێوەردانی پاپا، هەردەم مایەی سەرئێشە بووە بۆی. دیارە، دەرەنجامی ئەم بەرهەڵستیکردن وسەرکێشییەش، خوڵقێنەری تاوانێکی قێزەونی هەڵبەستراو بوو بۆ دانتێ، کاتێك بە سەردانێکی فەرمی لە ڕۆما بوو بە مەبەستی گرێدانی ڕێککەوتنێك لە نێوان ئەم دوو پارتەدا. وەلێ، گەندەڵی وئاژاوەگێڕی ودژایەتیکردنی پاپا، چڵەپۆپەی ئەو تاوانە هەڵبەستراوانە بوون کە بەهۆیەوە دانتێی پێ تاوانبار کرا. هەربۆیە، دواتر ناوبراو بۆ "ئەنجوومەن" بە مەبەستی بەرگریکردن لەخۆ بانگهێشت دەکرێ. بەڵام، ترسی زۆری دانتێ لە دەرەنجامەکان ولە ژیانی خۆی، ڕێگربوون لەوەی لەبەردەم ئەنجوومەن ئامادە ببێ وبەرگری لەخۆی بکات، لەبەرانبەر ئەو تاوانانەی بۆی هەڵبەسترابوو. سەربار، لە ئەنجامی ئەم**

---

[1] **جان ئێم دان: سەردەمی ڕۆشنگەری، و: محمد ولی کاکایی، جیهانگیری غەفاری، زنجیرەی مێژووی جیهان، چاپی یەکەم، خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا– سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٨**

ئامادەنەبوونەدا، ئیدی توندترین سزای بەسەردا سەپێنرا. بەهۆیەوە، تەواوی موڵك وماڵی دەستی بەسەردا گیرا، وفەرمانی دوورخستنەوە بۆ خۆیی وهەردوو کوڕەکەشی دەرکرا. دواتر، فەرمانی ئەوەشی بۆ دەرچوو، کە ئەگەر بکەونە بۆسەوە وبگیرێن ئەوا دەبێت بسووتێنرێن. هەژیی گۆتنە، ساڵی (١٣٠٢ز) سزای دوورخستنەوە لە وڵاتی ئیتالیای بەیەکجاری بەسەردا سەپێنرا. [١]

**ئەوینداریيان:-**

***نالی***

**عەشق سوڵتانێکە، هەر گا ڕوو لە وێرانیٚ بکات**

**ئاهی سەرد وئەشکی گەرم وقەڵبی بوریانی دەویٚ**

**دوور لە تۆ، دڵ هێندە بیٚ ئارام وبیٚ حاڵ کەوتووە**

**ئەی مەسیحای عەسر، لەو لێوانە دەرمانی دەویٚ**

**ڕووم ئەوا زەرد بوو، وەکو پاییز لە هیجران نالیا**

**عەشق ئێستاکەش لە من سەیلی بەهارانی دەویٚ**

لە سۆنگەی ئەوانەی باسکران، وبەپێی عورف وعادات وڕێبازی ئەو سەردەمە، نالی لە سەرەتاوە قورئانی پیرۆز و وردە کتێبی فارسی خوێندووەتەوە. پاشان، بە فەقێیی شار ودێهاتی قوتابخانەداری کوردستان گەڕاوە. لە سەردەمی لاوێتیدا، چووەتە قەرەداغ، دواتر بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕوودەکاتە شاری

---

[١] الشاعر الايطالي دانتي: منتديات مخمليات، ١٣/ ١٢/ ٢٠٠٧، www.mbc.com٦٦

سلێمانی ولەوێ ئیجازەی وەرگرتووە. نالی، زیاتر لە سنە وسابلاغ وزەردیاوای قەرەداغ وهەڵەبجە ماوەتەوە. [1]

لەگەڵئەوەی، ناوبراو لە مزگەوتە بەناوبانگەکانی کوردستان، زانستە ئایینییەکانی وەرگرتووە، دەکرێ بڵێین ئەو مزگەوتانەی ئەو ڕۆژگارە، هاوشێوەی زانکۆ وپەیمانگاکانی ئەمڕۆ بوون، بەوەی زانستە فیقهی وئیسلامییەکانی تێدا خوێندراوە. نالی، لە تافی لاویدا، لە مزگەوتی (دارولئیحسان– دار الاحسان) لە شاری (سنە)ی پایتەختی میرنشینی ئەردەڵان خوێندوویەتی، هەر لەوێش چاوی بە شاعیر ومێژوونووسی گەورەی کورد (ماهشەرەف خانم، یاخود مەستوورە خانم) (١٨٠٥– ١٨٤٧ز) کەوتووە، کە ئەویش بە هەمان شێوەی نالی خوێندکارێکی لێهاتووی هەمان خوێندنگە بووە. شایانی وتنە، مزگەوتی دارولئیحسان، یەکێك لە خوێندنگە ئایینییە هەرە بەناوبانگەکانی شاری سنە بووە، کە چەندین خوێندکاری لەخۆ گرتووە. وەك باسدەکرێت، تێچووەکانی ئەم خوێندنگە ئایینییە وموچەی خوێندکارەکانیشی، لە فرۆشی بەروبومی ئەو بێستانانە بووە کە دەکەوتنە باکووری ئەم مزگەوتەوە. هەموو ئەمانەش بە فەرمانی کەسایەتی دەستڕۆیشتوو (ئەمانوڵڵا خانی ئەردەڵانی) بووە. [2]

حەزرەتی نالی، سەرەتا لە قەرەداغ خوێندوویەتی، پاشان فەقێیەتی لە سلێمانی لە (خانەقای مەولانا) تەواوکردووە، ولە مزگەوتی (سەید حەسەن) لەلای (مەلا عەبدوڵڵای ڕەش) بووە. ئەو سەردەمەی کە نالی تێدا ژیاوە، یەکێك لە میرنشینە بەناوبانگەکانی کوردستان، میرنشینی بابان بووە کە لە سلێمانی حوکمڕانی کردووە. نالی، بە چاوی خۆی گەشەسەندن وبوژاندنەوەی ئەدەبیاتی کوردی لەژێر سێبەری ئەو میرنشینەدا بینیوە. جگە لەوەش، نالی، پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ (سلێمان پاشای بابان وئەحمەد پاشا)ی کوڕیدا هەبووە. لە شیعرەکانیدا، وەسفی میرنشینی بابان وسوپاکەیانی کردووە. لەو کاتەی، نالی ڕوو دەکاتە (مەککە) بۆ حەج، ولە گەڕانەوەیدا لە وڵاتی سووریا لە شام، هەواڵی ڕووخاندنی میرنشینی بابان دەبیستێت، کە لەلایەن عوسمانییەکانەوە هێرشی کراوەتە سەر. بۆیە، بڕیار دەدات کە نەگەڕێتەوە بۆ کوردستان وڕوو لە شاری ئەستەنبووڵ بکات وهەر لەوێش کۆچی دوایی دەکات. [3]

ئەوەی بۆ هەموو نیگایەکی ڕوون دەردەکەوێت لە هەڵبەستەکانی نالی، زێدە بەرچاوبوونی دوو شادەماری یەکجار بنجی وڕەگداکوتاوی عیشق وئایینە، کەوا لە بەرایی هەموو بەشەکانی تری ناوەڕۆکی

---

[1] نالی: ماڵپەڕی یانەی خەلیفان، ٣/ ٥/ ٢٠١٢، www.khalefan.com

[2] مسجد دار الاحسان (مدرسة خاصة لكتابة وتدوين التأريخ والاحداث): ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٢/ ابريل/ ٢٠١٣، ar.wikipedia.org

[3] ژیانی نالی شاعیر: وتە وژیانی ناوداران، یانەی گوڵی سوور، ٦/ ١/ ٢٠١٢، www.gulyswr.net

**دیوانەکەیەوە دێن. بەڕاستی، عیشق وئایین کە خۆیان دوو شادەماری گەورەن، لە هەمان کاتدا سەرچاوەشن بۆ وردە دەماریتر، کە ئەوانیش بەشدار دەبنەوە لە تێکڕای ناوەڕۆکی هەڵبەستەکان. شادەماری عیشق لە شیعرەکانی نالیدا، لە سەردەمی فەقێیەتییەوە تێکەڵ بە هەڵبەستەکانی بووە. ڕەنگە، هەر عیشق خۆیشی پاڵنەرێکی گەورە بووبێت بۆ بەردەوامبوونی لەسەر ڕێڕەوی شاعیری. وەك دەزانین، گەلێ شاعیری خاوەن هونەر وخاسیەتی شاعیریەت وازیان لە شیعر هێناوە، لەبەر نەبوونی ئاگری عیشق لە دڵیاندا. بەتایبەت، ئەو شاعیرانەی وەك نالی، خەریکی خوێندنی مەلایانە وقورئان وحەدیس بوون. دیارە، لە بارودۆخێکی وەهادا (مەلا) خەریکی شیعر نابێت، ئەگەر سۆزێك لە هەناوی خۆیدا شك نەبات. بەهەرحاڵ، وا پێدەچێت عیشق نەخشەکێشێکی دەستڕۆیشتوو بووبێت لە ژیانی نالیدا. نەخشەکێشانەکەشی، هەر لەوەدا نەوەستاوە کە شیعری عاشقانەی پێهەڵبەستووە تا سەردەمی مەرگی. عیشق وناموڕادی، نەیهێشتووە نالی بەسەر شتێکەوە بوەستێتەوە یان بە شوێنێکەوە بگیرسێتەوە، کە ماڵ وحاڵێکی تێدا بەیەکەوە بنێت، وە یاخود گوزەرانێك تەئمین بکات.** [1]

**هەژی گۆتنە، شاعیری گەورەی کورد مەلا خدری شارەزووری، وەك هەر شاعیرێکی دیکە شیعری ئەڤینداریشی نووسیوە. بەتایبەت، بۆ خۆشەویست ودڵبەرەکەی (حەبیبە). تەنانەت، کاتێکیش کە حەبیبەکەی لێی جیادەبێتەوە، ئەگەرچی نازانرێت ئەو جیابوونەوەیە بەهۆی مردنەوە بووە، یان حەبیبە نالی بەجێهێشتووە ونەیویستووە لەگەڵی بێت، ئیدی نالی شیعرێکی وەهای نووسیوە کە پێی وابووە لە دوای حەبیبەکەی چیتر سلێمانی کەسی تێدا نەماوە:**

**هەتا تۆم ئاشنا بوویت، ئاشنا بووم**

**ئەمێستا، موو بە موو ئەغیارە بێ تۆ**

**لە کن من، با وجوودی ناس وئەجناس**

**کەسی تێدا نییە، ئەم شارە بێ تۆ**

[1] مەسعوود محەمەد: چەپکێك لە گوڵزاری نالی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٣- ٢١٤

**هەموو ڕۆژێ لە تاو هیجرانی ئەمساڵ**

**تەمەننای مردنی پێراره بێ تۆ** [1]

له ڕاستیدا، ڕا وبۆچوونێکی دژیەك دەربارەی ئەویندارى ونهێنییەكانى ژیانى نالى وحەبیبه هەیه، بەوەی بۆچوونێك هەیه وپێی وایه كه نالى له كۆتاییدا حەبیبەی خواستووه. [2] هەڵبەت، نالى شاعیر، گیرۆدەی خۆشەویستی ئەو کیژه بووه، كه كارى كردووەته سەر هەستی شاعیرانه وخەیاڵی قووڵی. حەزرەت، لە دوو شوێنی دیوانەكەیدا ناوى (مەحبووبە)ی هێناوه، [3] كه مەبەستی حەبیبەی (ماڵیاوا)ی ناوچەی قەرەداغ بووه، (٢١) جاریش ناوى (حەبیبه)ی هێناوه، [4] كه له ڕوانگەی حەزرەتدا به (جەننەتولمەئوا) وێنا كراوه.

**جەنانی وەك جینان كردم بە ماوا**

**حەبیبەی ماڵیاوا، ماڵی ئاوا**

وێڕای حەبیبه، باسی ئایشێ ومەستوورەش كراوه، وەك دوو كەسی ترى جیهانی عیشق وئەوینی نالى. دیاره، كۆمەڵێك بڕوایان وایه، كه نالى بابەتی حەبیبەی لە چوارچێوەی خەیاڵی خۆیدا وێنا كردووه وبگره چێوی هەر له تاریكی داوه. یان كۆمەڵێكیتر بڕوایان وایه، كه ناوى حەبیبه، مەجازییه وناوى ڕاستەقینەی خۆشەویستەكەی نییه. دەكرێت، لێرەدا ئاماژه به بۆچوونی شاعیر وفەیلەسووفی گەورەی كورد (پیرەمێرد) دەربارەی حەبیبه بدەین، كه وتبووی: "له نەزەر مندا، حەتتا حەبیبەی ماڵیاوەش شەخصیەتێكی حەقیقی نەبووه وتەنها ڕەمزێكە حەزرەتی نالى كردوویە بە واستەی ئیزهارى دەهای شاعیرانەی." [5] كەواته، له ڕوانگەی گەوره پیری ناوبراوەوه، "حەبیبه، شەخسییەتێكی حەقیقی نییه." [6]

دوانیوەڕۆی ڕۆژی (٨/ ٧/ ٢٠١٣ز)، به هاوڕێیەتی مامۆستام (حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی)، كه به كتێبخانه ناوازەكەی ئەم بابەتەی منی زۆر دەوڵەمەند كرد، چووینه خزمەت محەمەدی مەلا كەریم. هەڵبەت، مەبەست له چوونەكەمان، خستنەڕووی گرنگی دیوانی نالى بوو، كه مامۆستا مودەریسی باوكی ومامۆستا

---

[1] ژیانی نالی شاعیر: وته وژیانی ناوداران، یانەی گوڵی سوور، ٦/ ١/ ٢٠١٢، www.gulyswr.net

[2] نالي شاعر الاجيال: دور الجاف في التراث الفكري والادبي والروحي، ٢٦/ ٦/ ٢٠١٣، www.jaff.biz/A_SHOARA.HTM

[3] نالی: ماڵپەڕی یانەی خەلیفان، ٣/ ٥/ ٢٠١٢، www.khalefan.com

[4] نالي شاعر الاجيال: دور الجاف في التراث الفكري والادبي والروحي، ٢٦/ ٦/ ٢٠١٣، www.jaff.biz/A_SHOARA.HTM

[5] ڕێبوار سیوەیلی: كتێبی نالی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٨

[6] م. عەلی: نالی هەر لە لوتكەدایه، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١٤

فاتیحی برای لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی پێشوودا بەچاپیان گەیاندبوو، سەرباری گەنگەشەکردنی ژیان وبابەتی ئەویندارى نالی. ئەوەی مەبەستمە بیڵێم، ئەوەیە کە هەردوو بەڕێزان هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە مەرج نییە (حەبیبە) هەر لە بنچینەدا بوونی هەبووبێ، بەڵکو دەشێت تەنها خەیاڵپلاوییەکی شاعیرانە یان ئیستاتیکای شیعرەکانی ئەوەی خواستبێ. خۆ ئەگەر بوونی هەبووبێ، ئەوە مەرج نییە ناوی حەبیبە بووبێ. دەربارەی ئەوەش، کە بۆچی وشەی حەبیبەی هەڵبژاردووە، حسێن نێرکسەجاڕی، ئاماژەی بەوەدا کە لەو سەردەمەدا وشەی (دڵدار) یاخود وشەی (خۆشەویست) هێندە بەربلاّو نەبووە، بەڵکو زیاتر وشەی عەرەبی لە شیعردا بەکارهێنراوە ونالی زیاتر عەرووزی عەرەبی بە وشەی کوردی بەکارهێناوە. ئەوجا، لەبەرئەوەی نالی مەلا بووە، لەوانەیە وشەی (ئەی یار)یش هەر جوان نەبووبێ کە لە شیعرەکانیدا بەکاریبهێنێ، بۆیە ناچار وشەی (حەبیبە)ی هەڵبژاردووە.

بەلاّم، گەورە نووسەری کوردی ڕۆژهەلاّت، سەپان کوردی دەڵێ: "با هەر لە سەرەتاوە، بەرپەرچی ئەو بۆچوونەی هێندێك لەو زانایانە بدەینەوە کە گوایا نالی گراویی وحەزلێکردوویەکی بە نێوی حەبیبە هەبووە ونالی ئەم غەزەلەی بۆ وی وتووە. لە دنیای کوردەواریدا، بەتایبەتی لە سەدەکانی ڕابردوودا، زۆر بە دەگمەن هەڵکەوتووە ئافرەتێك کەوتبێتە بواری خوێندن وهەلی بۆ ڕەخسابێ. لە سەردەمی نالیدا، تاکە کەسایەتییەکی ژن کە خاوەنی زانایی وخوێندەواری بووبێ، بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، تەنیا ماهشەرەف خانم بووە کە لە ناوەڕۆکی ئەم غەزەلە بگا ونالی بە شاکارێکی ئەدەبی بیلاوێنێتەوە." [١]

لە ڕاستیدا، بۆ کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی ئەو سەردەمەی کوردستان، چ بۆ کیژێك، چ بۆ مەلایەك، هێندە ئاسان نەبووە تا بە ئاشکرا خۆشەویستی بکات. واتە، شتێکی زەحمەت ونەنگی بووە بۆ بنەماڵەیەك کە بزانن کچێکیان تووشی داوی عیشق بووە ولە کۆمەڵگادا ئاشکرا بووە. هەروەها، بۆ مەلایەکی ئەو سەردەمەش، بە هەمان شێوە عیشقکردن قورس بووە وزۆر لە سەری کەوتووە. لەبەرئەوە، کەسێکی وەك نالی، کاتێك باسی ئەویندارییی حەبیبەی کردووە، بێگومان بەرپاکردنی شۆڕش لە دژی ترادسیۆن بووە، بۆیە ئەغیاری زۆر بووە. ئەوجا، یان ئەوەیە کە ناوبراو لەو کاتەدا کەسێکی ڕەبەن بووە ودواتریش سەردەمەکەی بواری بۆ نەڕەخساندووە تا بەو عیشقە بگات، یا ئەوەیە وەك هەندێك دەڵێن، بۆ ڕازاندنەوەی شیعرەکانییەتی وتەنها لە چوارچێوەی خەیاڵی خۆیدا وێنای کردووە وبگرە هەر چێوی لە تاریکی داوە. وە یاخود، لەبەرئەوەی حەزرەت کەسێکی پایەدار وشکۆمەند بووە، وخۆشەویستییەکەشی ئاوەزمەندانە وپاك وبێگەرد

[١] عبدالحمید حسینی: نالیی لە ڕوانگەی سەپان کوردییەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨

بووە، بەلاّم سڵەمیوەتەوە ونەیویستووە ناوی ڕاستەقینەی خۆشەویستەکەی بڵێ. ئەوجا، هیچ دوور نییە، لە کۆتاییدا نالی ئەو کەسەی نەخواستبێ، یاخود بە پێچەوانەوە بۆی نەبووبێ، ئیدی وەك کاردانەوەیەکی نەخوازراو نالی بە دڵشکاوی سەری خۆی هەڵگرتووە. جا بۆیە، باشتر وایە کە شرۆڤە وڕوونکردنەوەی پێویست وزیاتر لەسەر ئەم بابەتە بدرێن. لەبەرئەوەی، هەموو ئەمانەی ئاماژەم پێدان، تەنها کۆمەڵێك گریمانەن، وناتوانم بڵێم کامیان بژاردەی ڕاستەقینە وتەواون.

**بۆچی نەگریم، سەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی**

**بۆ مەی نەڕژێ، شووشە لە سەد لاوە شکاوە**

**هەر جۆگە وجۆبارێ کەوا سوور وسوێربێ**

**جێی جۆششی گریانی منە وخوێنە ڕژاوە**

سەرباری هەموو ئەو گریمانانەی وتران، گەورە نووسەری کورد (پ. د. عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ)، لە دیداری نالیدا، بابەتێکی لە ژێر ناونیشانی (دوو نامەکەی نالی وسالم، دوو نامەیە یان دوو چامەی شیعرییە؟) خوێندبوەوە، وباسی لەوە کردبوو کە نالی پاش دەستشۆردنی تەواوی لە حەبیبە ومیرانی سلێمانی وحوجرەکەی خانەقای، ئیدی بە یەکجاری ڕووی لە تاراوگە کردووە ولە ئەستەمبووڵ کۆتاییەکانی ژیانی بەسەربردووە دوور لە کوردستان، هەر لەوێش ژنێکی تورك دەهێنێ. لە درێژەی بابەتەکەیدا، ناوبراو، باسی ئەوەشی کردبوو کە لە دەمی (مەلا ڕەشیدی بابانەوە) بیستوویەتی: "کاتێك دەچنە تورکیا، دەبینن ژنێکی تورك لە ماڵی نالییە؟! دوای ئەوەی کە دەزانێت هاتوون بۆئەوەی کتێب ودەستنووسەکانی بەرن، ژنە تورکەکە پێیاندەڵێت (**ناهێڵم ئەو ئاواتەتان بێتەدی**)، ودەچێت هەموو ماڵەکە ئاگر تێبەردەدات!!" بەهۆی ئەم بەسەرهاتەوە، دوو شت ڕوون دەبێتەوە:

١- کاتێك نالی لە ئەستەمووڵ بووە، ژنی هێناوە وتورکیش بووە.

٢- دەکرێت زۆرێك لە شیعرەکانی نالی، بەتایبەتی ئەو شیعرانەی کە لە دوای ڕۆیشتنی لە سلێمانی نووسیویەتی، لەو سووتانەدا لەناوچووبن. [١]

---

[١] م. عەلی: نالی هەر لە لوتکەدایە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤١- ٤٤٢

وەلێ، لە هەمان دیداردا، (د. سدیق بۆرەکەیی)، دەربارەی دیوان ودەستنووسی نەبینراوی تری نالی بۆ ئامادەبوان دوابوو. ناوبراو، ئاماژەی دابوو کە: "لەم دواییەدا، دیوانێکی دەستنووسی نالیم بە خەتی (میرزا یەحیای کوردستانی)، کە یەکێك لە فەقێکانی (مەولەوی) تاوەگۆزی (١٢٢١– ١٣٠٠ك) بووە کەوتە دەست، کە لە ساڵی (١٣٢١ك) دا نووسراوەتەوە. واتە، (٢٦) ساڵ دوای مردنی نالی نووسیویەتییەوە، * کە گەلێ هۆنراوەی تێدایە، لەو دیوانانەی کە چاپکراون ناکەونە بەر چاو. من، دیوانەکەم بە تەواوی هێناوەتە سەر ڕێنووسی کوردی، ولێمکۆڵیوەتەوە وئامادەی چاپمکردووە." [1]

لە ڕاستیدا، هەموو ئەم ڕوونکردنەوانە، ئەو هەقیقەتە گەشە دەخەنە ڕوو کە حەزرەتی نالی لەگەڵئەوەی کەڵە شاعیرێکی ناوداری سەردەمەکەی بووە، لێ هەتا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایشی کردووە هەر خەریکی عەرووزی شیعر وئیستاتیکا وخوداپەرستیی ڕاستەقینە بووە. واتە، خەرمانێکی ئەدەبی زۆر وزەوەندی گەڵاڵە کردووە، ئەوجا کەم تا زۆر بە ئێمە گەیشتووە. هیچ دوور نییە، بەشێك لە دەستنووس ودیوانی شیعریی حەزرەت، تا ئێستاکێ لە مۆزەخانەکانی دەوڵەتانی تورکیا وئێران وعێراق وڕووسیا وفەرەنسا وبەریتانیا وزۆر لە دەوڵەتانیتری دنیادا خەفە وحەشارنەدرابێ، بۆئەوەی نەبێتە ڕاستییەك لەبۆ کەلەپووری نەتەوەیی کورد.

هەر لە ڕوانگەی بابەتی حەبیبەوە، ولە پەراوێزی کتێبی (نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە)، محەمەدی مەلا کەریم کاتێك باسی ئەم بابەتە دەکات، ئاماژە بە زانیارییەکی گرنگ دەدات، کە بەڕێز (کامەران قەرەداغی) لە زمانی (شێخ مستەفا)ی باوکییەوە بۆیگێڕاوەتەوە، کە: "پاش ئەوەی، نالی ئەگاتە ئەستەموڵ ودەست ئەکا بە شیعر بڵاوکردنەوە لە ناو کۆڕ وکۆمەڵە ئەدەبییەکاندا، وتەنانەت بە تورکیش شیعر دەڵێ، کەسێك بەشێك لەو شیعرە تورکییانەی کە بۆ حەبیبەی وتوون، ئەخوێنێتەوە بۆ سوڵتانی عوسمانی. شیعرەکان، کارێکی زۆر لە سوڵتان ئەکەن. سوڵتان، کە بە ڕازی دڵدارییەکەی نالی وحەبیبە ئەزانێ، زۆر دڵگران ئەبێ، کەوا نالی بە مرادی دڵی خۆی نەگەیشتووە. بۆیە، سوڵتان، فەرمانێك دەرئەکا کەوا حەبیبە لە قەرەداغەوە بێنن بۆ ئەستەموڵ ومارەی ببڕن لە نالی. تەنانەت، ئەگەر بەمێردیش بێ، بە زۆر تەڵاقی لە مێردەکەی بسێنن وبیهێنن. بەڵام، کاربەدەستانی دەوڵەت لە قەرەداغ ومەلایان وپیاوماقوڵانی ناوچەکە، لایان شوورەیی ئەبێ ژنێکی بەمێرد لە مێردەکەی زەوت بکرێ ولە قەرەداغەوە بنێردرێ بۆ ئەستەموڵ. بۆیە، دێن

---

* ئەگەر، ئەو دیوانە دەستنووسە لە ساڵی (١٣٢١)ی کۆچیدا نووسرابێتەوە، ئەوا دەکاتە ساڵی (١٩٠٣)ی زایینی. خۆ ئەگەر، نالی لە ساڵی (١٨٧٣)ی زایینیشدا کۆچی دوایی کردبێ، ئەوا بە لایەنی کەمەوە دەکاتە (٣٠) ساڵ نەك (٢٦) ساڵ– نووسەر.

[1] م. عەلی: نالی هەر لە لوتکەدایە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٤

مەزبەتەیەك ڕێك ئەخەن ومۆری ئەكەن وئەیبنێرن بۆ بارەگای سوڵتان، كەوا حەبیبە مردووە. كە ئەم هەواڵە بە نالی ئەگاتەوە، دەس ئەكا بە دانانی شیعری ناسك بۆ لاواندنەوەی حەبیبە." [١]

لەلایەكیترەوە، مامۆستا (محەمەد عەلی قەرەداغی)، وێڕای گریمانەی ئەوەی كە ڕەنگە (حەبیبەی نالی) ناوی حەبیبە نەبووبێ، زانیاریەكی تری بەنرخیشی دركاندبوو، بەوەی وتبووی: "كاتێ مندالْ بووم، ولە تەكیە لە سەرەتای خوێندندا بووم، هاتووچۆی ماڵێكی خزمانم دەكرد كە ناوی (دادە خەجێ) بوو، چەند جارێك بۆی گێڕاومەتەوە كە نالی لە تەكیە فەقێ بووە ودڵی لە (ئایشێی شێخ جامی) چووە. نالی، هەر لە تەكیە بووە، كە خوازبێنی ئایشێ كراوە. وەك دەڵێن، ئەم شەكراوخواردنەوەیە، لەسەر دڵی نالی بووە بە گرێ. بەلأم، هەر تروسكە هیوایەك لە تاریكایی دڵی گڕگرتوویدا مابوو تا ئایشێیان گواستبوەوە، كە ئایشێ گوازرابووەوە بە بووكی وبرابوو بۆ بەلەكجاڕ ونالیش ئەو شایی وچەپڵەڕێزانەی بینیبوو، ئیدی لە هەیوانی مزگەوتەكەدا وەستاوە وبەرەو قیبلە وكۆچی یار، پارچەیەك شیعری بە سۆزێكی تەوەنتاوەوە خوێندووەتەوە. ئیدی، نەیتوانیوە لە تەكیەدا بمێنێتەوە، وكۆڵ وباری لێكناوە وبە دڵی شكاوەوە تەكیەی بەجێهێشتووە."

دەستم لە گەردنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە

وەبزانە خوێنی خۆمە، یا میننەتی ڕەقیبە

هەروەها، مامۆستای ناوبراو، بۆ بەڵگەهێنانەوەی زیاتر وجەختكردنەوە لەسەر ئەم ڕاستییانە، ئاماژە بەم شیعرەی نالیش دەدات، كە دەڵێ:

پێمدەڵێن مەحبووبە خێل وقیچە، مەیلی شەڕ دەكا

خێل وقیچە، یا تەرازووی نازی نەختێ سەر دەكا!

خێل وقیچە، یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو

مەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانی دڵ پەی كەر دەكا!

---

[١] محمدی مەلا كریم: نالی لە كلاوڕۆژنەی شیعرەكانیەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١

ئەو، دەڵێت: "نالی، ئەم شیعرەی بۆ ئایشێی شێخ جامی وتووە، بەڵگەشم ئەوەیە کە تا ئێستاش لە نەوەی شێخ جامی باوکی ئایشێدا، تیلی وقیچی وخێلی، وەك نەخۆشییەکی ویراسی چاو ماوەتەوە." [1]

هەژیی گۆتنە، بۆچوونێکیش هەیە، بڕوای وایە کە "نە نالی حەبیبەی خواستووە، نە حەبیبەش بە ئەوینی نالی گرفتار بووە." ئەو بۆچوونە، جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە، کە ناکرێ کۆچی نالی بۆ ئەستەمبووڵ ببەسترێتەوە بە باری سیاسییەوە. لەبەرئەوەی، لە ڕووی سیاسییەوە، نالی کەسێکی هێندە چاپووك ودەرکەوتوو نەبووە، تاوەکو بەهۆیەوە تووشی تەنگ وچەڵەمەیەکی زۆر بووبێت ودواییش ناچار بە هەڵاتن بووبێت.

لە ڕوانگەی ئەو ڕایەوە، ئەسڵیترین هۆکاری جێهێشتنی کوردستان لەلایەن نالییەوە، بێئومێدی تەواوی نالی بووە لە حەبیبە. جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە، کە ئەگەر ئەمە هۆکاری سەرەکی کۆچی نالی نەبوایە، ئەدی (سالم) بۆچی ولاّتی بەجێ نەهێشتووە! زیاتر پێدادەگرێ ودەڵێ: ئێمە، ئەگەر وردتر سەیری شیعرەکانی نالی بکەین، ولەو سەیرکردنەشدا چاویلکەی ناسیۆنالیزم لە چاومان دابگرین، دەبینین کاتێك (نالی) هاوار دەکات ودەڵێت: دەستم لە گەردنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە، ئەوە مانای هاوارێکی گەورە وپاڕانەوەیەکی بێئومێدانەیە، کە لە ناوەوە گڕی گرتووە، تووڕەبوون تان وپۆی داگرتووە، پڕ بە دەم هاوار ئەکا، بەڵام هاوارکردنێکی کەساسانە وزۆر بە غەمباری داوا لە حەبیبە دەکات دەستی لە گەردنی هەڵنەگرێت. ئەو پێیوایە کە هۆکاری سەرەکی وگەورەترین ڕێگر لەم نێوەندەدا، جیاوازی تەمەن بووە. لەوەشدەچێت، ئەو جیاوازی تەمەنە زۆربووبێت. بەڵگەشی بۆ ئەمە، بە پلەی یەکەم، شیعری نالی خۆیەتی. [2]

**ئەو تیفلە خوردەساڵە، هەرچەندە وەك غەزالە**

**ئەمما کە هاتە نەخچیر، شێر سەوڵەتی مەهیبە**

وێڕای ئیستاتیکای شیعرەکە ونالەی جودایی نالی، دەکرێت لە نێوکۆی ئەم شیعرەوە ئەو ڕاستییەش هەڵهێنجین کە لەوانەیە تەمەنی حەزرەتی نالی (٥٨) ساڵی زیاتر تێپەڕاندبێت. ئەمەش، خۆی لە خۆیدا دەربارەی تەمەنی درێژی نالی، دەکرێت بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕاکانی پێشووتر، سوودی لێوەربگیرێ.

---

[1] م. عەلی: نالی هەر لە لوتکەدایە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٦– ٣٨٧

[2] بژار: نە نالی حەبیبەی خواستووە و نە حەبیبەش بە ئەوینی نالی گرفتار بووە، کوردستان نێت، ١/ ٦/ ٢٠٠٤، www.kurdistannet.org

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەڵگەنامە مێژووییەکان باسیان لەوە کردووە کە نالی شاعیر لە هەڕەتی لاوێتیدا، وکاتێك لە مزگەوتی (دارولئیحسان– دار الاحسان) لە شاری (سنە)ی پایتەختی میرنشینی ئەردەڵان خوێندوویەتی، دڵی چووە بە (مەستوورە)ی شازادەی ئەردەڵاندا، کە ئەویش بە هەمان شێوەی ئەم خوێندکارێکی هەمان ئەو خوێندنگە ئایینییە بووە کە ئاماژەمان پێدا. واتە، وێڕای حەبیبە، دەکرێت ئاماژە بە مەستوورەش بدرێت وەك یەکێك لەو کەسانەی کە نالی لە جیهانی ئەویندارییی خۆیدا وێنای کردووە. ئەگەر یەکەمیان گریمانەی کاروانکوژەیەکی ئەویندارییی بۆبکرێ، ئەوا دووەمیان ڕاستییەکی نێو جیهانی ئەوینی نالی بووە.

بەڵام، سەپان کوردی، لە کتێبەکەیدا وتبووی: "کاتێك، مزگەوتی دارولئیحسان لە ژێر چاودێری فەرمانڕەوایی ئەردەڵاندا بووە، نالی لەو ڕێیەوە ناسیاوی لەگەڵ ئەبولحەسەن بەگی باوکی مەستوورەدا پەیدا کردووە. ئەبولحەسەن بەگ، داوا لە نالی دەکا، تا لەماڵەوە دەرس بە ماهشەرەف خانمی کچی وعەبدوڵڵای برای بڵێتەوە. ئەو دەس وتنەوەیە، دەبێتە هۆی ناسیاوی نالی ومەستوورە." ناوبراو، ئاماژە بەوەش دەدات کە نالی خوازبێنی مەستوورە دەکات، بەڵام باوکی نایداتێ. مەستوورە، بەڵێنەکانی باوکی بەجێدێنێ، بە هیوای شووکردن بە خوسرەو خانی ناکام. لەبەرئەوە، نەك هەر بەلای داخوازییەکەی نالیدا ناچێ، بەڵکو بە شیعری توانج ئامێز دایدەگرێتەوە، وەك لەم چوارینەیەی بۆ خوسرەو خانی ناردووە ودەڵێ:

**زلف ارسال شد بدان خسرو　　　کز ره مهر پرستاره کند**

**تاکه مستوره گردن افرازد　　　حاسد از رشك جامه پاره کند**

واتە: ئەگریجە بۆ پاشا نێردرا، بۆئەوەی لە ڕووی خۆشەویستییەوە بیپارێزێ، تاوەکو مەستوورەش گەردنی پێبەرز بکاتەوە. حەسوودیش (مەبەستی نالییە)، با لە داخا کراسی خۆی دادڕێ.[1]

مەستوورە خانم، وێڕای ئەوەی خوێندکارێك بووە، لە هەمان کاتدا کەسایەتییەکی شاعیر وئەدیب وخاوەن بیر وهۆشێکی ڕۆشنبیرانەش بووە. ناوبراو، دەنگێکی ئافرەتانەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم بووە وبە یەکەم ئافرەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت کە لەو سەردەمەدا لەسەر مێژووی کورد ومیرنشینەکەی نووسیبێتی. ماهشەرەف خانم، خاوەنی دیوانێکی شیعریی خۆیەتی، کە (٢٠) هەزار بەیت بە فارسی وکوردی لەخۆ دەگرێ. هەڵبەت، لە ساڵی (١٩٢٦ز)دا دیوانەکەی ناوبراو لەلایەن کەسایەتییەکی

---

[1] عبدالحمید حسینی: نالیی لە ڕوانگەی سەپان کوردییەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣– ٦٤

ڕۆشنبیر ودڵسۆزی گەلی کوردەوە کە (حاجی شێخ یەحیای مەعریفە) بووە، لە ژێر ناونیشانی (دیوانی ماهشەرەف خانمی کوردستانی– مەستوورە) کۆکراوەتەوە وبەچاپ گەیەنراوە. [1]

جارێکیتر، سەپان کوردی دەڵێ: "نالی، کە دەبینێ ناگاتە ئاوات، وناتوانێ بووکی ئاواتی لەباوەش بگرێ، ئیدی کانیاوی هەستی لە بواری سێکسۆلۆژیدا دەتەقێتەوە وچامە بەنێوبانگەکەی بۆ مەستوورە دەهۆنێتەوە. بەلاّم، بەر لەوەی ئەو چامەیە بگەیەنێتە مەستوورە، وەك ماڵئاوایی، ئەم شیعرەی بۆ دەنێرێ:

گرفتارم بە غەمزەی چاوەکانی مەست وفەتتانت

بریندارم بە تیری سینە دۆزی ناوکی موژگانت

بە تاڵی پەرچەم وئاگریجەکانت، غارەتت کردم

دڵێکم بوو، ئەویش وا کەوتە ناو چاهی زەنەخدانت

بەقوربان، عاشقان ئەمڕۆ بلاّ با بێنە پا بۆست

منیش هاتووم، بفەرموو بمکوژن بمکەن بە قوربانت

تەشەککور، واجبە بۆ من ئەگەر بمرم بە عیشقی تۆ

بەشەرتێ، کفنەکەم بدووری بە تای زوڵفی پەرێشانت [2]

بەڵگەنامەکان، ئاماژە بەوە دەدەن کە کاتێك نالی ومەستوورە دوو خوێندکاری هاوسەردەمی یەکتر بوون لە سنە، وپەیوەندی ئەدەبی وڕۆشنبیری لە نێوانیاندا هەبووە، گوایە شەوێك لە شەوان نالی خەونێکی

---

[1] لؤلؤة الشعر الكردي، الشاعرة ماه شرف خان كردستاني (مستورة): منتديات عراق النبلاء، منتدى كوردستان، ٢٥/ ٣/ ٢٠١٢، www.forums.iqro.com

[2] عبدالحمید حسینی: نالیی لە ڕوانگەی سەپان کوردییەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦

ئیرۆتیکی (مثیر جنسیاً) بە مەستوورە خانمەوە دەبینیٚ، کە دواتر ماجەرای ئەو خەونە دەکرێتە یەکێك لە شاکارە ئەدەبییەکانی ناوبراو. بەڵام لە بەرانبەردا، ئەو شیعرە جوانەی نالی دەبێتە مایەی ئەوپەڕی بێزاری وتووڕەیی مەستوورە خانم، کە بەهۆیەوە نالی بە داوێن پیس وزمان درێژ ناوزەد دەکات، وبەهۆیەوە پەیوەندییەکانیان تێکدەچێت. هەڵبەت، دواتر مەستوورە خانمیش، سەرجەم تووڕەبوون وناڕەزاییەکەی لە چوارچێوەی شیعرێکی داشۆرین (جوێن پێدان– هجو) دا دژ بە نالی دادەڕێژێت.

**مەستوورە کە حەسنا وئەدییە بە حیسابیٚ**

**هاتە خەوم ئەمشەو، بە چ نازێك وعیتابیٚ**

**هاتووم، وتی، عوقدەم هەیە، قەط مومکینە وابیٚ ؟**

**هی تۆم، ئەگەرەم مەسئەلە حەلکەی بە جەوابیٚ**

کۆمەڵێك لە توێژەران ورەخنەگران، بڕوایان وایە کە بەردی بناغەی داڕشتنی قەسیدە، وشەیەکە لە قووڵایی دەروونی شاعیردا دەگەشێتەوە ولە زەمەنێکی نادیاردا گرکان ئاسا دەتەقێتەوە وپرۆسەی نووسینەوەی دەقی شیعریی بەدوای خۆیدا دەهێنیٚ. وە دەشڵێن، شاعیر پێویستی بە چرکەساتیٚ هەیە بۆ لەدایکبوونی قەسیدە، کە ئەقڵی بەئاگا وبێدار سست وخامۆش دەبیٚ ودەچێتە قۆناغی بێئاگاییەوە. لەم ساتەوەختەدا، بێئاگایی، سەربەست وئازاد دەبیٚ وبەبیٚ کۆت وپێوەند وسنوور، کاری خۆی ئەنجام دەدات. جا لە پێناو گەیشتن بەم چرکەساتەی بێئاگایی، شاعیر، پەنا بۆ جیهانی خەون دەبات. لە ناو ئامێزی ئەم خەونەشدا، چرکەساتی پرۆسەی لەدایکبوونی قەسیدە دەستپێدەکات. [١] لێرەدا ئەوەی مەبەستمە بیڵێم، لەدایکبوونی قەسیدەیەکە لە جیهانی بێئاگایی وپرۆسەی خەوندا، کە بە سەرەتای ئەدەبی ڕووهەڵماڵراوی کوردی دادەنریٚ. چونکە، شاعیرەکەی هەرگیز لەبەر نەریتی کۆمەڵایەتی ودۆگمایی ئایین، ناتوانیٚ بگات بە ئارەزوو وهیوای خۆی، بۆیە بە پەنابردن بۆ خەون حەزە چەپێنراوەکانی بەدیدێت.

بەڵام، هەندیٚ سەرچاوەیتر، لەو باوەڕەدان کە ناکۆکی خێڵایەتی وململانێی نێوان میرنشینی بابان وئەردەڵان لەو هەڵوێستەدا ڕەنگی داوەتەوە. هەندێکیتریش، بە کارێکی ئاسایی دەزانن وزۆر نموونە

[١] فازیل شەوڕۆ: ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢

دێننەوە، کە لە نێوان شاعیرانی نەتەوە جیاوازەکانیشدا شتی لەو جۆرە زۆر ڕوویداوە. گەرچی، ئەو بۆچوونەی باس لە ناکۆکی خێڵایەتی وناوچەگەرێتی نێوان ئەم دوو میرنشینە دەکات ڕاستە، ئەوا لەوەش ڕاستتر ئەوەیە کە ساڵی (١٨٣٤ز) کاتێك میرنشینی ئەردەڵان لە لایەن سوپای (خەسرەو خانی جۆرجی) وبە فەرمانی (شا محەمەدی قاجاری) دەستی بەسەردا دەگیرێ و(ڕەزا قلی خان)ی میری میرنشینەکە لە زیندانێکی تاران توند دەکرێ وکۆتایی بەو میرنشینە دەهێندرێ، خودی مەستوورە وبنەماڵەکەی وخەڵکێکی زۆری میرنشینەکە بە ئاوارەیی ڕوودەکەنە سابلاخ ومەریوان ولەوێشەوە بۆ دەشتی شارەزووری خاکی بابان. دیارە، خودی مەستوورە خانم لە ماڵی (حسێن قلی خان)ی کوڕی پوری لە سلێمانی دەمێنێتەوە، کە پێشتر ئەم کوڕە پورەی بۆ وتووێژ لەگەڵ دەسەلأتدارانی بابان دەربارەی چارەنووسی ئەو ئاوارانە گەیشتبووە سلێمانی. [1] پوختەی مەبەست، ئەوەیە کە سەرباری ناوچەگەرێتی وئەقڵی خێڵایەتی، بەلاّم گیانی برایەتی وخوێنی کوردایەتی هێشتا لە شادەمارەکانی خەڵکەکەدا جووڵەی کردووە.

مامۆستا فاتیح عەبدولکەریم مودەڕیس دەڵێت: "باوکم بۆیگێڕامەوە، کە لە مامۆستا (شێخ بابە ڕەسووڵی عەبابەیلیێ)ی بیستووە، کەوا نالی لە سنە لە مزگەوتی دارول ئیحسان خوێندوویەتی، وئەو ڕۆژەی ئەم قەصیدەیەی تەواو کردووە، بۆ شەوێ سنەی بەجێهێشتووە وبەرەو عێراق گەڕاوەتەوە." [2] لە دیوانی نالی مودەڕیسدا، ئەوەش هاتووە، کە لەو کاتەی مەستوورە شووی بە خوسرەو خانی ئەردەڵانی کردووە، نالی (٢٩) ساڵان بووە. [3] لە لایەکیترەوە، ڕێبوار سیوەیلی، دەڵێت: "ڕێی تێدەچێت، وشەی (مەستوورە) ناوێکی خوازراو بێت بۆ ئافرەتێکی تایبەت، کە دیسانەوە بۆ ئێمە نەناسراوە. دووریش نییە ئەم مەستوورەیە، ناوێکی خوازراوی تر بێت بۆ (حەبیبە) وحەبیبەش ناوە بۆ ناوێکیتر وبەم پێیە نالی ویستبێتی ئەسڵی کەسەکەمان بەجارێ لێبشارێتەوە و ونی بکات. دیارە، بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی کۆمەلأیەتی سەردەمی ژیانی مەلا خدر وئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەتایبەتی بۆ نووسینی قەصیدەیەکی لەم بابەتە، دەبوو ئەو کارە بکات، دەنا بۆ سبەی لاشەیان بە دەروازەی شارەوە هەڵدەواسی." [4] هەرچۆنێك بێ، خەوەکەی نالی، پێش یان پاش شووکردنی مەستوورە بووبێ، "ئەم کەین وبەینە، ڕووناکییەك هەر ئەگرێتە سەردەمی ژیانی نالی." [5]

[1] لؤلؤة الشعر الكردي، الشاعرة ماه شرف خان كردستاني (مستورة): منتديات عراق النبلاء، منتدى كوردستان، ٢٥/ ٣/ ٢٠١٢، www.forums.iqro.com

[2] دیوانی نالی: مەلا عبدالكريمی مدرس وفاتح عبدالكريم، پێداچوونەوە– محمدی مەلا كريم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢

[3] دیوانی نالی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس وفاتیح عەبدولکەریم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧

[4] ڕێبوار سیوەیلی: کتێبی نالی، چاپی یەکەم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣١– ١٣٢

[5] دیوانی نالی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس وفاتیح عەبدولکەریم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧

ماوەتەوە سەر ئەوەی بڵێین، شاعیر لە ڕێگای خەونەوە وپاش پرۆسەیەکی ڕۆحیی وجەستەیی، زۆر سوریالییانە قاڵبی چەقبەستووی ئایین وکۆمەڵگا تێکدەشکێنێ، کە لەو سەردەمەدا لە ڕووی ئەخلاقیی وکۆمەڵایەتییەوە، تا ئەوپەڕی قەدەغە، قەدەغە کرابوو.[١]

## دانتێ

گەر بێینە سەر ئەویندارییی دانتێ، دەبینین وەك هەر لاوێك خولیای عیشقی کیژۆڵەیەك، ڕوئیا ومێشکی داگیر کردووە وخوڵقێنەری دنیای شیعر وسیاسەتی بووە. دانتێ، پێش ئەوەی ژن بهێنێت، دڵی چووە بە کیژۆڵەیەکی تردا کە دواتر ئیلهامبەخشی شاکارە هونەرییەکەی بووە، وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا. ناوبراو، چیرۆکی خۆشەویستی خۆیی وئەم کیژە (بیاتریس پۆرتیناری) لە دووتوێی کۆمیدیای خواوەندیدا خستووەتە ڕوو، کە وەك فریشتەیەك وێنای کردووە. دانتێ، کاتێك تەمەنی تەنها (٩) ساڵان بووە، کەوتووەتە داوی ئەوینیی بیاتریسەوە لە یەکەم بینینیدا، کە ئەمیش تەمەنی تەنها (٨) ساڵان بووە. ئەوینێك، بە درێژایی ژیانی دانتێ درێژەی کێشاوە، تەنانەت دوای ئەوەی ئەم دوو دڵەش بەیەك ناگەن ولەیەك دادەبڕێن وئەم کیژۆڵەیە شوو بە کەسێکیتر دەکات ودانتێش کیژێکیتر دەخوازێت. کاتێکیش، بیاتریس لە ساڵی (١٢٩٠ز) دا کۆچی دوایی دەکات، کاریگەریی خۆشەویستیی لە دڵی دانتێدا هەر دەمێنێ وبگرە هێندەیتر پەرە دەسێنێ. ئەم کۆچە ناوازەیە، هاندەری دانتێ دەبێ بۆئەوەی خۆشەویستییە شاراوە بێبەرهەمەکەی خۆی لە شاکاری کۆمیدیادا بنووسێ ودواتریش وەك کەسایەتییەکی سیاسی دەربکەوێ، کە ڕەخنەی توند ئاڕاستەی دەسەڵاتی پاپا وکڵێسا دەگرێ.[٢]

وا باس دەکرێت، کاریگەری خۆشەویستی بیاتریس وای لە دانتێ کردووە ببێتە کەسێکی شاعیر. تەنانەت، دەگێڕنەوە کە لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا فێری هونەری عەرووز وکێش وتەرازووی هەڵبەست و وتنی وشە بە ئاوازەوە بووە. بەڵام، ئەم کارە هونەرییانەی ناوبراو، ڕەسەنایەتییەکی ئەوتۆی وەرنەگرتبوو تا ئەو کاتەی پارچە موزیکێك (سۆناتا) بۆ بیاتریس، ئەو کچەی لە سەرەتای ژیانیدا ئەوینی بووە، دەنووسێ. هەربۆیە، لە ساڵی (١٢٨٣ز) دا ولە دوای ئەم کارە هونەرییانەی، بە شێوەیەکی فەرمی دانییپێدا دەنرێت وەك

[١] فازیل شەوڕۆ: ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠
[٢] الادب الايطالي: منتدى العرب المسافرون، ٢٨/ ١٢/ ٢٠٠٥، travel.maktoob.com

شاعیرێکی نویٚ. هەڵبەت، ئەو سۆناتا بەناوبانگەی ئاماژەمان پێدا، چیرۆکی ئەوین وخۆشەویستی دانتیٚ وبیاتریس بووە، کە یەکەمجار لە تەمەنی منداڵیدا بینیویەتی وشەیدای بووە. دواجار، لە ساڵی (١٢٨٣ز) ولە تەمەنی (١٨) ساڵیدا بەیەك شاد دەبنەوە، شادبوونەوە وخۆشەویستییەك، کە ڕازێندرابووەوە بە گیانێکی بێگەردی مەزن. هەرچەندە، دواتر ئەو ئەوینە بووە هۆی بەدبەختی وکوێرەوەری بۆ دانتیٚ، بەتایبەت دوای ئەوەی بیاتریس ساڵی (١٢٩٠ز) ولە تەمەنی (٢٤) ساڵیدا بە نەخۆشی (چاوە قووڵە– طاعون) کۆچی دوایی دەکات. مەخابن، هیچکام لەم دوو دڵە لە مانای تەواوی ئەویندارى تێنەگەیشتن، بەوەی کۆچی ناوەخت، بارگە وبارەگای کامەرانی پێپێچانەوە.

مەخابن، خونچەی ئەوینی دانتیٚ هەر زوو هەڵوەری، خەونی کامەرانی بە کاروانکوژە وتارماییەکی تاهەتایی گۆڕدرا. دەرەنجامی نائومێدیش، وەك پەرچەکردارێك، دانتیٚ ناوازەترین وبەبەهاترین شاکاری ئەدەبی دەنووسیٚ، کە چیرۆکی ئەوینی خۆی وبیاتریسی تێدا بەیان دەکات. بەڵام لەگەڵئەوەشدا، بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت بە زەقی ناوی بیاتریس لەو شاکارەیدا بهێنێت، وەکی پاڵەوانی داستانێکی خۆشەویستی بیخاتە ڕوو. لەبەرئەوەی، دانتیٚ، پێشتر هاوسەرگیری لەگەڵ کیژێکی تردا کردبوو. ئەوەش، لە ترسی ئەوەی ناوی خۆشەویستە ڕاستەقینەکەی ئاشکرا نەبێت، چونکی تۆمەتبار دەکرا ودەبووە مایەی لۆمە وبە کارێکی نایاسایی ودوور لە عورف وعاداتی کۆمەڵگا وکۆشکی شاهانەی ئیتالیا سەیر دەکرا.

کۆمیدیای خواوەندی، بریتییە لە داستانە شیعرێك، کە لە لایەن دانتێوە نووسراوە ویەکێکە لە شاکارە ئەدەبییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست وتا ئێستاش بە یەکێك لە دیارترین شاکارە هونەرییەکان هەژماردەکرێت لە تەواوی جیهاندا. * داستانەکە، بە شیعر نووسراوەتەوە، هاوشێوەی داستانە شیعرییە کوردییەکان ولە (١٤٢٣٣) دێڕ پێکدێت، ئەمە وێڕای ئەوەی نووسینەوەی ئەم داستانە شیعرییە (١٨) ساڵی ڕەبەقی ویستووە، لە زۆربەی ئەو ماوەیەشدا دانتیٚ کەسێکی دوورخراوە ودەربەدەر وتاراوگەنشین وشەیدا وچەوساوە بووە. [١]

---

* هەندێك لە نووسەرانی عەرەب، باس لەوە دەکەن کە گوایە ناوەڕۆکی کۆمیدیای خواوەندی دانتیٚ لە (پەیامی لێبوردن– رسالة الغفران)ی (ئەبی عەلائی میعەری– ابي العلاء المعري)ی شاعیری عەرەبی سەردەمی عەباسییەکانەوە وەرگیراوە، کە چەند سەدەیەك پێش دانتیٚ نووسیویەتی، وبە هەمان شێوە باس لە گەشتێکی دوور ودرێژی ئەفسووناوی معەڕی دەکات کە تیایدا تێکەڵ بە شاعیران وفەیلەسووفان دەبێت.

[١] من هو دانتي؟: منتدى محاورات المصريين، ١/ ١٢/ ٢٠٠٤، www.egyptiantalks.org

**کرۆکی داستانەکە، باس لە گەشتێکی ئەفسووناوی دانتیٚ بەناو بەهەشت ودۆزەخدا دەکات، ئەمە بێجگەلەوەی ڕەخنەگرتنێکی ئاشکراشە لە دەسەلاٚتی پاپا، بەوەی دەشێت دەسەلاٚتێکی ئایینیی هەبێت، بەلاٚم ناکریٚ دەستوەرداتە سیاسەت وکاروباری دەوڵەت. هەروەها، بەوەش تاوانباری دەکات کە ویستوویەتی دەوڵەت بەرەو ڕێکخستنێکی کەنیسەیی بەریٚ، کە ئەمەش کاری ئەو نییە. وەلیٚ، ڕەخنەیەکی زانستیشە لە دەسەلاٚتی کڵێسا دەربارەی ئەستێرەناسی وشوێنی زەوی وپەیوەندی بە خۆر وئەستێرەکان وبابەتگەلێکیتری وەك سیاسەت وقووڵبوونەوەی ڕۆحیی. لەوانە، (بۆچی مرۆڤ تاوان دەکات؟)، (بۆچی خودا مرۆڤی لە شێوەی جیاوازدا دروستکردووە؟).... هتد.**

**گەر، ئاماژەیەکی کورتی کۆمیدیا یاخود کۆمیدیای خواوەندی بدەین (هەرچەندە وا باسدەکرێت کە لە ڕووی زمانەوانییەوە کۆمیدیای ناوازە یاخود کۆمیدیای پوخت ڕاستترە- نووسەر)، هەڵبەت باس لە گەشتی ناوبراو بۆ دۆزەخ وبەهەشت دەکات، وەك پێشتر خستمانە ڕوو. دیارە لە ڕووی داڕشتنەوە، دەکرێت بە سیٚ بەشی سەرەکییەوە، کە دۆزەخ وپاشان باخچەکانی بەهەشت ودواتریش پێگەی پاکژە (المطهر). ئەوەی مەبەستە، ئەوەیە کاتێك دانتیٚ بە هاوەڵیی شاعیری لاتینی بەناوبانگ (فێرجیلیۆ) لە دوا قۆناغەکانی دۆزەخ وپێش پێخستنە ناو خاکی پیرۆزی بەهەشت وباخچە ڕازاوەکانییەوە، بە دیداری خۆشەویستە دێرینەکەی شاد دەبێتەوە. واتە، بیاتریس، کە تاجێکی لە گەلاٚی زەیتون کردووەتە سەری وسەرپۆشێکی سپی بەسەرەوەیە وبە کراسێکی درەوشاوە بالاٚپۆش بووە وکەوایەکی لەبەردایە کە بە لەعل ودوڕ وزومووڕودی سەوز وبەردی بەنرخ ڕازێنراوەتەوە. لێرەدا، کاری هاوەڵە شاعیرەکەی تەواو دەبێت ولەبەر چاو ون دەبێت. ئەوجا، هەردوو خۆشەویستەکە، پێکەوە گەشت بۆ قولاٚیی بەهەشت دەکەن.**

**پاش ئەوەی، هەردوو خۆشەویست دەست لەناو دەست، گەشت بۆ (٩) خولگەی گەردوون دەکەن، لە دوا خولگەدا بە دیداری (پەروەردگاری بەشکۆ) شاد دەبن، کە لە سیمای تراویلکەیەکی خودایی پیرۆزدا دەردەکەوێت، بە شێوەیەك کە زمانی دانتیٚ هەرگیز ناتوانێت وەسفی ئەو ڕوخسارە پیرۆزەی پەروەردگار بکات کە دەیبینیٚ. بەم شێوەیە، گەشتەکەی ناوبراو کۆتایی دێت وکۆتایش بە داستانی کۆمیدیا دێت.** [١]

**بـالاٚدەستیی سیستمی ئایینیی:-**

[١] عرض موجز وملخص للكوميديا الالهية: افاق العروبة، ٢١/ ٩/ ٢٠٠٨، www.alorobanews.com

## نالی

**ئەی جیلوەدەری حوسن وجڵەوکێشی تەماشا**

**سەر ڕشتەیی دین بێ مەدەدی تۆ نییە، حاشا**

**فەییازی ڕیازی گوڵ ومیهر ومل ولەعلی**

**ئەی شەوقی روخ وزەوقی لەبت زائیقە بەخشا**

**زەڕڕاتی عوکوسی کەششی میهری جەلالن**

**وا دێن ودەچن سەرزەدە، سوڵتان وشەهەنشا**

ڕەوتی مێژوو، ئەوەی سەلماندووە کە لەوەتەی کورد ڕووی لە ئیسلام کردووە، ئیدی بە مانای وشە پارێزگاری لەو ئایینە کردووە. سەرچاوە مێژووییەکانیش، ئەو ڕاستییە دووپات دەکەنەوە کە لایەنی فیکری وکۆمەڵایەتی وئابووری وسیاسی وڕۆحیی کوردان بە ئایینی ئیسلام تێربووە. سەرباری ئەوەش، بە درێژایی چواردە سەدە، هەردەم کورد بووەتە سەرەڕمی لەشکری ئیسلام، هیچ جەنگ وشەڕێکیش لە پێناو ئیسلامدا بە تەواوی ڕووی نەداوە، گەر کورد بەشداری تەواوی تێدا نەکردبێ. [1]

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، گەلی کورد، وێڕای ئەوەی ئایینی ئیسلامی بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە پەسەند کردووە، وکاردانەوەیەکی قووڵی لە سەرجەم بوارەکانی ژیانیدا هەبووە وهەیە، لە بەرانبەردا ڕەسەنایەتی وشوناس وزمان وکەلتوور وفەرهەنگ ونەریت ودیمۆگرافیا وبنچینەی خۆیی هەر لەدەست نەداوە. دیارە، ئەم لەدەستنەدانەش، ڕەنگدانەوەیەکی ڕادیکاڵانەی لە هزر وناخی زۆربەی شۆڕشگێڕان وڕۆشنبیران وشاعیران

[1] د. محمد زکي أحمد البرواري: الكورد والدولة العثمانية، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع– دمشق، سوريا، ٢٠٠٩، ص ٦٠

وکەسانی تێگەیشتوودا هەبووە، نموونەی زۆریش لەبەردەستدایە کە سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن ویەکێکی وەك حەزرەتی نالیش کلاوڕۆژنەی ئەو ڕەنگدانەوە ئەرێنییە بووە.

ڕاستە، نالی مەلا بووە، بەڵام پێچەوانەی مەلاکانی ئەو سەردەمە، کەسێکی وا بووە لە بەرانبەر نەریتە دیمەنییەکانی ئاییندا، بێپەروا وخۆی بە شتی بێناوکەوە نەبەستووەتەوە. لەوانەیە هەڵوێستێکی وەها، بەش بە حاڵی ڕۆشنبیرێکی ئەم چەرخەمان، شتێکی سووك وئاسان وعادەتی بێ. بەڵام، ئەگەر تەماشای ئەوە بکەین کە ئێستاش زۆربەی هەرە زۆری مەلاکانمان جیاوازییەکی ئەوتۆ ناخەنە نێوان شتە ناوکییەکانی ئایین ودیمەنە شکڵییەکانی وبە یەك چاو سەیری هەمووی ئەکەن، وزۆر کەس لەسەر گوێنەدان بە هەندێ کاروباری ئایینیی، لە (ئایین بەدوور) تاوانباری دەکەن، ئیدی بۆمان دەرئەکەوێ کە نالی تا چ ڕادەیەك ئازادبیر وچاونەترس و وێرا بووە.[1]

**موڕادم زیللەت وپاڕانەوەی حاڵە، نەوەك نەعتە**

**بە چەن بەیتێکی کوردانە، کە قورئانت سەنا خوانە!**

بە شێوەیەکی گشتی، ناوەڕۆکی شیعری نالی خەریکی بابەتەکانی جوانی ودڵداری وسروشتە، وەکو هەموو شاعیرە کلاسیکییەکانی دیکە. بەڵام، شاعیر، ئەم مەبەستانەی جاروبار بە شێوازێکی فەلسەفی ودانایییانە دەردەبڕێ. هەر لەبەر ئەوەشە، ئەو جۆرە شیعرە وەك داخراو دەکەونە ناوەوە، وهەندێکیان تا ئێستاش بە تەواوی لە ڕووی ماناوە ساغ نەبوونەتەوە. ئەوەی زیاتر خۆی پێوە خەریك کردووە، مەسەلەی دەروێشییە لە کوردستاندا. نالی، شارەزای تیۆرەکانی سۆفیزم بووە، جا ئەگەر دژی دەروێشیزم (وەك پراکتیکی سۆفیزمی ئیسلامی) بووبێ وەك تیۆری، ئەوا کەڵکی لە سۆفیزم وەرگرتووە. نالی، خۆی لە گێتی دەروێشیی نزیك نەکەوتۆتەوە، یەکێك لە ڕەوشتە ئاڵۆز وپڕ لە تەنگوچەڵەمەکانی دەروێشی، ئەوەیە کە دیوی دەرەوەی لەگەڵ دیوی ناوەوەی ڕێك ناکەوێ.[2]

**نالی کە ویقاری نییە، بێباکە لە خەڵقی**

**سۆفی کە سلووکێکی هەیە عوجب وڕیایە**

---

[1] محمدی مەلا کریم: نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانیەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢– ٤٣

[2] نالی: ماڵپەڕی یانەی خەلیفان، ٣/ ٥/ ٢٠١٢، www.khalefan.com

**له ڕاستیدا، سۆفێتی، له هەردوو سەدەی (١٢) و(١٣)ی زایینییدا پەیدابوو، تا ڕادەیەکیش، به خەڵوەتگری وڕەبەنکاری چەرخی ناوەڕاستی ئایینی فەلەکان دەچوو. له کوردستاندا، تەنیا دوو ڕێبازی سۆفیزم هەیە، ئەوانیش تەریقەتی نەقشبەندی وتەریقەتی قادرییە. (سۆفی)، بەو کەسانە دەڵێن که موریدی تەریقەتی نەقشبەندین، (دەروێش)یش موریدەکانی تەریقەتی قادرینە. نەقشبەندییەکان، گاڵتەیان به زاراوەی دەروێش دێ، وبه کۆنەپەرستی وخەیاڵبازی وحاڵگرتن وئاگرخواردن وشێواندنی ڕاستی دەناسن. ڕێبازی سۆفیەتی، لەلایەکەوە کۆمەڵگای کوردەواری بەهێز کردووە ولەلایەکیتریشەوە دووبەرەکی تێدا پەیدا کردووە. ئەوانەی باوەڕیان به ڕێبازەکە هەیە، به شێوەیەکی پوخت پەیڕەوی دەکەن، وله یەکتر نزیك دەبنەوە وگوێ به هۆز وتیرە وبنەماڵەکانیان نادەن. بەڵام، که دێتە سەر فرەجۆری تەریقەتەکان، ئەمە کۆمەڵگای کوردەواری لێك دەترازێنێ، و وەکو پارتێکی سیاسی کار له لایەنگرانی دەکا.** [1]

**ڕیشەکەی پان ودرێژە، بۆ ڕیا خزمەت ئەکا**

**زاهیرە هەر کەس له توول وعەرزی ڕیشیدا ڕیا**

**له قۆناغەکانی دوای سەرهەڵدانی هەست وهۆشیاری نەتەوەیی عەرەب وتورك وفارسدا، ئەو نەتەوانە بەتایبەتی عەرەب ودوای ئەوانیش فارس، یەکگرتنەوەیەکیان لەنێوان مەسەلەی نەتەوایەتی وپەیامی ڕۆحیدا دروستکردبوو، که له ئەنجامدا بەگوێرەی ئەو نەتەوانە کەلتووری ئایینی وکەلتووری نەتەوایەتی به ئەندازەی تێکەڵاوبوون له یەکتر نزیك بوونەتەوە وله ئاستی پێگەیشتنی تەواوەتی هەست وهۆشیاری نەتەوایەتییاندا، کەلتووری نەتەوایەتی باڵادەست بووە بەسەر کەلتووری ئایینیدا ولەو ئاقارەشدا ولەڕێگای ئایینەکەوە ئەوان توانیویانە سەرجەم ڕەگەزەکانی کەلتووری خۆیان، هەرله زمان وڕۆشنبیری وشێواز وئاراستەی بیرکردنەوە، بگرە دابونەریتیش بەسەر کورددا بسەپێنن، بەو مەبەستەی کورد لەو هەموو توخم وڕەگەزە ڕەسەنانەی کەلتووری خۆی دوور بخەنەوە وزەمینەی ڕێنیسانسی کوردی لەباربەرن....** [2]

**پێدەچێت، هۆکاری سەرەکی کۆچی نالی شاعیر بۆ تاراوگە، کەم تا زۆر خۆی له کۆمەڵێك فاکتەردا ببینێتەوە. واتە، مەرج نییە دەستشۆردنی نالی له حەبیبە، یاخود هەرەسهێنانی میرنشینی بابان، کۆتا هۆکار**

---

[1] مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی دەزگای ئاراس– هەولێر، کوردستان، ٢٠٠٧، ل ١٦٣

[2] عەتا قەرەداغی: کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر کورد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧– ١٨

بووبێت بۆ کۆچ بەرەو تاراوگە. بەڵکو، کەیسی حەبیبە یان بابان، لەوانەیە یەکێك لە گەیسگەلێکی نەخوازراو بێت، کە دەرەنجامەکەی سەرهەڵگرتنی شاعیرێکی ناوازە لە زێدی خۆی لەخۆ بگرێ.

لەگەڵئەوەی، پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە حەزرەتی نالی، وێڕای ئەوەی لە بواری شیعر وئەدەبیاتدا کەسێکی دەستڕەنگین بووە وبە چامە پەنجەی نەرم کردووە، لە هەمان کاتیشدا مەلا بووە. پێدەچێت، ئەم سیفەتی مەلاییەی ناوبراو، نێگەتیڤانە یەکیگرتبێتەوە لە گەڵ شۆرەتی ئەدەبیی شاعیردا. بەوەی، ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، مەرج نییە بواری هونەر وئەدەب وجیهانی دنیەوی لەگەڵ لاهووت وسۆفیزم وجیهانی دینییدا یەکبگرێتەوە. چونکە، دوالیزمەیەکی، یاخود دوو جیهانی جیاوازن.

## ئەگەرچی کوردی دووری شارەزووری قەسوەتم، ئەمما

## وەسیلەم تەبیە وحیلمی شەفیع وفەزلی مەننانە

ڕاستتروایە، بڵێین: نالی سەرباری ئەوەی کەسێکی ئایینیی وباوەڕدار بووە، جۆرە عەلمانییەتێکیشی تێدا بووە. واتە، ناتوانین مەلابوونی ناوبراو بکەینە دوایین پێوەر بۆ هەڵسوکەوت ومەبەستی شیعرەکانی وتێکڕای ژیانی. لەبەرئەوەی، ئارگیومێنتەکان ئەو ڕاستییە دەخەنە ڕوو، کە نالی کەسێکی وشك ودۆگما وکورتبین نەبووە. بەڵکو، کەسێکی تێگەیشتوو بووە وپێش سەردەمەکەی خۆی کەوتووە. کەسێك بووە، بە مانای وشە منەوەر وڕۆشنبیر وتێگەیشتوو ودنیادیدە وناسراو بووە، توانیویەتی بە چەندین زمان شیعر بنووسێ، خاوەنی مەعریفە وپێگە وقورسایی خۆی بووە، چ لە کوردستان، چ لە دەوڵەتی عوسمانی، چ لە جیهانی دەرەکی. بەڵگەشم بۆ ئەمە، ئەو وەسفەی (مێجەرسۆن)ە، کە لە لاپەڕە (١٦٨)ی کتێبی (Grammar of the Kurmanji or Kurdish Language)ی (E. B. soane) کە ساڵی (١٩١٣ز) لە (لەندەن) بڵاویکردووەتەوە ونالی بە بەناوبانگترین شاعیری کوردی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم لەقەڵەم داوە، وچەند پارچە شیعرێکیشی بڵاوکردووەتەوە.

هەڵبەت، ئاماژەدانەکەی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی (ب. ڤلادیمێر مینۆرسکی) (١٨٧٧- ٢٥/ ٣/ ١٩٦٦ز)، کە لە ساڵی (١٩١٥ز) دا سێ بەیت شیعری نالی وەرگێڕابووە سەر زمانی ڕووسی، وتبووی: "لە سەردەمی نوێدا، پێموایە مەڵبەندی شاعیرانی کورد گوازراوەتەوە بۆ شاری سلێمانی، کە شاعیری هەرە بەناوبانگی کورد (نالی) تێدا ژیاوە." [1] ئەمە، وێڕای ئەوەی مینۆرسکی لە کتێبە بەنرخەکەیدا (کورد- سەرنج

[1] م. عەلی: نالی هەر لە لوتکەدایە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨

وتێبینییەکان)، باس لە دەوڵەمەندیی ئەدەبی میللی کوردی دەکات ونالی بە شاعیری هەست ناسک ناودەبات وبەراوردیشی دەکات بە شاعیری ڕووسی مەزن (ئەلێکساندەر پۆشکین).[1] هەڵبەت، کاتێك کونسوڵی ڕووس (ئەلێکساندەر خۆدزکۆ)، ساڵی (١٨٥٣ ز) لە (پاریس) چاوی بە ئەحمەد پاشای بابان کەوتووە، هەواڵی شاعیرێتی نالی ئەفەندی لێوەبیستووە.[2] هەر لەو قسانەی کە خۆدزکۆ لە دەم ئەحمەد خانی دەگێڕێتەوە، باسی ئەوەشی تێدایە کە نالی کتێبی لەسەر زمانی کوردی دانابێ.[3]

وێڕای ئەو کەسایەتییانەی باسمانکردن، شاعیران وئەدیبان وکەسایەتی وناودارانی عەرەب وتورك وفارسیش، مەلا خدری نالییان ناسیوە وئاماژەیان بە گرنگی ولێهاتوویی وبەرهەمەکانی داوە وبە (ئەقڵێکی پێش سەردەمی خۆی) وێنایان کردووە. بەڵام، سوکرات وتەنی: "وەی لەو کەسەی ئەقڵی پێش سەردەمەکەی دەکەوێ."[4] بە کورتی وبە کوردی، هۆکاری زۆربەی کێشەکانی نالی کە زۆر کات بووەتە مایەی بێزاری وبگرە تا ڕادەی سەرهەڵگرتن وپێچانەوەی بار وبارگەش، وەك هەندێك بۆچوونیان وایە، ئەوە بووە کە نالی کەسێکی منەوەر وتێگەیشتوو وبێمنەت بووە، دوو ڕوویی وڕیایی وشتی پڕوپووچ وخورافیاتی ڕەتکردوەتەوە وکەسێکی ئاوەزمەندانە بووە ونەهاتووەتە ژێربار وپەسنی هەڵوێستی دەروێشانی نەکردووە، بۆیە ئەغیارانی هەردەم خوازیار بوون جامی ژەهری پێنۆش بکەن.

ئاشکرایە، کوردستان لەگەڵئەوەی ژێردەستەی دەوڵەتانی عوسمانی وسەفەوی بووە، دواکەوتوویی وترادسیۆنبوونی کۆمەڵگا وبالادەستیی ئایین وزاڵبوونی عەقڵیەتی خێڵەکی ونەخوێندەواری وهەژاری وململانێی تەریقەتەکان وزۆرێکیتر، هۆکارگەلێکیتر بوون بۆ پەراوێزخستنی کورد. مەبەستی سەرەکیش، ئەوەیە کە بڵێین بۆیە نالی لە ڕوانگەی وشکە سۆفی وپیاوانی ئایینییەوە تا ڕادەیەك کەسێکی بێزراو بووە، لەبەرئەوەی وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، بۆچوونی ئەو لەگەڵ ئەواندا نەدەهاتەوە، سەرباری ئەوەی کەسێکی داهێنەریش بووە لە داهێنانی قوتابخانەیەکی شیعریی نوێ. واتە، لادان لە ڕیتمی ئەدەب وشیعری باو، لە ڕوانگەی ئەقڵی کۆنزەرڤاتیزم وناحەزانییەوە، کە ئەمەش گەورەترین کێشەی بۆ حەزرەت دروستکردبوو.

**سۆفی! چییە ئیشی تۆ، هەرکایە حەشیشی تۆ!**

---

[1] مدخل الى السینما الکوردیة: شبکة القامشلي– کوردتوك، ١٨/ مایو/ ٢٠١٠، www.qamishlinet.com

[2] محمدی مەلا کریم: لە ڕێگای ئەدەب ولە پێناوی نالی دا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣

[3] مەسعوود محەمەد: چەپکێك لە گوڵزاری نالی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣

[4] ویل لرجل سبق عقله زمانه: عالم الثقافة، أقوال الحکماء والمشاهیر، منتدیات العوالم، الاربعاء، ١٣/ یولیو/ ٢٠١٦، alaolm.forumarabia.com

## عاشق وەکو ڕیشی تۆ، هەوساری لە کن پەشمە

دیارە، نالی لە سەردەمی فەقێیەتیدا، فەقێیەکی ئازاد مەشرەب ودڵ بە دنیا وڕابواردنەکانی دنیا شاد بووە. نیشانەی ئەمەش، دڵچوونیەتی لە حەبیبەکەی وئەو هەموو شیعرانەی کە بۆی وتووە. ئەمە، سەرەڕای ئەو پارچە شیعرە پەردە لە ڕوو هەڵماڵراوەی کە تیایدا خەوی بە (مەستوورە)ی شازادەی ئەردەڵانەوە دیوە وشەیتانی بووە پێوەی. کاتێکیش، کە خوێندن تەواو ئەکا وبگرە هەر پێش ئەوەش، بەختی ڕێی ئەخاتە دیوەخانی بابانەکان وئەیکا بە پیاوی کاری ڕۆژانە وبە پیاوی دنیا وپیاوی ژیان. بەمجۆرە، لە چارەی نەنووسرا لووتی بە لووتی سۆفییەتییەوە بتەقێ. بەڵکو، هەموو هۆیەك بۆ ئەوە فەراهەم بوو، کە ڕێیەکیتری ئەوتۆ بگرێتە بەر کە لە هیچ شتێکدا لەگەڵ ژیانی سۆفییەتیدا یەك نەگرێتەوە. [1]

مێژوونووسان ونووسەران وشاعیران، باس لەوە دەکەن کە نالی لە سلێمانی ولە خانەقاکەی مەولانا خالیددا، حوجرەیەکی بچووکی هەبووە، هەم بۆ خوداپەرستی وعاریفەت، هەم بۆ زانست ومەعریفەت. دەوترێت، شتێك یان کەسێك هەیە، کە لە هەر شتێك یان کەسێکیتر زیاتر لەپێش بێت وجێگەی لای سەرووی دڵی بۆ تەرخان کرابێت. ئەو جێگەیە، بەش بە حاڵی نالی، لە جیهاندا کوردستانە ولە کوردستانیشدا سلێمانی ولە سلێمانیدا خانەقای مەولانایە ولە خانەقاکەشدا ژوورەکەی خۆیەتی.

هەر لە دیداری حەزرەتی نالیدا، توێژەر (عەبدوڵڵا قەرەداغی)، ئەوەی خستبووە ڕوو، کە ڕەنگە لە قۆناغێکدا، نالی شاعیر مەیلێکی بەهێزی بەلای سۆفیگەریدا هەبووبێ، بەتایبەت تەریقەتی نەقشبەندی. بەڵام، لە ئەنجامدا ئەو مەیلەی سەری نەگرتبێ. بۆیە، دەشێت ئەو هێزی خۆشەویستییەی پتر بەرەو (عیشقی مەجازی) هەنگاوی نابێ، جگە لەو حاڵەتانەی باری دەروونیی لە نامۆیی وبەخۆداچوونەوەدا زۆری بۆ هێنابێ، یان کە ڕووبەڕووی بازرگانیکردنی کەسێك بە سۆفیگەرییەوە بووبێتەوە. هەڵبەت، لە عیشقی مەجازی شاعیریشدا، ناتوانین بەڵگە بۆ شێوەی ناڕەوای ئەو عیشقە بێنینەوە، جگە لە قەسیدە درێژەکەی بۆ مەستوورە، کە ئەویش خەونگێڕانەوەیە نەك لە واقیعدا ژیان. [2] هەڵبەت، لەو سەردەمەدا بزوتنەوەی سۆفیزم لە کوردستان لە ترۆپکدا بووە، لەگەڵ ئەوەش ململانێ وکێشمەکێشی نێوان تەریقەتی قادری ونەقشبەندی

---

[1] محمدی مەلا کریم: نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانیەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥– ٤٦

[2] م. عەلی: نالی هەر لە لوتکەدایە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦

لەوپەڕیدا بووە. ڕەنگدانەوەی ئەم ململانێیە، بە ڕوونی وبەربڵاوی لە مزگەوتەکان وقوتابخانە ئایینییەکانی سەرجەم میرنشینەکاندا ڕەنگیدابووەوە.[1]

**نالی، سەرت لە گونبەدەکەی خانەقا دەکا**

**لایێ پڕە لە مەشعەلە، لایێ پڕە لە مەشغەلە**

بەر لە دەرکەوتنی کاریگەرییەکانی تەریقەتی نەقشبەندی لە میرنشینی بابان، بنەماڵەی شێخان باڵادەست بوون، مەبەستیش (شێخ مارفی نۆدێ)یە، کە وەك ترۆپك وجەمسەرێکی تەریقەتی قادری لە ناوەندی میرنشینەکەدا دەرکەوتووە ودەسەڵاتی ئایینی لەدەستدا بووە وپارێزگاری لێکردووە. کاتێکیش مەولانا خالید، وەك پیری تەریقەتی نەقشبەندی دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان ولە ناوەندی هەمان میرنشین دەردەکەوێت، بارودۆخی کۆمەڵایەتی ناوچەکە گۆڕانێکی تەواوی بەسەردادێت. بەهۆی ئەوەی، هێندێك لە میرەکانی بابان وەك عوسمان پاشا وسولەیمان پاشا، وپێشتریش ئەوڕەحمان پاشای بابان، لایەنگریی وپشتیوانی مەولانایان کردووە وبوون بە موریدی وی، هەرچی مەحموود پاشا وشێخ مارفی نۆدێیی بوو، مانەوەی مەولانایان لە سولەیمانی لە بەرژەوەندی خۆیان نەزانیوە، بە هەموو هێز وتوانایەکی بویانە دژایەتی مەولانا ومریدەکانیان کردووە.[2]

ئەمە، خۆی لە خۆیدا مانای دروستبوونی ئەڵتەرناتیڤ ودوالیزمێکی سۆفیزم، ولە هەمان کاتیشدا مانای لاوازبوون وئاوابوونی خۆری دەسەڵاتی ئایینیی بنەماڵەی شێخان. هەربۆیە، وەك لە بەڵگەنامە مێژووییەکاندا ئاماژەی پێدراوە، ئەوپەڕی بەرەنگاریکردن وبەرهەڵستیکردنی مەولانا لەلایەن بنەماڵەی شێخانەوە گیراوەتە بەر. ئەویش، بە ڕەتکردنەوەی تەریقەتەکەی ونامەنووسین بۆ بەرپرسانی باڵای عوسمانی وبابانی بە مەبەستی دوورخستنەوەی مەولانا ولایەنگرانی، وناوزەدکردنی بە کافر وهاوتاپەیداکردن بۆ پەروەردگار وپێغەمبەری ئیسلام (د. خ)، تا ڕادەی بیرۆکەی تیرۆر.[3]

دواجار، پاش ئەوەی هەوڵەکانی بنەماڵەی شێخان هیوا بەخش نابن، بۆیە لەلایەن هەمان بنەماڵەوە بڕیاری تیرۆرکردنی مەولانا دەدرێت. بڕیارەکە، بەو شێوەیە بووە، کە (٢٠٠) لایەنگری تەریقەتی قادری لە

---

[1] برزو محمد: الشعر الكردي في القرن التاسع عشر في كردستان الجنوبية (العراق)، اتحاد المثقفين الكورد- غرب كوردستان في الخارج، ١٥/ ٥/ ٢٠٠٧، www.rojava.net

[2] عبدالحميد حسيني: نالیی لە ڕوانگەی سەپان کوردییەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦

[3] باسيلي نيكيتين: الكرد- دراسة سوسيولوجية وتأريخية، ت: الدكتور نوري طالباني، مصدر سابق، ص ٣٥٨

دەوری مزگەوت کۆببنەوە ودوای نوێژی عەسر، کاتێك مەولانا لە مزگەوت دێتە دەر، تیرۆری بکەن. بەڵام، ئەو ئاپۆرەیەی دەبوو ئەو کارەیان بکردایە، بە بینینی مەولانا کاتێك لە مزگەوت دێتە دەر، هەموو ورە بەردەدەن ودەشڵەژێن وبڵاوەی لێدەکەن، ئیدی ئەو کارەش ئەنجام نادرێت.[1] کەواتە، وێڕای ململانێی خێڵایەتی وناوچەگەرێتی وچینایەتی، ململانێی تەریقەتیش بارگرانییەکی زیاتر وئاریشە ولێکترازانێکی ڕیشەیی کۆمەڵایەتی وئایینیی وسیاسی زیاتری لەناو خودی میرنشینەکەدا دروستکردووە، کە دواجار سەرجەمیان بوونەتە هۆکاری نەمانی لۆیالْ وبێهێزبوونی پێگەی میرنشینەکە وفەراهەم نەبوونی دیسکۆرسێکی نەتەوەیی کوردیی یەکگرتوو.

کاتێك، مەولانا خالیدی شارەزووری (١٧٧٩– ١٨٢٦ز)، لە هندستان تەریقەتی نەقشبەندی لەسەر دەستی شێخ (عەبدوڵڵای دەهلەوی) (١٧٤٥– ١٨٢٤ز) وەرگرتبوو، وبۆ کوردستان گەڕابووەوە (١٨١١ز)، ئیدی بانگەوازی بۆ ڕێبازە تازەکەی بەناو خەڵکدا کردبوو. خەڵکەکە، وەك بانگەوازێکی ڕزگارکەر، بەپیریەوە چووبوون وپێشوازییان لێکردبوو. بەتایبەتیش، چینی جوتیاران وتوێژی بازاڕی، کە شەڕی خوێناوی وبەردەوامی ناوچەکە، ژیانی لێشێواندبوون وزیانی لە بەرژەوەندی وسەروماڵیان دابوو.[2]

دەکرێت هێما بەوەش بکەین، بەر لەوەی کە مەولانا خالید ببێتە مورشید، تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستانەدا بوونی هەبووە. شێخ شەهابوددینی کوڕی شێخ زەینەدین کوڕی شێخ ڕەزا موعینوددین کاکۆ زەکەریای (١٠٠٣– ١٠٧٢ك)، لە ناوچەی هەورامان شێخایەتی کردووە، وبە شێوەزاری هەورامی شیعری وتووە. بنەماڵەی ئەم شێخانە، لە ناوچەکانی ئەردەڵان ومەریوان وموکریان، مرید وخەلیفەیان بووە. کاتێك، قزڵباشەکانی سەفەوی هێرش دەکەنە سەر ناوچەی مەریوان، لە دژیان دەوەستێ ولە پارچە شیعرێکدا دەڵێ:

پیر یونس هانا، پیر یونس هانا    مەزڵوومان دایم لای تۆشەن هانا

نەبییرەی ئەکرەم شاهمەردانی    فرزەند دڵبەند شێخ زەکەریانی

پەی وایەمەندان عەجەب دەرمانی    چۆن شێری کەمین حازر مەیدانی

ئینتیقام جاگەی بابای ئەکرەمت    بە شە پۆل کیین قەلب قولزەمت

بستان جە لەشکەر دوژمن بێ ئەندێش    نەمازێ یەکێ بشۆ وەجای خوێش

---

[1] سردم العربي: مجلة فصلية ثقافية عامة، مصدر سابق، ص ٣٨

[2] کلۆدیۆس جێمس ڕیچ: گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان (١٨٢٠)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤

**"شەهاب" هەرچی هەن نەسل ڕەسوولەن  زوورپییەی تاهیر عەلی وبەتوولەن** [*]

بەڵام، لەبەرئەوەی لە ناوچەکانی شارەزوور وسولەیمانی، شێخایەتی ئەم شێخانە ڕێی لە شێخایەتی شێخەکانی بەرزنجە نەگرتووە، بۆیە بەو شێوەیە دژایەتی نەکراون وەك ئەوەی لە دژی مەولانا خالید کراوە. [١]

گەر لە سەرەتادا، ولە زۆرانبازی نێوان تەریقەتی قادری ونەقشبەندیدا، میرانی بابان ویستبێتیان بالانس لە نێوان ئەم دوو پۆلەدا ڕاگرن. بەڵام، بە ڕۆیشتنی (مەولانا) ومەرگی کتوپڕی ئەو لە شام، [*] ئیدی بەرەی شێخان لەو کاتەوە بالادەستیی خۆیان سەلماندبوو. وەلێ، پاش دەرپەڕاندنی مەولانا خالید، بنەماڵەی شێخان وەکو هێزێکی کۆمەڵایەتی، کاروباری خۆیان هەڵدەسووڕاند. مردنی شێخ مارفی نۆدێ، لە (١٨٣٨ز) وناشتنی لە (گردی سەیوان) ومەرگی سلێمان پاشای بابان لە هەمان ساڵدا وناشتنی بە تەنیشت گۆڕەکەی شێخ مارفەوە، ناکرێ کاری ڕێکەوت بێ. ڕەزامەندی یەکسانیبوون، تەنانەت لە گۆڕستانیشدا، جۆرێك بووە لە دانپێدانانی دەسەڵاتی ئایینیی. ئەوەی ڕازیبووە باوکی بەتەنیشت پیاوێکی ئایینییەوە بنێژرێت، (ئەحمەد پاشای بابان) بووە. [٢]

بەڵام، لە دەفتەرە ناوازەکەی مێژوونووسی گەورەی کورد (حسێن نازم بەگ)دا، ئاماژە بەم بابەتە دراوە ونووسراوە: "تەرمی سلێمان پاشا، بەپێی ڕاسپاردەی خۆی، سپێردرا بە خاکی لێخۆشبوونی (گردی سەیوان)ی پاڵ سلێمانی، وگومەزێك لەسەر گۆڕەکەی دروست کرا." هەر لە هەمان دەفتەردا، ئاماژە بە ساڵی کۆچی دوایشی دراوە کە (١٢٥٥ك)یە، کە کردوویەتییە (١٨٣٩– ١٨٤٠ز). [٣] دیارە، ئەو ماوەیەی (جێیمس ڕیچ) لە سلێمانی بووە و وەك خۆی لە بیرەوەری ڕۆژی (٢٠/ تشرینی یەکەم/ ١٨٢٠ز) دا نووسیویەتی، دەڵێت: "مەولانا خالید، ناچارکراوە لەو ڕۆژەدا سلێمانی بەجێبهێڵێ." [٤]

**قوتبی زەمانە، خالید ئاوارە بوو وەکو من**

---

[*] پارچە شیعرێکی شێخ شەهابوددین بە بۆنەی لەشکرکێشی قزڵباشەکان بۆ سەر ناوچەی مەریوان

[١] عبدالحمید حسینی: نالیی لە ڕوانگەی سەپان کوردییەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣

[*] مەولانا خالیدی نەقشبەندی، ساڵی (١٨٢٦ز) لە دیمەشق بە نەخۆشی چاوە قووڵە (طاعون) کۆچی دوایی کردووە ولە قەراغ شار لە (ساڵحیە– صالحیە) لە قەدپاڵی چیای (قاسیون) بەخاك سپێردراوە، دواتر گۆڕەکەی بووەتە مەزارگە.

[٢] مامۆستا جەعفەر: شاری سلێمانی، ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان (١٨٢٠– ١٩٢٠)، بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٨١– ٨٤

[٣] حسێن نازم بەگ: مێژووی میرایەتی بابان، و: حسێن حەسەن کەریم وسدیق ساڵح، لە چاپکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠١٣، ل

[٤] کلۆدیۆس جێمس ڕیچ: گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان (١٨٢٠)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥

## بێ قەدر وقیمەت وشان، بێ نان وخان ومەسکەن [*]

ڕاستە، نزیکییەکی تەواو لەنێوان گوتاری دەسەڵاتی بابان وگوتاری ڕێبازی قادریدا هەبووە، بەڵام ئەو دوو ڕەگەزەی گوتاری کوردی ئەو قۆناغە، لەگەڵئەوەی نەیانتوانی لەگەڵ گوتاری ڕێبازی نەقشبەندیدا یەکبگرنەوە، لەوپەڕی ناکۆکی وئاڵۆزیشدا بوون. هۆکەشی، ئەوەیە کە تاکو ئەو کاتە ڕەگەزی (یەکبوون) کە نەك هەر بنەمای بەنەتەوەبوونە، بەڵکو ڕەگەزی کۆمەڵایەتیبوونیشە، لە کۆمەڵگای کوردیدا لە ئاستی نەبووندا بووە. کەواتە، لە نێوخۆی میرنشیندا، هەرچۆن گوتاری خێڵایەتی کوردی گوتارێکی پەرتبووی ناوچەگەری بووە، بە هەمان شێوە، گوتاری تەسەوفیش لە کوردستاندا هەڵگری بنەماکانی ڕیفۆرمی ئایینی نەبووە. بەڵکو، بە هەمان ڕەگەزەکانی خۆ بەڕەها زانین وخۆ لەسەرووی هەموو ئەوانیترەوە دانان بارگاوی کراوە، وتوندوتیژی ئایینیی وتوندوتیژی خێڵایەتی کوردیش دەسەڵاتی بەسەردا کردووە. [1]

لێرەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە مەحاڵە شۆڕشی سیاسی بە بێ فەراهەمبوونی پێشوەختی شۆڕشی فیکریی خۆی ڕابگرێ. هەڵبەت، شۆڕشی فیکریش بەبێ میکانیزمی ڕیفۆرمی ئایینیی، مەحاڵە پێزی هەبێ. بە مانای، بۆیە مێژووی شۆڕشگەلی کورد بە دوا مەنزڵگە نەگەیشتووە، لەبەرئەوەی هەرگیز نەمانتوانیوە ڕیفۆرمی ئایینیی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ئەنجام بدەین. بەمەش، ئەقڵییەتی تاکی کورد بە چەقبەستوویی ودۆگمایی ونغرۆ لە خورافیاتدا ماوەتەوە. ئەوجا، هیچ بوارێك بۆ ئازادی ڕادەربڕین نامێنێ، لەبری کرانەوە وئایدیۆلۆژیای فیکریی چەشەکراو بە پلورالیزم وڕێژەگەری، ئایدیۆلۆژیای ئایینیی چەشەکراو بە سەلەفیزم وفەندەمێنتالیزم وتوندڕەوی وڕەهایی باڵادەست دەبێ. دیارە، ئوسوڵیەتیش، هەردەم خوازیاری ئوممەی ئیسلامی بووە بە گشتی، نەك ئوممەی کوردی بەتایبەت. هەربۆیە، شۆڕشەکانمان لەبری سەرکردەی نەتەوەیی وسەرتاسەری، سەرکردەی پۆپۆلیستی وناوچەیی بەرهەم هانیوە.

جارێکیتر، بە گەڕانەوەمان بۆ بابەتی باڵادەستیی سیستمی ئایینی، ئاماژەمان بەوەدا کە نالی ژوورێکی لە خانەقاکەی مەولانادا هەبووە، هەروەها ئاماژەمان بەوەشدا کە دەشێت جۆرێك لە هاوسۆزی ڕووەو ڕێبازی نەقشبەندی هەبووبێ، هەرچەندە (مەسعود محەمەد) بەپێچەوانەوە ئاماژەی بەوە دابوو کە "نالی، مەیل ومەشرەبی لە تصوفدا بەرەو (قادری) بووە، ودژایەتی لەگەڵ صوفییەکانی نەقشبەندی لە

---

[*] چامەیەکی شاعیری نیشتمانپەروەر، حاجی قادری کۆیی دەربارەی ئاوارەبوونی مەولانا خالید. حاجی هاوشێوەی حەزرەت، هەردەم تەوس وپلاری لە شێخ وسۆفی ودەروێش گرتووە.

[1] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧– ٨٨

عەقیدەوەیە نەك دوژمنایەتی شەخصی." [1] ئەم بۆچوونەش ڕێی تێدەچێت، بەوەی نالی هاوڕێی خۆشەویستی (سالمی ساحێبقران) بووە. ئاشکرایە، کە سالمی شاعیر (١٨٠٠- ١٨٦٦ز)، ئەندامێك بووە لە چینی ئۆرستۆکراتی دەسەڵاتدار، وناکۆك بووە لەگەڵ چینی بۆرژوادا کە خۆی لە بازرگانان وکاسبکاران وپیشەوەرانی ئەو سەردەمەدا دەبینییەوە، کە بزاڤی نەقشبەندییان کردبووە قەڵغان وئەڵتەرناتیڤ. بەوەی، لە ڕوانگەی سالمەوە، نوێنەرانی ئەم چینە بۆ دەرفەتێك گەڕاون، تا لە پێشەوە لە دەسەڵاتی میرانی بابان بدەن. بە بڕوای سالم، ئەوان هاریکارییان لەگەڵ هێزی دەرەکی ویارمەتیدانیان بۆ تێکشکانی دەسەڵاتی ئەو زەمانە بە کارێکی باش وگونجاو داناوە. [2]

**لە ئەصلا، بانی ئەم کارە، کاسبهایی شەهری بوون**

**لە ئەمری فیتنە ئەنگێزا، سەرانسەر میثلی مەردانن**

**لە ئەوضاعی سلێمانی، ئەوانە شاد وئاسودەن**

**لە فەرعا، نوطفەیی حەیزن، لە ئەصلا جنسی شەیتانن**

**گەهی هەم دەردی ئەکرادن، گەهی هەم عەیشی ئەتراکن**

**لە یەك لا، مادەری بەخن، لە یەك لا، یاری گورگانن** *

دوای ڕووخاندنی میرنشینی بابان لە (١٨٥١ز) دا، وبە گوێرەی قسەی (مێجەر سۆن)، کە لە سەرەتای سەدەی پێشوو بە سەردانێکی نهێنی لە سلێمانی مابووەوە، بەرەی شێخان (نەوەکانی شێخ مارفی نۆدێ)، تۆڕێکی چڕ وپڕیان چنیبوو، بۆئەوەی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا سەروەت وسامانێکی گەورە پێکەوە بنێن ودەستیش بەسەر زەوی وزارێکی فراواندا بگرن. خەستبوونەوەی چەوساندنەوە وسەرانە سەندن وباج، بەرە

---

[1] مەسعوود محەمەد: چەپکێك لە گوڵزاری نالی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٠

[2] مامۆستا جەعفەر: شاری سلێمانی، ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان (١٨٢٠- ١٩٢٠)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤

* ئەم پارچە شیعرە، تایبەتە بە سالمی ساحێبقران، کە لە دژی کاسبکارانی شاری سلێمانی وتوویەتی. گوایە ئەوان وەك نەیار وئۆپۆزسیۆن کاریان لەسەر ڕووخاندنی میرنشینی بابان کردووە.

بەرە پاڵی بە بازرگان وکاسبکارانەوەنا، ڕاپەڕینێك بەرپا بکەن. هەربۆیە، نوێنەرانی چینی بۆرژوا، پەیوەندییان بە هۆزی هەمەوەندەوە کردبوو، بۆئەوەی لە یەك کاتدا پەلاماری حاکمی عەسکەریی عوسمانی وبنەماڵەی شێخان پێکەوە بدەن، ولە شاریان دەرپەڕێنن. لە ڕاپەڕینی ساڵی (١٨٨١ز)، شار هێندەی نەمابوو بکەوێتە دەست کۆمەلانی خەڵکەوە، گەر پەلاماری هێزی سەربازیی عوسمانی نەبوایە، کە بە توندی هێرشیان کردبووە سەر ڕاپەڕیوەکان وسەرکوتیان کردبوون وهەر بە چرۆیی هەڵیان پرواندبوون.[١]

دیارە، لە نێوکۆی ململانێی دەسەلات وچینایەتی وبالادەستی تەریقەتدا، ڕاستییەك دەدرەوشێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە نالی، هەم هاوڕێی شیعر وکۆڕ وگیانی بەگیانی سالم بووە، هەم کەسێکی خۆشەویست وناسراوی نێو میرانی بابانیش بووە. وەلێ، چ سالم، چ میرانی بابان، زیاتر لایەنگری تەریقەتی قادری بوون وپێوەندییەکی باشیان لەگەڵ بنەماڵەی شێخاندا هەبووە. لەبەرئەوە، هەروەك مەسعوود محەمەد ئاماژەی پێدابوو، هیچ دوور نییە ئەم هۆکارانە بووبنە هۆی ئەوەی نالیش مەیلی بەلای تەریقەتی قادریدا چووبێ. بەلام، لە لایەك، نالی وەك شاعیر وڕۆشنبیرێك، پێگەیەکی تایبەتی هەبووە ولەگەڵ مەولاناشدا هاوهۆز بووە ولە خانەقاکەی ئەودا بووە، لە لایەکیتریش، دەسەلاتی تەریقەت وبنەماڵەی شێخانیش دەست وسەنگی خۆیان هەبووە. بۆیە، وای بەباش زانیوە کە نە لەسەر دەسەلات وقادری ساغبێتەوە، وە نە لەسەر مەولانا ونەقشبەندی. واتە، مەلا خدر، لەم نێوەندەدا بالانسی وەرگرتووە، ئەوەش لە ڕووی ئاوەزمەندی وپێگەی قورس وئەرێنی خۆیەوە بووە، نەك لە دوو ڕوویی وڕیایی وهەلپەرستییەوە.

گەر، لە ڕوانگەیەکی لۆژیکییانەوە سەیری ئەم بابەتە بکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مەولانا خالید پاش ئەوەی بۆ دواجار سلێمانی جێدەهێڵێ وپاشتر لە شام دەگیرسێتەوە، ئیدی ساڵی (١٨٢٦ز) بە نەخۆشی کۆچی دوایی دەکات. واتە، ئەم ساڵە بۆ نالی شاعیر دەچێتە خانەی تافی لاوییەوە، کە دەشێت هێشتا بەو جۆرە ناوبانگی دەرنەکردبێت، یان لە سنە خەریکی خوێندن بووبێت. هەروەك محەمەدی حەمە باقی، لە کتێبی (گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان) دا ئاماژەی پێداوە ودەڵێت: "لە کاتێکدا، لە گەلێك جێگادا خوێنەر هەست دەکات (ڕیچ) زۆر سەودای دنیای ئەدەبە بە گشتی وشیعر بەتایبەتی، وناوەناوەش ناوی شاعیرانی وەك (بایرۆن وشکسپیر وحافز) وهیتریش دێنێ، کەچی ناوی تەنیا شاعیرێکی کورد، هەر لە (بابا تاهیر، مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی، بێسارانی وکۆماسی ...) تا شاعیرانی شێوەی سلێمانی ناهێنێ. بەلای منەوە، ئەمە بۆ خوێندەوارانی کورد جێی پرسیار وڕامانە. چونکە، ئەوەی ئێمە دەربارەی شاعیرانی

---

[١] مامۆستا جەعفەر: شاری سلێمانی، ململانێی گروپە کۆمەلایەتییەکان (١٨٢٠– ١٩٢٠)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤–٦٥

سێکوچکەی بابان (نالی وسالم وکوردی) دەیزانین، ئەوەیە کە ئەم سێ شاعیرە مەزنە، دەبوایە سۆراخێکیان لەناو توێژی خوێندەوارانی ئەو سەردەمەی سەردانەکەی ڕیچدا هەبوایە. بەتایبەتی، کە ماوەی (٣) مانگ و(٩) ڕۆژ لە سلێمانی بووە. دیارە، کاتی سەردانەکەی ڕیچ، یان دەبێ هیچیان لە سلێمانی نەبووبن، یان دەبێ هێشتا هیچیان ناوبانگێکی وایان پەیدا نەکردبێ، تا بێنە سەر زاری خەڵك." [1]

ئەوەی مەبەستە بیڵێم، ئەوەیە کە نالی لەو ساڵانەدا (١٨٢٠– ١٨٢٦ز) لاو بووە، وپێناچێت کەوتبێتە نێو گێژاوی ململانێی تەریقەتەوە، کە دواجار ناچاری سەرهەڵگرتن وبارکردنی کردبێت. بەهەر حاڵ، کاتێك ئەم شۆرەتی پەیدا کردووە، دەشێت ئەو بابەتە کاڵ بووبێتەوە، یان ماوەیەکی زۆر بەسەر مردنی مەولانادا تێپەڕبووبێ، یاخود باسکردنی مەولانا وتەریقەتەکەی زۆر ڕێپێدراو نەبووبێ. وێڕای ئەوەی، نالی شاعیر، هەروەك محەمەدی مەلا کەریم ئاماژەی پێدابوو: "زۆر نزیك بووە لە دەرباری بابانەکانەوە." [2] دەشێت، هەموو ئەمانە وایکردبێ کە هێندە بە زەقی لە شیعرەکانیدا ناوی نەبردبێ ودوورە پەرێز بووبێ. هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا، نالی شاعیر، هێندە کوشتەی دەسەڵاتی دیینی ودنیەوی نەبووە. لە ڕاستیدا، ئەمانە هەمووی بۆچوونن لەسەر ژیان وئەوین وهەڵسوکەوت وڕێبازی ئاییینی حەزرەت. هەرزەگۆییمە، گەر بڵێم بە یەقینەوە وادەڵێم. واتە، سەرباری گومان، ئەوە ئاییندەیە کە لە دووتوێی توێژینەوەی زیاتر وبەڵگەنامە نهێنییەکانیدا مێژووی ڕاستەقینەی ژیانی ئەم کەڵە شاعیرەی کوردی لەخۆ گرتووە.

وەلێ، مەسعود محەمەد، دەڵێ: "لە شوێنێکیتردا، وتوومە مەشرەبی نالی لە تەسەوفدا قادری بووە نەك نەقشبەندی. لە ئاست ئەم بیروڕایەدا، دەبێ ئەوەش فەرامۆش نەکەین کە نالی لە تەکیەی مەولانا خالید خوێندوویەتی، کە دەزانین مەولانا سەرۆکی تەریقەتی نەقشبەندی بووە لە سەردەمی خۆیدا. لەمەوە، دەشێ بیر بۆ ئەوە بڕوا کە نالی نەقشبەندی بووبێ نەك قادری. بەڵام، بەر لەوەی ڕایەکەی من هەڵوەشێتەوە، دەبێ ئەوە بزانین کە خوێندنی نالی لە تەکیەی مەولانا، دوای دەرچوونی مەولانا خالید بووە لە سلێمانی. کەواتە، لێکدانەوەکە وبڕیاری قادریبوون ونەقشبەندیبوونی نالی، بەهۆی زانینی مەشرەبی ئەو مامۆستایانەوە ساغ دەکرێتەوە کە نالی دەرسی خوێندووە لەلایان." [3]

بەڵام، سەپان کوردی، دەڵێ: "نالی، لە چەند لایەنێکەوە دەگەڵ مەولانا یەکیانگرتووەتەوە، هەردووکیان شارەزوورین، لە بەرەی پیر میکایلی عەشیرەتی جافن. لە کاتی خوێندندا، لە یەکتر نزیکبوون

---

[1] کلۆدیۆس جێمس ڕیچ: گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان (١٨٢٠)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦– ١٧

[2] محمدی مەلا کریم: نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانیەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١

[3] مەسعوود محەمەد: چەپکێك لە گوڵزاری نالی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٠

وڕۆحێکی بەرزی کوردایەتییان بووە، لە میرەکانی بابانیش زۆر نزیکبوون. نالی، لە دڵەوە مەولانای خۆشویستووە، هەر ئەو خۆشەویستییەش وای لێکردووە کە بچێ لەسەر خانەقای مەولانا دانیشێ وبۆ ماوەی حەوت هەشت ساڵ دەرس بڵێتەوە." [1]

مامۆستا جەعفەر، لە دیداری نالی ولە خوێندنەوەیەکی تریدا بۆ پەیوەندی نێوان مەولانا خالید ونالی، ئاماژە بەوە دەدات کە: "ئەگەر نالی، لە خانەقادا نەبووبێت وموریدی تەریقەتی نەقشبەندی نەبووبێت، یان لەبن کاریگەریێتی شەپۆلی نوێگەریێتی وئەو ڕێبازە نەبووبێت، ئەدی بۆ لە ناوەندی جووڵانەوەکەدا ژوورێك بۆخۆی دەدۆزێتەوە وجێگەی خۆی دەکاتەوە وهەوڵی نەداوە لە مزگەوتێکیتر ژوورێك پەیدا بکات. ئایا، کەسێك هیچ پەیوەندییەکی دوور ونزیکی بە لایەنێکەوە نەبێت، دەچێت لە گەرمەی ڕووداوەکاندا ولە ناوەندی بەرەیەکدا خۆی جێگیر بکات، لە کاتێکدا هەردوو بەرەکە لە دۆخی پێکدادان وململانێدابن؟ ناوەندەکەی نالی، لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە، لە بن گوشار وتەنگپێهەڵچنیندا بووە ولە سێبەری بارودۆخێکی ئاساییدا نەبووە." [2]

دەگەڕێمەوە سەر محەمەدی مەلا کەریم، کاتێك باس لە ناکۆکییەکانی مەولانا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی باباندا دەکات، ئاماژە بەوە دەدا کە: "نالی، ئەگەر مەولانای بە یەکێ لەو سۆفییانە دابنایە کە لە دژیان دواوە، ئەوا هیچ تەگەرەیەك نەبوو ڕێی لێبگرێ ولە دژی بدوێ، وبیانوویەکیش نەبوو بۆئەوەی خۆی لە ناوهێنانی بدزێتەوە. لەمەوە، من ئەگەمە ئەوەی کە نالی هەڵوێستی بەرامبەر بە مەولانا خراپ نەبووە وبە چاوی خراپ بۆی نەڕوانیوە. هۆیەکی تریش، ئەوەیە کە مەولاناش ونالیش، هەردووکیان لە هۆزی مکایەڵین." نووسەر، ئاماژە بەوەش دەدا، کە لە ناو هەموو ئەو بەیتانەی نالیدا کە لە شێخ وسۆفی ئەدوێن، چ ئەوانەی نووسراون، چ ئەوانەی نەنووسراون، تەنها دوو بەیت هەیە ناوی (نەقشبەندی) تێدا هێنراوە، کە دەشێت بوترێت جۆرە ئیشارەتێکیان بۆ تەریقەتی نەقشبەندی تیایە. [3]

لە عەکسی زاتی بێ ڕەنگت، هەتا کەی دیدە ڕەنگین بێ

جنوونی لەیل ومەیلی نەقشبەندی عەکسی ئەسما بێ

---

[1] عبدالحمید حسینی: نالیی لە ڕوانگەی سەپان کوردییەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨

[2] دیداری نالی: بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیریی وهونەر لە سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی دیداری نالی، چاپخانەی کۆردۆنیا- سلێمانی، ٢٠١١، ل ٣٠- ٣١

[3] محمدی مەلا کریم: نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانیەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩- ٧٨

مەگەر هەر یاری نەقشینم ببێتە نەقشبەندی دڵ

کە نەقشی غەیری ڕەنگی ئەو بە ئاوی دیدە شۆرابێ

ئەگەر خەڵوەت نشین بێ "جانی جانان" بێ ئەنیسی ئەو

وەگەر هیجرەت گوزین ڕۆحی "عەزیزان" یاری غاری بێ!

هەرچەندە، سەپان کوردی، دواجار ئاماژە بەوەش دەدا کە: "نالی، لەگەڵ ئەوەشدا، ددانی بە جەرگی خۆیدا هێناوە وبە چاك وبە خراپ باسێكی مەولانامان بۆ ناكات. بۆ؟ ئەوەندە هەیە، بە پێداچوونەوە بە هێندێك لە شیعرەكانیدا، دەتوانین بڵێین نالی تەریقەتی نەقشبەندی بەدڵ بووە وبۆرە خۆشەویستییەكی ئەم تەریقەتەی لە دڵدا بووە." [١]

هەڵبەت، ناونەهێنانی مەولانا بەو شێوەیە لەلایەن نالییەوە، دوو مەغزا لەخۆ دەگرێ، یەكەمیان: ئەوەیە كە دەشێت نالی پێوەندییەكی ئەوتۆی لەگەڵ مەولانادا نەبووبێت، كە ئەمەش بژاردەیەكی لاوازە. لەبەرئەوەی، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، نالی هاوەڵ وهاوتەمەنی مەولانا نەبووە. دووەمیان: ئەوەیە كە بارودۆخی ئەوسای دەسەڵاتدارانی میرنشین وپیاوانی ئایینیی وململانێی تەریقەت، تا ڕادەیەك ڕێگربووە لەوەی نالی بە ئاشكرا بانگەشەی هاوخوێنی وهاوسۆزی بكات، كە دەشێت بژاردەیەكی بەهێز بێت. هەرچەندە، پێشتر ئاماژەمان بەوەشدا كە نالی هێندەی كەسێكی ڕۆشنبیر وتێگەیشتوو بووە، هێندە كەسێكی ئایینیی مێشك داخراوی وشكی دواكەوتوو نەبووە. ڕاستە، كەسێكی باوەڕدار بووە وهاوەڵی كەسانی ئایینی ومەلا وموستەعید وفەقێكان بووە، بەڵام هەرگیز بڕوای بە پڕوپووچ وتوندوتیژی وخۆدەرخستن وململانێی تەریقەت نەبووە. لەوەش زیاتر، ئەوەیە كە هەرگیز ئارەزووی مەشرەبی سۆفی ودەروێشانی نەبووە.

بنوارە، وشكە سۆفی ورەقسی بە هەلهەلە

دیسان لە بەحری وشكی هەوا، كەوتە پێ مەلە

---

[١] عبدالحمید حسینی: نالیی لە ڕوانگەی سەپان كوردییەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠

لێرەوە، دەشێت بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە مەلا خدر بۆیە بەرەنگاری وشکە سۆفی وناحەزانی بووەتەوە، لەبەرئەوەی کەسێکی بێزراو ونەخوازراو بووە لە ڕوانگەی ئەوانەوە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی، یەکەم: حەزرەت کەسێکی زۆر بلیمەت بووە ولە پێشەنگی داهێنەرانی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی بووە ویەکێك بووە لەوانەی کودەتای سپییان بەسەر قوتابخانەی شیعری کوردی بە شێوەزاری گۆرانی یان هەورامی هێناوە، [١] بۆیە دواجار بە لادەر لە ڕیتمی باو لەقەڵەم دراوە. دووەم:، لە سەروبەندی ململانێی تەریقەتی قادری ونەقشبەندیدا، ناوبراو لە حوجرەیەکی خانەقای مەولانای نەقشبەندیدا نیشتەجێ بووە، کە بەلایەوە شوێنێکی پیرۆز وجێنزرگەی ئەو بووە. بەڵام، دواتر هەواڵی پێدەگات، کە خانەقا پڕ بووە لە دەروێش، [٢] وە ئەو حوجرەیەی کە بۆ ئەو وەك ئەشکەوتی (سەور) (ثور)ی پێغەمبەر (د.خ) وابوو، ئێستاکێ پڕ بووە لە ئەغیار وبێگانە. [٣]

واسیل بکە عەبیری سەلامم بە حوجرەکەم

چی ماوە، چی نەماوە، لە هەیوان وتاق وژوور؟

ئەو غاری یارە ئێستە پڕ ئەغیارە، یا نە خۆ

هەر غاری یارە، یا بووەتە غاری مار وموور؟

کەواتە، دەشێت وێنای ئەوە بکەین کە نالی سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی بووە، چونکە دەروێشانی تەریقەتی قادری بە ئەغیار ودوژمن وبێگانە لەقەڵەم داوە. سێیەم: سەرباری منەوەری، نالی کەسێکی عاشق بووە وبە ئاشکرا لە شیعرەکانیدا عیشق ڕەنگیداوەتەوە، وێڕای ئەوەش کەسێکی ڕەبەن بووە. ئەمەش، لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی ئەو سەردەمەدا پەسەند نەکراوە وزۆر قورس ونەنگی بووە. چوارەم: دواجار، مەلا خدری شارەزووری، بە زەبری شیعر وڕەوانبێژی وڕێزمان وتوانا فەلسەفی وزمانە پاراوەکەی، توانیبووی لە دەرباری میراندا پێگەیەکی قورس داگیر بکات، وجێی سەرنجی دەسەڵاتدارانی بابان بێ. ئەوجا، بەم هۆگەلە، زۆر ئاساییە نالی لەلایەن نەیارانییەوە هەردەم بۆسەی بۆدانرابێ.

---

[١] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل

[٢] م. عەلی: نالی هەر لە لوتکەدایە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٥

[٣] ڕێبوار سیوەیلی: کتێبی نالی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٨

کەواتە، دژایەتیکردنی مەلا خدری نالی لەبۆ پەیڕەوانی تەریقەت، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئەوان دەستیان وەرداوەتە ژیانی تایبەتی حەزرەت، نەك حەزرەت خۆی بخاتە ناو گێژاوی ململانێی تەریقەت. ئەم دەستوەردانەش، مایەی بێزاری نالی بووە، لەگەڵئەوەشدا کەم مەیلیی حەبیبە یان نەگەیشتن پێی، برینێکی قووڵی لە دڵ وهەست ونەستی ئەودا دروستکردووە. سەرباری هەموو ئەوانەش، ململانێی نێو کۆشکی میر ونێوان تەریقەتەکان وشلۆقی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە ودڵەڕاوکێ ومەترسی لەناوچوونی میرنشینەکە وناوچەگەرێتی وئەقڵیەتی دواکەوتووی خێڵەکی، هەموو ئەمانە، فاکتەرگەلێك بوون بۆئەوەی کە ناوبراو پاش ئەوەی لە حەج دەگەڕێتەوە بۆ شام ولەوێش هەواڵی داگیرکاری وکۆتاییهاتنی میرنشینی بابان وخانەقا وشارەزووری لەلایەن (سالم)ی هاوڕێیەوە پێدەگات، ئیدی بۆ دواجار وبە ناچاری بڕیاری ئەوە دەدات کە ڕاستەوخۆ لە شامەوە بۆ ئەستەمبووڵ کۆچی یەکجاری بکات، [1] وسلێمانی وبابان وشارەزوور وحەبیبە وحوجرەکەی بە یادەوەرییەکی نەبڕاوە بسپێرێ.

**تو خودا بڵێ بە حەزرەتی نالی، دەخیلی بم**

**بەم نەوعە قەت نەکا بە سولە یمانییا گوزەر**

**سالم سیفەت لە بێ کەسییا یا نەبێ هیلاك**

**من کردم ئەو نەکا لە غەما خوێنی خۆی هەدەر**

**ئەم موڵکە، نەزمی نابێ بە بێ زەبتی واریسی**

**بێ ئەو بە قەسدی ئەم تەرەفە، با نەکا سەفەر ***

هەرچەندە پیرەمێردی نەمریش، لەژێر شادێڕی (خدمەتێکی بێ هەمتا. بە موناسەبەتی تەبعی دیوانی نالییەوە) نووسیویەتی وئەڵێ: "تەقریبەن نەوەد ساڵ لەمەوپێش، ڕۆژێکی ڕەنگ زەردی پاییز کە شینایی ئاسمان غوبارێکی کەسیف داپۆشیبوو، لە دەمەدەمی بەیانیدا پیرێکی سەر وڕیش سپی ئیفتادە، مێزەر بە

---

[1] شاعیر نالی: شاعیرە ناودارەکانی هەڵەبجە، ١٩/ ٣/ ٢٠١٢، www.zamnako.blogfa.com

* ئەم پارچە شیعرە، وەڵامی سالمە لەبۆ نالی، کە ئامۆژگاری دەکات بەوەی هەرگیز نەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی.

سەر بە مات ومەلوولی، لە پشت ئەسپێکی بە کورتانەوە ڕوو بە (وەیس) لە سولەیمانی دەرچوو. لە دوایەوە غەیری چەند فەقێیەکی خانەقا نەبێت، تەشییعکەرێکی نەبوو. گاھ گاھ، بە دەنگێکی حەزینی گریاناوییەوە، قسەی لەگەڵ ئەم جەماعەتە بچووکە ئەکرد ولە هەموو هەنگاوێکدا جارێ ڕووی بۆ لای سولەیمانی وەرئەگێڕا.... ئەم پیری ئیفتادەیە، مەلا خزر (نالی) بووە..... پاش ئەوەی (ئەحمەد– موختار) مەجبوور بوو بە تەرکی تەختی (بەبە)، (نالی)ش بە ئارەزوو وئیختیاری خۆی، تاجی (ملك الشعراء)ی لە سەری خۆی فڕێدا ونایە ژێر پێیەوە، چونکە لە نەزەر ئەودا موڵکی بێ تەخت شاعیری بێ تاجی ئەویست!...." [١]

**قوربانی تۆزی ڕێگەتم، ئەی بادی خۆش مروور**

**ئەی پەیکی شارەزا، بە هەموو شاری شارەزوور**

**ئەی لوتفەکەت خەفی وهەوا خواھ وهەمدەمە**

**وەی سروەکەت بەشارەتی سەرگۆشەیی حوزوور**

کەواتە، دەشێت نالی بە پێوەری ئەم سەردەمە، وەك کەسێکی بەرهەڵستکار وێنا بکرێت. بەرهەڵستی، لە داکەوتی کۆمەڵگایەکی خێڵەکیی تەقلیدیی ولە ئەدەب وهزر وباوەڕی دۆگمایی، ئەمی ناچارکردبوو سەرلەبەری ئەو واقیعە ڕەتبکاتەوە وهەوڵی گۆڕان ودووبارە داڕشتنەوەی بدات. دەتوانین بڵێین، نالی هەوڵی شۆڕشی فیکریی دابوو لە ڕێی ڕیفۆرمی ئایینیی نەقشبەندییەوە. بەڵام، دوای داگیرکاری عوسمانییەکان بۆ میرنشینی بابان وسەرنەگرتنی ئەو ڕیفۆرمە وچەقبەستوویی بارودۆخ وناوچەگەرێتی، ئیتر لەوپەڕی نائومێدیدا وازی لە خەونی شۆڕش وگۆڕانخوازی ڕادیکاڵیی هێنابێ وبارتەقای هەوڵەکانی بە داهێنانی قوتابخانەیەکی شیعریی کلاسیکی کردبێ وئیدی بەوپەڕی ناشادییەوە بۆ دواجار ڕووی لە تاراوگە کردبێ.

## <u>دانتێ</u>

[١] دیوانی نالی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس وفاتیح عەبدولکەریم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢٦

سەدەی سیازدەهەم بە گشتی وسەرەتای سەدەی چواردەهەم بەتایبەتی، لە مێژووی فەلسەفەدا، جێگا ومەڵبەندێکی بەرچاویان هەیە. لەم دوو سەدەیەدا، فەلسەفە ولاهووتی مەسیحی ئەوروپا، بەپێی هەلومەرجی ئەوسا، لەلایەن چەندین فەیلەسووف ولاهووتییەوە گەیەنراوەتە چڵەپۆپەی پەرەسەندن وگەشەکردن. گەشەکردنێك، ئەگەر لە ڕوانگەی مێژووی پرۆسەی بەرەوپێشچووندا سەرنج بدرێت، ئەوا بایەخدار دێتە پێش چاو. لەم گۆڕەپانەدا، کە ئەم کۆششەی تێدا کراوە، تۆمای ئەکوینی، دۆنس سکۆتس، ڤیلهیلم ئۆکام وچەندین لاهووتی وبیرمەندی تر، سەرنج بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. بۆیە، لە جێگای خۆیدایە کە ئەم سەردەمە بە لوتکەی (سکۆلاستی) ناوببرێت.[١]

دانتیٚ، لە کتێبی (لەبارەی خاوەندارێتی)دا، بەرگری لە سەربەخۆبوونی ئیمپراتۆر لە بەرانبەر کڵێسادا کردبوو. بە بڕوای ئەو، ئاشتی بەرقەرار نابێت، ئەگەر ئیمپراتۆریەت بە تەواوی نەکەوێتە ژێر ڕکێفی دەسەلاٚتێکەوە کە ئیمپراتۆر سەرکردایەتی دەکات. لە ماوەکانی دواتردا، بەرهەڵستی دانتیٚ، ئیلهامبەخشی نیشتمانپەروەرەکانی ئیتالیا بووە. ئەو، لەو باوەڕەدا بوو کە سیاسەتەکانی پاپا، سەرچاوەی ململانێیەکی نەبڕاوەیە کە فەرەنسا دەیقۆزێتەوە بۆ دەستێوەردان، هەر کاتێك یەکێك لە حزبەکانی داوای ئەوەی لێبکەن. دانتیٚ، لە سیاسەتەکانیدا نیشتمانپەروەرێکی توندڕەو نەبوو، گەرچی نووسینەکانی ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕابوو لە دروستبوونی زمانی نیشتمانیی ئیتالیدا.[٢]

لە ڕاستیدا، دەکرێت دانتیٚ وەك یەکێك لەوانەی بەرهەڵستی پاپا وکڵێسای کاتۆلیکی وبارودۆخی باوی ئەو سەردەمەی ئیتالیایان دەکرد، بچوێندرێت. بەوەی سەرباری بەرهەڵستی، زمانی ڕەشۆکی ئیتالیشی کردبووە بنەما وبنچینەی شیعرەکانی، کە پێشتر شتێکی لەو جۆرە بەدی نەدەکرا. گەر، بەهۆی هەڵوێست وشیعر ونووسینەکانیەوە نەبوایە، ئەدی چۆن لەلایەن پاپا وپیاوانی کڵێساوە لە فلۆرەنسە دوور دەخرایەوە، ودواتریش هەڕەشەی سوتاندنی لێدەکرا؟ ئەو، وەکی هەموو شاعیران وفەیلەسووفان وزانایان وسیاسەتوانان ونەیارانی بارودۆخی باوی ئەو سەردەمە، هاوڕابووە لەگەڵ گرنگیی هزر وئاوەز وزانست وتوێژینەوەکان وبەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا مرۆییەکان. دەکریٚ، ئەو وەك مژدەبەخشی سەردەمی ڕێنیسانس (عصر النهضة) وێنا بکرێت. بەتایبەت، کە لە دوای ساڵی (١٣٥٠ز)یەوە قۆناغی ڕۆشنگەریی لە ئیتالیا سەریهەڵدا.

---

[١] د. حەمید عەزیز: فەلسەفە ولاهوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٩

[٢] د. غانم محمد صالح: الفكر السياسي القديم و الوسط، مصدر سابق، ٢٠٩

فەیلەسووفەکان، مەشخەڵی زەینییان ئەوە بوو، کە تەنها ئەقڵ وزانست پەی بە دۆزینەوەی هەقیقەت دەبەن. هێرشێکی بەربڵاویان بۆ سەر کڵێسا دەستپێکرد، تا کۆمەڵگای خۆیان لە نەخۆشی "ئایینی ڕێکخراو" دەرمان بکەن. لە دیدی فەیلەسووفەکانەوە، کڵێسا لە ڕێگەی زۆربەی وانەکانییەوە، خەسارەتێکی زۆری لە کۆمەڵگا ئەدا.[1] وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، دانتیٚ یەکێك لەو کەسە دیارانە بووە کە هەردەم داکۆکی لە بوونی دەسەڵاتێکی بەهێز وکەسێکی بەهێزی شیاو (ئیمپراتۆر) بۆ گرتنەدەستی ئەو دەسەڵاتە کردووە، کە دەبوو دەسەڵاتی کڵێسە وپاپا وپیاوانی ئاینیش پابەندی ببوونایە. دیارە، ئەم بۆچوونگەلەی لە ڕێگەی شیعرەوە بە گەلی ئیتالیا گەیاندووە.

بەمجۆرە، دوای ئەوەی تەمومژی سەردەمە ناڤینەکان ڕەوییەوە، ئیتر مرۆڤی نویٚ لە کاتێکدا کە دڵی خۆی لە ئایینەوە بۆ ئەم دنیا گواستەوە، ئیدی لە وتەکەی دانتیٚ لە کۆمیدیای یەزدانیدا خۆی دەبینێتەوە کە دەڵیٚ: "ئێستا، بەلەمی هزرم چارۆکەکەی بەرز دەکاتەوە، بۆئەوەی بەسەر ئاوێکی ئارامتردا بڕوات، ولەدوای خۆیەوە دەریایەکی خرۆشان جێبهێڵێت."[2]

لەو ڕوانگەیەوە، کە وتمان دەکرێت دانتیٚ وەکی مژدەبەخشی سەردەمی ڕێنیسانس وداکۆکیکار لە دەسەڵاتی سیاسی وێنا بکەین، دەشێت ئاماژە بە کەسێکیتر بدەین کە هەمان ڕێچکەی ئەوی گرتبوو، بەڵام پاش دوو سەدە، ئەویش "نیکۆلۆ ماکیاڤێللی" (٣/٥/ ١٤٦٩ – ٢١/ ٦/ ١٥٢٧) یە، کە شەنوکەوی "تیۆری سیاسی" لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا دەکرد. ناوبراو، لەگەڵئەوەی پیاوی دەوڵەت بوو، لە هەمان کاتیشدا مامۆستایەکی پایەدار وکەسێکی تیۆریستی جیهانی سیاسەت ودنیادیدە وخەمخۆری گەلی ئیتالیا بوو، کە پەرتەوازەیی وگەندەڵی سیاسی وباڵادەستیی کڵێسا وخراپەکاری خودی پاپا نیگەرانی کردبوو. ماکیاڤێللی وەکی دانتیٚ، لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێت دەسەڵات لە دەستی (میر)دا بێت وخودی کڵێساش ملکەچی فەرمان وبڕیارەکانی میر بیٚ. بەمانای، فەراهەمبوونی هێزێکی گەورە وتۆکمەی وەها، کە بتوانێت تەواوی خاکی ئیتالیا بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە ویەکڕیزیی نیشتمانیی دروستبکات. واتە، ملکەچبوونی دەسەڵاتی دینیی لەبۆ دەسەڵاتی دنیەوی.

بەڵام، لە هەلومەرجێکی ناهەمواری ئەو سەردەمەی ئیتالیادا، هاوشێوەی سەردەمی دانتیٚ، هێزێکی گەورەی وەها دروست نەبوبوو تا بتوانێت تەواوی ئەو وڵاتە یەکبخات. پارچە پارچەیی ئیتالیا وناکۆکی

---

[1] جان ئێم دان: سەردەمی ڕۆشنگەری، و: محمد ولی کاکایی، جیهانگیری غەفاری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧

[2] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی ڕوون– سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٥٨٤

نێوان دەسەڵاتە لۆکاڵییەکانی ئەو وڵاتە، زیاتر هانی فەرەنسی وئیسپانی وئەڵمانییەکانی دەدا چاو لە خاکەکەیان ببڕن. ماکیاڤێللی، وەکو زۆربەی ئیتالییەکانی ڕۆژگاری خۆی، پێی وابوو کڵێسا لەو هەلومەرجە بەرپرسیارە. چونکە، ئەگەرچی پاپا لەوە لاوازتر بوو کە ئیتالیا لەژێر سایەی دەسەڵاتی خۆیدا یەکبخات، بەڵام هێزی ئەوەی هەبوو کە ڕێ لە هەر فەرمانڕەوایەکیتر بگرێت بەو کارە هەڵبستێت. سەرباری ئەوەش، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پاپا، ببوە مایەی ئەوەی وڵاتانی بیانی دەست لە کاروباری ئیتالییەکان وەربدەن. کارێك، کە ببوە مایەی ئەوەی ماکیاڤێللی لە نووسینەکانیدا گاڵتە بە کڵێسا بکات. [1]

کاتێك دێتە سەر بەربەستەکانی بەردەم خودی میر وئەو دەوڵەتەی خوازیارییەتی، ماکیاڤێللی، جامی توڕەیی خۆی بەسەر کڵێسا وخانەدانەکاندا دەڕژێنێت. ناوبراو، هەرگیز هەڵوێستی خۆیی دەربارەی ئایین وکڵێسا تێکەڵ نەدەکرد، واتە بە پێوەری ئەمڕۆ، دەتوانین بڵێین کەسێکی عەلمانی بوو، بەڵام لەو بڕوایەدا بوو کە ئایین پێویستە وپێگەیەکی بەرزی لە دەوڵەتدا هەیە ولەسەر خودی میرە کە پارێزگاری لێبکات. ئەوەش، نەك تەنها لەبەر پیرۆزییەکەی، بەڵکو لەبەرئەوەی کۆڵەکەیەکی کۆمەڵایەتییە. بە پێچەوانەوە، ناوبراو، هەر لەو ڕوانگەیەوە دەیویست هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بە کڵێسا دەربخات، بەوەی هۆکاری سەرەکییە لە تێکچوونی گیانی ئایینیی. بەوەی، بە کردار کاریگەرییە نەرێنییەکانی کڵێسا لەسەر ئایین سەلمێنراوە. [2]

سەرباری هەموو ئەوانەش، ماکیاڤێللی وەکی دانتیّ، پێی وابوو کە دەبێت ئایین لە خزمەت سیاسەت وئامانجەکانیدا بێت. ئەو، لەو ڕووەوە گرنگی بە ئایین دەدا کە چەند خزمەت بە دەوڵەت دەکات وشکۆمەندی دەپارێزێت. ئەم دوو کەسایەتییە، هەردووکیان لە گێژاوی ململانێیەکی نەبڕاوەدابوون، ململانێیەك کە هەموو ژیانی خۆیانیان بۆ تەرخان کردبوو. بە ڕوونی، دژایەتییان بۆ پیاوانی ئایینیی وسەدەمەکەیان دەبینرا. ئەوژی، یەکێکیان لە ڕێی شیعر وئەوی دی لە ڕێی تیۆری سیاسییەوە.

**شێوەکانی لێکچوونیان:-**

[1] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦

[2] د. عبدالرضا حسين الطعّان: تأريخ الفكر السياسي الحديث، دار الحكمه للطباعة والنشر- بغداد، عراق، ١٩٩٠، ص ٥١- ٥٢

له سۆنگەی ئەم بابەتەوە وبە پێوەری ئەدەبی بەراوردکاری، دەکرێ چکاوەی مەبەست بخەینەڕوو، کە بەراوردکاری خاڵی هاوبەش ولێکچوویانە. بەوەی، دوو کەسایەتی مەزن لە دوو کۆمەڵگا ودوو سەردەم ودوو ئەدەبستانی جیاوازدا، هەوڵ وشێواز وبیرکردنەوە وبڕیار وئەوینیان تا ڕادەیەکی زۆر چوونیەکە. بە تێڕامان لەم دوو کەڵە شاعیرە، کۆمەڵە خاڵێکی هاوبەشی نێوانیان بەدی دەکەین، کە ئەمانەن:-

١- ئاشکرایە، چ ناوی نالی، چ ناوی دانتیٚ، هەردووکی نازناو بوون نەك ناوی ڕاستەقینەی خۆیان.

٢- هەردووکیان، دوو کەسی خوێندەوار وڕۆشنبیری سەردەمەکەی خۆیان بوون، هاوشێوەی کەسێکی ئەقڵ سکیۆلاری ئەم ڕۆژگارە. واتە، سەرباری ئەوەی باوەڕدار بوون، بەڵام کایەی دیینی ودنیەوییان تێکەڵ نەدەکرد، وبگرە داکۆکیکارێکی سەرسەختیش بوون لە خۆشییەکان وژیانی دنیەوی لە چوارچێوەی ئاکار ونەریتی کۆمەڵایەتی.

٣- هەرگیز، ئاوەزمەندیی نالی لەگەڵ هەڵسوکەوت وڕوانگەی پیاوانی ئایینیی و وشکە سۆفی نەدەهاتەوە. هەرچەندە، بە ئاشکرا باسی سنووردارکردنی دەسەڵاتی ئایینیی نەکردووە، بەڵام شیعرەکانی گەواهی ئەو ڕاستییە دەدەن کە سۆفیزم وخورافیات وئەقڵیەتی دۆگما وڕەهایی ڕەتکردووەتەوە. هەرچی دانتێیە، شیعرەکانی ئەوەمان پێدەڵێن کە هەردەم دژی دەسەڵاتی پیاوانی ئایینیی وکڵێسا بووە، وخوازیاری سنووردارکردنی دەسەڵاتیان بووە.

٤- نالی کاتێك لە شام دەبیٚ، وێڕای خەفەتی لەدەستچوونی حەبیبەکەی، لەلایەن سالمەوە، داڕمانی دەسەڵاتی بابانی وهەژموونی عوسمانی وپیاوانی ئایینیی وداگیرکردنی ژوورە پیرۆزەکەی لە خانەقا دەبیستێت، ئیدی دوا بڕیاری خۆی بە نەگەڕانەوە بۆ سلێمانی دەدات وتا مردن لە تاراوگە دەمێنێتەوە. بە هەمان شێوە، دانتێش کاتێك بە سەردانێکی فەرمی دەچێتە ڕۆما، دەیبیستێتەوە کە ناحەزانی لە فلۆرەنسە بۆسەیان بۆداناوە وخودی پاپایان لێهانداوە کە لەلایەن ئەنجوومەنەوە لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات. هەربۆیە، لە ترسی دەرەنجامە خراپەکان، ناتوانیٚ بگەڕێتەوە وبە ناچاری لە تاراوگە تا کۆتایی ژیانی دەمێنێتەوە.

٥- لە بەرانبەردا، نالی، بە شانازییەوە باسی میرنشین وجوامێری لەشکر ودەسەڵاتی بابانەکانی کردووە، ونزیك لە دەرباری میران وهاوڕێی ئەحمەد پاشای بابان بووە. دانتێش، داکۆکیکاری سەرسەختی دەسەڵاتی سیاسی وئیمپراتۆری ئەو سەردەمەی وڵاتەکەی بووە.

٦- نالی ودانتیٚ، له پێشینەی ئەوانه بوون که دیالێکت وزمانی ڕەشۆکی لۆکاڵیی ناوچەکەیان کردبووه بنەمای داڕشتنی شیعرەکانیان. له ڕاستیدا، بەم کاره ناوازەیان، سەرنجی چینی کۆنزەرڤاتیزم ونەیارانیان بۆلای خۆیان ڕاکێشابوو، که به شێوەی نەفرەتی سەیریان بکەن. بەڵام، له ڕوانگەی مۆدێرن وڕیفۆرمخوازان وڕۆشنبیرانەوه، گەورەترین خزمەتیان به زمانی نەتەوه وئەدەب وسەردەمەکەیان گەیاندووه.

٧- شاعیران (نالی وسالم وکوردی)، به داهێنەری قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی دەژمێردرێن وبه (سێکوچکەی بابان) ناوزەد دەکرێن، که لەو سەردەمەدا کارێکی بێوێنەی تازەگەریی بووه. به هەمان شێوه، شاعیران (دانتیٚ وپیێترارك وجیۆڤانی پۆکاچیۆ)ش، به داهێنەری قوتابخانەی ئەدەبی کلاسیزمی ئیتالی دادەنرێن، که پێی دەوترا (شێوازی نوێی شیرین)، ودرێژەپێدەری قوتابخانەی شیعری سیسیلی بوو. ئەمەش، ڕێبازێکی تازەگەری شیعری ئیتالی بوو لەو سەردەمەدا.

٨- ئەم قوتابخانه شیعرییه نوێیەی نالی وهاوڕێیانی، له سنووری ناوچەی سلێمانی وقەڵەمڕەوی دەسەڵاتی میرنشینی باباندا سەریهەڵدا وبڵاوبووەوه. هەرچی قوتابخانه شیعرییەکەی دانتیٚ وهاوەڵانیەتی، له سنووری ناوچەی تۆسکانی وقەڵەمڕەویی دەسەڵاتی فلۆرەنسه سەریهەڵدا وبڵاوبووەوه.

٩- هەڵبەت، لەسەر دەستی نالی وهاوڕێیانی، شێوه زمانی کرمانجی خواروو- سلێمانی، بۆ زمانی کوردی چەسپیبوو. دانتیٚ وهاوەڵانیشی، توانییان شێوه زمانی تۆسکانی له ئاخاوتن ونووسینی زمانی ئیتالیدا بچەسپێنن، که دواتر بووه بنچینەی زمانی یەکگرتووی ئیتالی.

١٠- پێشتر وتەنانەت له سەردەم وکۆمەڵگای هەر یەکێکیاندا، به گشتی، چ زمانی کوردی چ زمانی ئیتالی به هێند وەرنەگیراوه، وزمانی لۆکاڵیش به زمانێکی بازاڕی وبێفەڕ سەیرکراوه. بەڵام، له بەرانبەردا، هەرچی زمانی لاتینی لەلایەك وتورکی وعەرەبی وفارسی لەلایەکیتره، زمانگەلی پیرۆزیی ونووسین ودەسەڵات وئەدەبیات وهونەر ودیپلۆماسیەت بووه. هەموو دەسەڵات وپیاوانی ئایینیی ئەو دوو سەردەمه جیاوازەش، هێنده گرنگیپێدەری زمانه ڕەشۆکییه پاراوەکانی نێو خۆیان نەبوون.

١١- داهێنانه دیالێکتی وئەدەبییەکەی هەردووکیان، هێدی هێدی بوونه خوڵقێنەری زۆر گۆڕانکاری ڕیشەیی بواری نووسین وشیعر وئەدەبیات وڕیفۆرم لەو ناوچانه. دیاره، تازەگەرییەکەی نالی وەك پرۆژەیەکی نویٚ، مژدەبەخشی سەردەمێکی نویٚ وسەرهەڵدانی بزاوتی شیعری کلاسیکی کوردی وبزوێنەری هەستی نەتەوایەتی وشوناسی ڕەسەنایەتی زمانی کوردی بوو. بەتایبەت، پاش دەستبەسەرداگرتنی میرنشینی بابان

لەلایەن عوسمانییەکانەوە وچەکەرەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی. داهێنانەکەی دانتێش، وێڕای بواری ئەدەب ونووسین، مژدەبەخشی سەرهەڵدانی سەدەمێکی نوێ لە تەواوی ئیتالیا وئەوروپادا بوو، کە بە سەردەمی ڕێنیسانس ناودەبرا.

١٢- هەردووکیان ئەویندار بوون، ئەوین کاریگەریی ورەنگدانەوەی تەواوی بەسەر شاکارەکانیان وژیانیانەوە هەبووە. زۆر بە ڕوونی، نازناوی خۆشەویستەکانیان (گەر ناڕاست یان ئەندێشەیی بووبن) لە شیعرەکانیاندا بەرچاو دەکەون، کە ئیلهامبەخشی فیکر وتێڕوانین وتازەگەرین لەبۆ هزری هەردووکیان.

١٣- نالی، لە دیوانە شیعرییە پڕ ئەرزشەکەیدا، ناوی (حەبیبە)ی بۆ خۆشەویستە نادیارەکەی داناوە، وتەنانەت دواجار بە هاوارێکی بێدەنگی پڕ لە نائومێدییەوە داوای لێدەکات کە دەستی لە گەردنی هەڵنەگرێت. هەرچی دانتێیە، لە شاکاری کۆمیدیای خواوەندیدا، ناوی (بیاتریش)ی بۆ خۆشەویستە نازیندووەکەی داناوە، کە هاوڕێی گەشتە ئەفسووناوییەکەی بووە لە بەهەشتدا.

١٤- هەردوو شاعیری مەزن، بە حوکمی سەردەمەکەیان، زاڵکردنی ئیستاتیکا وشکڵ وجوانی بەسەر ناوەڕۆك (لای نالی) وفانتازیا وئەندێشە وهەست وتێگەیشتنیش (لای دانتێ)، هاوسۆز لەگەڵ ئایین وئاکاردا، ڕۆڵێکی سەرەکی لە شیعرەکانیاندا دەگێڕێ.

١٥- گۆڕانخوازی وبەرهەڵستیی بەردەوامی ئەم دوو شاعیرە، ئیلهامبەخشی نیشتمانپەروەرەکانی سەردەمانی پاش خۆیان بووە. واتە، بوونەتە سومبولی داهێنان ونوێگەری وچاکسازی کۆمەڵایەتی.

١٦- بەپێی قوتابخانەی ئەمریکی سەر بە ئەدەبی بەراوردکاری، دەشێت تا ڕادەیەك، ئەم دوو شاعیرە بەیەك بەراوردبکەین. واتە، لە ڕووی میتۆدی ڕەخنەیی وجەمالیەتی دەق وداهێنانی ئەدەبییەوە. هەرچەندە، کار وبەرهەمەکانی دانتێ دەچێتە خانەی ئەدەبی جیهانییەوە.

ئەمە، ئەو خاڵگەلە لێکچووەیە، کە تا ڕادەیەك هەر دوو شاعیری مەزنی بەیەکەوە بەستووەتەوە، هەرچەندە هەر یەکە ولە کات وساتێکی جودایا ژیاون، یاخود لە دوو کۆمەڵگای جیاوازی جیاواز لە زمان ونەریت وکەلتوور وفەرهەنگ وڕەگەز. بەڵام، ئەوەی مەبەستمە بیڵێم، ئەوەیە کە ئیستاتیکای شیعر وئەدەب هەرگیز مەنگیی وسرەوتن نازانێ. مەلێکی ئازاد وسرکە، سنوورگەلی دەستکرد دەبڕێ، لەپێناو گەیاندنی پەیامێکی پیرۆز لەبۆ داهاتووی مرۆڤایەتی. وەلێ، نالی ودانتێ، ئەو دوو کەسە ڕاستاڵە هەرمانییە بوون، کە لە دوو سەردەمی جیاوازدا دوو چامەگەلی پڕ مانای جوان وقەشەنگیان لەسەر گڵمتکیان جێهێشتبوو.

ئەفسوس، مەلی شیعر، هێندە ئاوێزانی ئەم دوو کەڵە پیاوە ببوو، بە پایانیان، ئیدی باڵەکانی پێچایەوە وبۆ دواجار لەسەر کۆتەڵی یادەوەرییان وەك پەیکەرێك هەڵتروشکا وچیتر ئەدگاری زیندوو وئەفسووناوی ئاپۆڕەی هۆنراوەکانی بۆ بەیان نەکردین. بەڵکو، لەبری گوڵەوەچنەی چامەکان، گڵکۆی یادەوەری وجۆماڵی شیعری ڕەسەن ونەمریی ڕۆحیانی پێبەخشین.

لە نێوکۆی گەورەیی دوو کارەکتەر وبەرهەمەکانیانەوە، دەتوانین بڵێین کە نالی ودانتێ دوو واقیعی نێو مێژووی مرۆڤایەتی بوون وهەوڵگەل وشاکارەکانیان هێما وسومبولی گەورەترین دەسکەوتی ئەقڵ بوون. ئەوجا، لەبەرئەوەی پێگە وبوونێکی واقیعییان هەبووە، ولە میانی پەرەسەندنی خۆیاندا وەك (پێویستییەك) دەرکەوتوون، کەواتە هەموو ئەوەی کردوویانە، کارێکی ئەقڵانی ومەعقول بووە. لێرەوە، دەگەینە ئەوەی بڵێین: هەموو واقیعییەك مەعقول وهەموو مەعقولێکیش واقیعییە. [1]

ئەدگاری ڕەوتی گۆڕانکارییە مێژووییەکانی نێو کۆمەڵگا، وەها دەخوازێ کە خودکار، سەرەتا ئایدیایەك بخوڵقێت بە مەبەستی شڵەقاندنی گۆمەکە، بەڵام دەبێ ئەو ئایدیایە هەڵگری هەقیقەتی ڕەهابێ، کە ئەمەش ئەرکی فەلسەفەیە. [2] پاشان، بۆ بەردەوامیدان بەو جووڵەیە، دژە ئایدیایەك دێتە گۆڕێ. هەڵبەت، هەناوی جووڵەگەل، وەها دەخوازێ کە دواتر ڕکابەری ئەو دژە دروست بێت وبەمجۆرە، بە مەبەستی بەردەوامبوون وتازەگەریی زیاتر. لە ڕاستیدا، خودی ئەم لۆژیکە، پوختەبوون وبەردەوامیی بە ژیان دەبەخشێ. ئەوجا، کۆمەڵگا مرۆییەکان بۆئەوەی ئەکتیڤ بن، دەبێت جۆرێك لە ململانێی چینایەتی وئایدیۆلۆژی وبەرژەوەندی بەخۆوە ببینن. ئەوەش، گەورەترین فاکتەر دەبێت لەبۆ دروستبوونی کارلێکی دژەکان. دیارە، لە ئەنجامی ئەم ململانێ وکارلێکە بەردەوامانەدا، دواجار کۆمەڵگا بە شێوەیەکی دیالێکتیکی وبە باشترین شێوە بوونی خۆی لە هەقیقەتی ڕەهادا دەدۆزێتەوە. هەڵبەت، هەقیقەتیش هەردەم لە ململانێی یەکبوون ودژایەتیدایە، [3] یان لە ریفۆرم وکۆنزەرڤاتیزم، ڕێژەیی وڕەهایی، کۆن ونوێ، ... هتد.

---

[1] ئەنگڵس: لودڤیگ فۆیەرباخ وکۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، و: سالار ڕەشید، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)، ٢٠٠٥، ل ١٢

[2] هیگڵ: مێژووی فەلسەفە، و: عرفان مستەفا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٢٠

[3] لین و. لینکستەر: خواوەندەکانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پور، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپخانەی ڕۆژهەڵات– هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٢٧

هەژیی گۆتنە، هەردوو کۆمەڵگای ناوبراو، هێندە واقیع وهەلومەرجێکی ناهەمواریان هەبووە، بۆیە بەپێی یاسا وپرۆسەی گۆڕان، پێویستیی خوڵقاندنی ئەم دوو کەسایەتییە مەزنە بووەتە شتێکی حەتمی. وەلێ، مارکس وتەنی: لەم پرۆسە مێژووییە بەردەوامەدا، گۆڕان بەپێی لۆژیك ویاسا تایبەتەکانی خۆی بەڕێوەدەچێ ولە ژێر کۆنترۆڵی مرۆڤدا نییە وبە ڕێکەوتیش ڕوونادات، هەڵبەت لە کۆمەڵگاشدا گۆڕان بەهۆی ناکۆکییەوە ڕوودەدات وتەنانەت مرۆڤەکانیش لەگەڵ خۆی ڕاپێچدەکات. [1]

واتە، گەر کۆمەڵگاکان هێندە دواکەوتوو وچەقبەستوو نەبوونایە، پێویستی فەراهەمبوون نەدەبووە دیفاکتۆ، تاوەکو پیرۆزییەکان وڕەهایی دەسەلاّت ودۆگمایی بیرکردنەوە، هەڵبوەشێنرێتەوە. ئەمان، کاریان لەسەر ڕووخاندن ودووبارە بونیادنانەوە کرد، فەلسەفەی (بەرهەمهێنانی ڕووخێنەر بۆ مرۆڤ)یان خوڵقاند، [2] بۆئەوەی مرۆڤی کۆن وتەقدیسی کۆن ڕەتکەنەوە ومرۆڤی نوێ لەسەر داروپەردووی ئەوان بونیاد بنێنەوە. جارێکیتر لەسەر کەلاوەکانی، جوانترین کۆشکییان دروستکردەوە، شەوەزەنگیان بە گزنگ گۆڕی، فەلسەفەی تازەگەریی وژیانیان بە نەوەکانی داهاتوو بەخشی. ئەم هەڵوێستە جوامێرە، لەگەڵ وتەزاکەی هیگڵ ئاوێزان دەبێ کە وتبووی: " کوندەپەپوو، دەست بە فڕین ناکات، مەگەر ئەو کاتەی شەو بار وبنەی خۆی دەخات." [3] واتە، تاریکی ڕێگا پێویستی بە ڕووناکی فریادڕەسە، یان داکەوتی هەلومەرج، خوڵقێنەری مەحاڵە، یاخود باشتر وایە بڵێین: "چاکسازی زادەی پێداویستییەکانە." [4]

گوڵەوەچنەی مەبەست، ئەوەیە کە ئەگەر ترادیسیۆن وئایین وتەریقەت وسۆفیزم وخێڵ، ئەو هەقیقەتە خوڵقاوە بالاّدەستەبن کە لەم دوو کۆمەڵگایەدا وەك بیرۆکەیەکی خودکار دروستبووبن، هەڵبەت خوڵقاندنی کەسانێکی وەك نالی ودانتێش، ئەو دیفاکتۆ ودژە بیرۆکەیە بوون کە یاسای دیالێکتیکی خوڵقاندبوونی وئایدیاگەلی پێشینیان ڕەتکردبووەوە. وەلێ، سەرهەڵدانی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی وشێوەزمانێکی نوێ وەك دوایین جووڵەگەل ومەنزڵگە، دەرخستەی ڕەوتی گەشەسەندنی مێژوویی کۆمەڵگا وپێویستنەبوونی بەردەوامیی پرۆسەی گۆڕانە. ئەم کارگەلە، ناوازەترین فۆرمی ئایدیایەکە کە هەڵگری هەقیقەتی ڕەهایە. دیارە، ئەو هەقیقەتەش لە مەڵبەندی سلێمانی وتۆسکانی ولەسەر دەستی ناوبراوان چرۆی کردبوو.

---

[1] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: لە سویدییەوە عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٠

[2] هاشم سالّح: ئایین وعەلمانییەت وکۆمەڵگای مەدەنی، گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد ئارکۆن، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاّوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠١، ل ٧٥

[3] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣٥

[4] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیریی وەرزییە، ژمارە (١٣)، بەشی روناکبیری مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەکات. چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ئەیلولی ٢٠١١، ل ١٥

## **<u>تەوەری سێیەم/</u>**

**کاریگەرییەکانی سەر زمانی کوردی ودروستبوونی دیالێکت:-**

پێویستە ئەوە بڵێین، کە گرفت ولەمپەری گەورەی بەردەم زمان وکەلتوور وفەرهەنگ ورۆشنبیری ونەریتی کوردی لە دێرزەماندا وبەتایبەتی هۆکارەکانی دروستبوونی دیالێکتگەلی کوردی زۆرن، وگەلێك فاکت وفاکتەر لەخۆ دەگرن. بەڵام، دەتوانین بڵێین دوو شاهۆکار، ڕۆڵی هەرە سەرەکییان لە دروستبوونی ئەو جیاوازی ئاخاوتنە، یان خوڵقاندنی ئەو شێوە زمانە کوردییانەدا گێڕاوە. ئەویش:

**<u>یەکەمیان</u>:** هۆکاری جوگرافییە، کە خۆی لە بارودۆخی ژینگە وسروشتی کوردستاندا دەبینێتەوە. وەك، کەژ وکێو وچیاکان ودۆڵ وڕووبار وخراپی یان نەبوونی ئامرازەکانی هاتووچۆ وپەیوەندیکردن وزستان وسەرما وسۆڵە وزۆرێکیتر، کە تێکڕا بوونەتە ڕێگر ودابڕانی تەواوی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لە یەکتر بە سەرجەم هۆز وخێڵەکانییەوە.

**<u>دووەمیان</u>:** هۆکاری سیاسییە، کە مەبەست لە نەبوونی فیدراسیۆن یاخود یەکەگەلی سیاسییە، تاوەکو گشت خێڵ وهۆز وناوچە وهەرێمە جیاجیاکان لەخۆیدا کۆبکاتەوە. دیارە، نەبوونی ئەم یەکێتییە، نەبوونی کەلەپوورێکی ئەدەبیی گشتیی وهاوبەشی بەخشیوە.[١]

بە هەمان شێوە، گرفت ولەمپەری گەورەی بەردەم گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی وبارودۆخی ڕۆشنبیری وهزر وئەدەب وکەلتوور وفەرهەنگ لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکان، ئەو بارودۆخە ناهەموارە بووە کە لەو کاتەدا باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاوە. ئەوەش، ئەو جەنگ وشاڵاوە سەربازییانەی عوسمانییەکان بۆ سەر

---

[١] فؤاد حمه خورشيد: اللغة الكردية– التوزيع الجغرافي للهجاتها، مطبعة الوسام– بغداد، ١٩٨٣، ص ٢٧– ٢٨

کوردستان وململانیێ لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی بووە، کە زیاتر لە چوار سەدە درێژەیان کێشاوە وکوردستانیان کردووەتە گۆڕەپانی شەڕ. [1]

سەرەڕای شاڵاوی سەربازی ئەو دوو نەتەوەیە بۆسەر خاکی کورد، نەتەوەی عەرەبیش وێڕای لەشکرکێشی، پێشتر ولە سەردەمی خەلیفەی ڕاشدینەوە کاری لەسەر بەعەرەبکردن (تعریب)ی تێکڕای کایە ودەزگاکانی دەسەڵاتی ئیسلامیی کردووە، هەرگیز ڕێگەش نەدراوە ترۆپکی دەسەڵات، لەلایەن نەتەوەیترەوە پڕبکرێتەوە. هەردەم، شانازییان بە ڕەسەنایەتی زمانی خۆیانەوە کردووە، بەوەی زمانی قورئانی پیرۆز وباوباپیرانیانە. بەڵام، بە پێوەری ئەمڕۆ، دەشێت ئەمە بە پەیڕەوکردنی جۆرێك لە هەست وسۆزی نەتەوایەتی یاخود باشتر وایە لە خانەی پرۆسەی ناسیۆنالیزمدا جێیبکەینەوە، کە ئەمەش کارێکی ئاوەزمەندانە بووە. شاراوە نییە، کە نەتەوەی عەرەب بەهۆی کاریگەریی ئایینەوە، توانیویەتی ئیمپراتۆریەت وشارستانیەت وزمانی یەکگرتوو بۆخۆی بپچڕێ. کەچی، گەلی کورد، لەگەڵئەوەی هەردەم یارمەتیدەری ئەو نەتەوانە بووە بۆ دامەزراندنی شارستانیەت وچەسپاندنی زمان ودەسەڵاتەکانیان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پشتگوێخەری ئامانجی سەرەکی وئایینده وقەوارە وزمان وبوونی خۆیشی بووە، بە مانای ئەم گەلە هەردەم ئامڕاز بووە.

کوردەکان، لەگەڵ شاڵاوی لەشکرکێشییە عەرەبییەکان ودوابەدوای ئەو لێڵییە مێژوییەی گەمارۆی دابوون، دەرکەوتن. ئەمە، هاوکات بوو لەگەڵ مۆرکی ئەو لێکجوداییە سیاسییەی کە هەمیشە بەهۆیەوە ناوبانگیان دەرکردبوو. دیارە، یەکەمین بەرکەوتنیان لەگەڵ لەشکرە عەرەبییەکاندا، ئەو کاتە بووە کە وڵاتی نێوان دوو ڕووبار لە ساڵی (٦٣٧ز) لەلایەن عەرەبەکانەوە داگیرکرا. خێڵە کوردییەکان، لەنێو ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا ڕۆڵێکی گرنگیان دەگێڕا، بەوەی سەرەتا لەنێوان ساڵانی (٦٣٩– ٦٤٤ز)، ئەم خێڵانە پشتگیر وهاوکارێکی بەهێزی ئەو ئیمپراتۆریەتە بوون، کە ڕێگری لەو شاڵاوە داگیرکارییە دەکرد. بەڵام، کاتێك چارەنووسی خودی ئیمپراتۆریەتەکە ئاشکرا بوو، ئیدی سەردارانی کورد، یەك لەدوای یەك بۆ لەشکرگەلی عەرەبی وئایینی نوێ، خۆیاندا بەدەستەوە. [2] ئەم گۆڕانکارییە ڕادیکاڵییە، نەك هەر ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر ڕۆح وزمان وجوگرافیا وئاییندەی کورد هەبووە، بەڵکو کاریگەرییەکی تەواویشی لەسەر داهاتووی شوناسی تاکی کورد، لەنێو گەلانی ناوچەکەدا هەبووە.

لەگەڵئەوەی، زمانی کوردی لەنێو نەتەوەکانیتردا، ڕێگەپێدراو نەبووە ومایەی سووکایەتیپێکردن

---

[1] کەوانە: گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی سیاسیی گشتیی مانگانەیە، ژمارە (٢٢)، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ئابی ٢٠١٣، ل ١٦

[2] دیفید مکدول: تأريخ الاكراد الحديث، ت: راج آل محمد، الطبعة الاولى، من منشورات آنيب، دار الفارابي– بيروت، لبنان، ٢٠٠٤، ص ٥٩

وگاڵتەجاڕیش بووە، دیارە گەلی کورد، خۆیشی خەتابارە لەوەی هێندەیتر زمانی دایکی پەراوێز خستووە. بەڵگەنامەکانیش زۆرن، کە ئاماژەیان بە نووسینی بابەتگەلێك لەلایەن کەسانێکی کوردەوە بە زمانی عەرەبی وتورکی وفارسی، بێجگەلە کوردی، وەك دیاردەیەك داوە. سەیرە، لەوەدەچێت گەلی کورد لەو سەردەمانەدا، بەتایبەت چینی منەووەرانی کورد، ئەو کارەیان بەلاوە زۆر سانا بووبێت.[1]

**زبان عرب أول وآخر أست، فارسی شکر أست**

**ترکی هنر أست، کردی گوز خر أست** [*]

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، گەلی کورد، بەر لە سەردەمانێك وبە کاریگەریی فاکتەرگەلێك، وەك پێویست گرنگی بە زمانەکەی خۆی نەداوە، نەشیتوانیوە نووسینی شیعر وچیرۆك وئەفسانە وفەرهەنگ ومێژووی خۆی بە زمانی خۆی دابڕێژێ وبچەسپێنێت. مایەی ئاماژە پێکردنیشە، کە دیارترین نووسراوی کوردی سەبارەت بە مێژووی خێڵایەتی وبنەماڵە ومیرنشینە کوردییەکانیش، پەڕتووکە ناوازە وبەنرخەکەی (شەرەفنامە)ی میر شەرەفخانی بەدلیسی بووە، کە لە ساڵی (١٠٠٥ك/ ١٥٩٦ز) بە زمانی (فارسی) نەك کوردی نووسیویەتی.[2] ئەم پەڕتووکە، لە ڕووی پرۆژە وناسیۆنالیزمی کوردییەوە، بە یەکەمین هەوڵی کوردی دادەنرێت، لە سەدەی شازدەی زایینی دا. بەڵام، بەهۆی پیرۆزی وزاڵبوونی زمانی عەرەبییەوە، میر شەرەف کوڕی شەمسەدین (شەرەفخان)، دوالاپەڕەی پەڕتووکەکەی بە زمانی (عەرەبی) نووسیوە.[3] دەکرێت بپرسین، ئایا زمانی یەکگرتووی کوردی لە کوێی ئەم پەڕتووکەدا بەکارهێنراوە؟

ڕاستییەکی ڕوون وئاشکرایە، کە زیندوویی زمان وکەلتوور وفەرهەنگێك بە هەموو ماناکانیەوە، زیندوویی نەتەوەیەك یان گەلێك نیشان دەدات. یاخود، پێوەرێکە بۆ شارستانیەت وپێشکەوتوویی کۆمەڵگا. ئەوەتا (مەکسیم گۆرکی)، لەو بارەیەوە ئاماژە بەوە دەدات کە: " لە ڕووی بەرهەمەوە، یەکەم فەیلەسووف وشاعیر، میللەت خۆیەتی، هەر ئەویشە بەرهەمهێنەر وخوڵقێنەری ئەو هەموو هۆنراوە وداستانەی کە لە

---

[1] ئازاد تۆفیق خەیات: ناسیۆنالیزمی کوردی وهۆکارەکانی کامڵنەبوونی، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبلاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا– سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١٨٢– ١٨٣

[*] ئەمە هۆنراوەیەکی فارسی کۆنە، کە بە ئاشکرا سووکایەتی بە زمانی کوردی دەکات وبە تڕی کەری ناودەبات، لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆ زمانی ڕەسەنی نەتەوەکەم.

[2] شەرەفنامە: شەرەفخانی بەدلیسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩

[3] عبدالرقیب یوسف: تابلۆکانی شەرەفنامە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧

کەڵچەری جیهاندا هەیە." [1] واتە، ناوبراو گەورەیی ومەزنیی میللەت دەردەخات، کە ئێمە لێرەدا دەتوانین گەلی گەلی کورد وەك نمونەیەکی زیندوو وەربگرین. هەڵبەت، هەر واشبووە، گەل داهێنەری زمانە بە سەرجەم دیالێکت ورێنووس وفەرهەنگ وکەلتوورەکەیەوە، خوڵقێنەری مێژووی گۆڕانکارییەکانیشە.

هەڵبەت، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، گەلی کورد نەیتوانیوە دەوڵەتێکی کوردی چەشەکراو بە زمانی یەکگرتووی کوردی بۆخۆی بپچڕێ، کە ئەم شتگەلە ئاماژەپێدراوەی تێدا بەرجەستە بکات. دیارە، سەرجەم فاکتەرەکانی ئەم پێنەگەیشتنەش، لەسەر ئاستی ناوخۆیی ودەرەکی، زۆرن. دەوترێت، لە کۆمەڵگا خێڵایەتییەکاندا، مۆتیڤی خوێن ودەمار، پێکەوە کاریان کردووە وبوونەتە بزوێنەری مێژوو بۆ گەیاندنی ئەو کۆمەڵگەیە بە ئاستی بەرهەمهێنانی دەوڵەت. ئەم دوو کارکەرە، پێکەوە یەکیانگرتووە لە کۆمەڵگا خێڵایەتییەکاندا وفیدراسیۆنی خێڵیان پێکهێناوە، واتە دەوڵەتی خێڵ دروستبووە. هەمان مۆتیڤی خوێن ودەمار لەگەڵ ئاییندا، یەکیانگرتووە ودەوڵەتی عەرەبی ئیسلامییان پێکهێناوە. دیارە، کورد، لە هیچ کام لەم دەروازانەوە نەهاتووەتە ناو مێژووەوە ونەشیتوانیوە دەوڵەت وەکو دامەزراوەیەکی ڕێکخستن وبەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دروست بکات. [2]

مێژوونووس (ڤان بروئین سن)، [*] لەم ڕوانگەیەوە دەڵێت: "دوای سی ساڵ لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی میرنشینە کوردییەکان (١٨٤٧– ١٨٨٠ز)، کوردەکان، چ لەنێو قەڵەمڕەوی حکومەتی عوسمانی یان لەنێو خۆیاندا، کەمتر لێکنزیك دەبوونەوە وکەمتر دەیانتوانی ڕووەو پێکهێنانی حکومەتێکی تایبەت بە خۆیان بچنەپێش." بە ڕای برونسن، لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی میرنشینەکان، جگە لە حکومەتێکی ڕاستەوخۆ، هیچ مانایەکی دیکەی نەبوو. کەچی، لە ڕووی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتییەوە، بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی بەهێز، هەنگاوێك بۆ دواوە بوو. مەیل بۆ حکومەتێکی هۆزایەتی، لەوە بەهێزتر بوو کە کارێکی وا مومکین بکرێت. لەناوچوونی میرنشینە نیمچە سەربەخۆکان لەلایەن عوسمانییەکانەوە، بەتایبەت لە سەردەمی سوڵتان مەحموودی دووەم (١٨٠٨– ١٨٣٩ز)، ڕێگای بۆ دەرکەوتنی شێخەکان ولەنێویشیاندا

---

[1] کەرکوك: گۆڤارێکی ڕوناکبیری گشتی وەرزییە، ژمارە (١) ساڵی هەشتەم، کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوك دەریدەکات، هاوینی ٢٠٠٦، ل ٢٠٩

[2] ڕێبازی نوێ: گۆڤارێکی فکری نوێ لە سەردەمێکی نوێدا، ژمارە ٥٣، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕێکخستنی (ی.ن.ك)، چاپخانەی باسە– سلێمانی، بەهاری ٢٠١٢، ل ٤٥– ٤٦

[*] مەبەست لە مێژوونووسی هۆڵەندی، دکتۆر (مارتن ڤان برونسن)ە کە مامۆستای بەشی دیراساتی کوردی وتورکییە لە زانکۆی (ئۆترێخت)ی هۆڵەندی. ناوبراو چەندین بابەتی لەسەر مێژووی کورد نووسیوە.

(شێخ عوبەیدوڵلاّ) وەك ڕێبەری نەتەوەیی خۆشكرد. [1]

یەكنەبوونی ڕیزی كوردان وناكۆكی نێوانیان، ئەگەر بەشێكی پەیوەندی بە خودی شێخان ودۆخی خراپی ژیانی ئابووری وسیاسی وكۆمەلاّیەتی وفەرهەنگی كوردستانەوە هەبووبێ، ئەوا بەشێكی تری پەیوەندی بە فاكتەری تۆپۆگرافیای ناوچە كوردستانییەكانەوە هەبووە. بە جۆرێك، كە سەختی ورژدی ناوچەكان وله هەمان كاتیشدا خراپی تۆڕەكانی پەیوەندی، زەمینەی ئەوەیان دەڕەخساند كە شێخەكان نەك هەر لەسەر ئاستی ناوچەیی، یان وەكو شێخی ناوچەیی دەربكەون، بەڵكو زۆر جار ناكۆك ودژ بەیەك بوون، گەر سەر بە یەك تەریقەتیش بووبن. [2]

ئەمەش ئەو ڕاستییە نیشان دەدات، كە پێگە وهەڵكەوتەی خاكی كوردستان، بەرپرسیارە لە بەشێكی زۆری فاكتەرەكانی جودایی ویەكنەبوون وفرە سەركردەیی وفرە بۆچوونیی وفرە مەزهەب وتەنانەت فرە دیالێكتیش. ئەمە، هاوكاتە لەگەڵ ئەوەی، كورد هەرگیز گرنگییەكی ئەوتۆی بە مێژوو وداهاتووی خۆی نەداوە، بگرە نەشیتوانیوە فیدراسیۆنێكی بەهێز ویەك ڕەنگ پێكبهێنێ. وێڕای ڕێزی بێپایانم بۆ خەبات ومێژووی گشت سەركردە وشۆڕشەكانی گەلی كورد، بەلاّم زۆر بە ڕوونی مۆركی ناوچەگەرێتی ومەزهەبی وهۆزگەراییان پێوە دیار بووە، نەك یەكیەتی ویەكبوونی سەرتاسەری. ئەمە وسەرباری ئەوەی، زمانی كوردی یەكگرتوو لە ئێستاشدا نەیتوانیوە وەك پێویست كونجێكی هزر وئاوەزی دەسەلاّتی كوردی داگیر بكات، بەتایبەت لە كاتێكدا كە باس لە هەنگاونان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی دەكرێت.

مێژوونووسان، هێما بۆ ئەوە دەكەن، كە كۆمەڵگای كوردی لە بنەڕەتدا كۆمەڵگەیەكی عەشیرەتیی بووە، بە چەشنێك، كوردستان پێش جەنگی یەكەمی جیهانی بە "ولاّتی عەشیرەتەكان" ناوزەد كراوە. لە ڕاستیدا، بە هۆی زۆری ژمارە وزۆری لق وپۆلەكانیانەوە، كارێكی سانا نییە لە تێكڕای عەشیرەتەكانی كورد بكۆڵرێتەوە. [3] بێمكووڕیكردن، مەحاڵە لە پێدەشتی خێڵ وعەشیرەتدا، گوڵی سەربەستی ویەكبوون، پرۆژەی سەربەخۆیی وبەنەتەوەییبوون، یەكیەتی زمان وستانداردبوون چرۆ بكات. لەبەرئەوەی، پرۆژەی

---

[1] رۆبەرت ئۆڵسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، و: ئەبو بەكر خۆشناو، زنجیرە كتێبی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم (٧)، دەزگای (نگاە) بلاّویكردووەتەوە- سلێمانی، ١٩٩٩، ل ١٩- ٢٠

[2] د. جەعفەر عەلی ڕەسوڵ: سۆفیزم وكاریگەریی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی كورددا ١٨٨٠- ١٩٢٥، چاپی یەكەم، لە بلاّوكراوەكانی مەڵبەندی كوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشك- سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢٣٤

[3] خالد مەحمود كەریم: دەوڵەتی عوسمانی وعەشیرەتە كوردەكان لە كوردستانی باشوور ١٨٦٩- ١٩١٤، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥

بەنەتەوەییبوون وناسیۆنالیزم عەقڵگەراییە.. [1] دەشوترێت، ناسیۆنالیزم بەرهەمی مۆدێرنێتەیە.[2]

دیـارە، بـەهۆی هـەمان پـرۆژە وهـەمان بیرکردنـەوەی ناسیۆنالیسـتانەوە، هۆشـیاریی وئاگـایی نەتەوەییش فەراهەم دەبێت، وسەرەنجام سەربەنەتەوەبوونی لێ سەوز دەبێت.[3] بەلاّم، لە ژینگەی خێڵەکیدا، نە کەسی ناسیۆنالیست دەست ڕۆیشتوو دەبێت، نە پرۆژەی بەنەتەوەییبوون بوونی دەبێت، نە هەست وئاگایی نەتـەوەیی فەراهـەم دەبێـت، وە نـە مۆدێرنیتـەش چـاو هەڵـدێنێ. چـونکە، لـە ژینگەیـەکی وەهـا دواکـەوتوودا، ئەوانە نیمچە مەحاڵ یان ئەستەم دەبن، بەڵکو ئەوەی بەکارە، تەنها گوێڕایەڵیکردن وجێبەجێکردنی دەستوور وفەرمانـەکانی سـەرۆك خێڵـە. لـە ڕاسـتیدا، بـاری ئاسـایی کۆمـەڵگای کـوردی، بـە ئێستاشـەوە، ئەوەیـە کـە لەگەڵئـەوەی کەسـانی ناسیۆنالیسـت ئامادەبوونیـان هـەبووە وهەیـە، بـەلاّم ناسـیۆنالیزم وەك پـرۆژە بـوونی نـەبووە ونییـە. مانـای، بکـەرێکی بـێ بەرنامـە وبـێ پرۆگرامـی ناسـیۆنالیزمیی، کـە لـە مێـژووی سـەد سـاڵی ڕابردوودا دەجووڵێت، بە بێئەوەی خاوەن پرۆگرام وفەلسەفە بێت..[4]

شایانی باسە، بە درێژایی مێژوو، یەکێك لە فاکتەرە کاریگەرەکانی نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی (ئایین) بووە، بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، هەڵبەت ئەم وتەزایە، بۆ کۆمەڵگای کوردیش ڕاستە. وەلێ، ستراکتووری کۆمەلاّیەتی کوردستان، وەك چۆن دەگونجێت بەپێی ناسنامەی کۆمەلاّیەتی– ئابووری، پێناسە بکرێت، هەر بەو جۆرەش دەکرێت لەسەر بنچینەی ناسنامەی ئایینیی– نەتەوەیی لێکبدرێتەوە. ڕێبازەکانی تەریقەتی سۆفیزم لە کوردستان، چەند هاوکاری یەکدی بوون، هێندەش هاوکاری دابەشبوون ولەتکردنی کۆمەلاّیەتی– ڕۆحی کۆمەڵگای کوردی بوون. لەلایەك، کوردانی سەر بە یەك ڕێبازی تەریقەت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بنەمای بیری خێلاّیەتی، هەست بە پەیوەندی وئینتیمایەکی ڕۆحی هاوبەش دەکەن. لەلایەکیتر، لەگەڵ دەرکەوتنی ڕێبازەکانی تەریقەتی سۆفیزمدا، ململانێ وناکۆکی قووڵ لە کوردستان لەسەر بنەمای جیاوازی تەریقەت دەردەکەوێت. زۆر جاریش، شێخەکانی تەریقەت، ئەوانەشیان کە سەر بە یەك ڕێبازی تەریقەت بوون، لەسەر

---

[1] ئازاد تۆفیق خەیات: ناسیۆنالیزمی کوردی وهۆکارەکانی کامڵنەبوونی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦١

[2] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٥

[3] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، لەبلاّوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك) – سلێمانی، ٢٠٠٦ ، ل ١٣

[4] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥

مەسەلەی فراوانترکردنی پێگەی جەماوەریی وکۆکردنەوەی مورید ولایەنگر، کە بنچینەی دەسەڵاتیانە، لەگەڵ یەکدیدا کەوتوونەتە ململانێ ودووبەرەکی. [1]

دەکرێ ئەوە بهێنینە بەر چاومان، لە سەردەمانی زووی کۆمەڵگای کوردەواریدا، بەجێگەیاندنی ئەرک ونەریتە ئایینییەکان ئەستەمێکی زۆری بۆ ئەوانە دروستکردووە کە نەخوێندەوار بوون وزبانی عەرەبییان نەزانیوە. واتە، هێدی هێدی بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە، بەرەو جۆرێك لە شێواندن وتێکچوون وشکڵبەندی لایداوە. ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی، تاکی کوردی باوەڕدار، لەبۆ قەرەبووکردنەوە بەدوای بژاردەی تردا بگەڕێ. هەڵبەت، ئەو قەرەبووکردنەوەیە، بە جێبەجێکردنی تەواوی ڕێوڕەسمە ئایینییەکان نەدەبوو، کە تاکی کورد کەمەکێکی نەبێ هەرگیز تێینەدەگەیشت. بەڵکو، بە پەنابردن بۆ ڕێنمایی وئامۆژگارییەکانی ڕێبازی سۆفیزم بووە. ئەوە بوو، ئەم ڕێبازە، هەر زوو بە زوو ڕەگ وریشەی بە کوردستاندا بلاوبووەوە، وکۆمەلانێکی زۆریش لە چینی هەژار دوایکەوتن. هەربۆیە، دەوترێت دەرکەوتنی سۆفیزم لە کوردستاندا، بۆ سەردەمانێکی زوو دەگەڕێتەوە، کە ترۆپکی چالاکییەکانی لە سەدەی هەژدەدا بووە. [2]

هەر لە سۆنگەی کاریگەرێتی ئایین وتەریقەتەکان، سەرچاوە مێژووییەکان، باس لەوەش دەکەن کە دەیان ساڵ دوای ئەو ڕووداوانەی کە شەرەفنامە تا ساڵی (١٠٠٥ ك) گێڕاویەتییەوە، شەڕ لە نێوان ڕۆم وعەجەمدا هەر بەردەوام بووە. لەو ماوەیەدا، دوو جار ئاشتی تێکەوتووە. جاری یەکەم، ساڵی (١٠٢٢ ك)، وجاری دووەم ساڵی (١٠٤٩ ك) بووە. ئاشتی یەکەم، ماوەیەکی کورتی خایاندووە، بەڵام ئاشتی دووەم، کە ڕێککەوتنی زەهاوی بەدوادا هاتووە، دەشێ بە ڕێککەوتنێکی سیاسی– فرە بابەت دابنرێ، کە ئیتر سنووری هەردوو دەوڵەتەکەی لە ڕووی مەزهەبەوە تێدا دیاریکرا. لە ئەنجامی ئەوەشدا، کوردستان وئەمارەتەکانی دابەش کران. ئەمارەتەکانی لوڕستان وئەردەڵان وموکریان، بە یەکجاری کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئێرانەوە. ئەمارەتەکانی بابان، سۆران، بادینان، هەکاری، جزیرەی بۆتان وبتلیس، کەوتنە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەوە، ئەوەش بەگوێرەی جیاوازی ئایینزاکانی ئایینی ئیسلامی.

ئەم ڕێککەوتنە، ئاسایشی گشتی وئارامی تەواوی نەهێنایە کوردستانەوە، چونکە ململانێی میرە کوردییەکان لە ناو خۆیاندا هەر بەردەوام بوو. بەڵام، جێگیربوونی هەردوو دەوڵەت ودیاریکردنی سنووری بەینیان تا سەردەمێکی درێژ، کۆتایی هێنا بە لەشکرکێشییە گەورە وێرانکەرەکانی ئەو دوو دەوڵەتە لە

---

[1] د. جەعفەر عەلی ڕەسولێ: سۆفیزم وکاریگەریی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا ١٨٨٠– ١٩٢٥، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤

[2] توما بوا: الكرد، ت: صلاح عرفان، مصدر سابق، ص ١١٧

کوردستاندا. جێبەجێکردنی پەیماننامەی زەهاو، چەندین ئەنجامی لێکەوتەوە، کە یەکێکیان سەرهەڵدانی ئەدەبی نووسراوی کوردییە، وەکو یەکێك لە پێویستییەکانی بەردەوامیی ئەمارەتە کوردییەکان. هەڵبەت، لە ناوچەی ئەمارەتی ئەردەلاَن وباباندا، لەهجەی گۆران، ولە ناوچەی ئەمارەتی بۆتان وبتلیس وهەکاری، لەهجەی کرمانجی سەروو، وپاشتریش لە ناوچەی ئەمارەتی بابان، لەهجەی کرمانجی خواروو، بوو بە زمانی نووسینی شیعری کوردی. [1]

مێژوونووسان، ئاماژە دەدەن بەوەی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، سەردەمی نوێی مێژووی ئەدەبی کوردی دەستپێدەکات. لەم سەردەمەدا، مەرکەزی ژیانی ئەدەبی، چووە سولەیمانی. لە ئەنجامی ئەمەدا، ئەدەبیاتی گۆرانی، مەیی وئەدەبیاتی کوردی بە دیالێکتی سۆرانی گەشەی سەند وبوو بە زمانی ڕەسمی ئەمارەتی کوردی بابان. دروستبوونی ئەدەبیاتی کوردی بە سۆرانی، لە ژێر تەئسیری بەتینی ئەدەبی فارسی وعەرەبیدا بوو. شاعیرانی ئەو سەردەمە، هەوڵی ئەوەیان دەدا، لەبارەی باسی هاوچەرخەوە بە دیالێکتی خۆیان بنووسن، بەوەش، بەرە بەرە بناغەی ئەدەبی کوردی نوێ دانرا. نوێنەرەکانی، سەرلەنوێ ڕوویان کردە بەرهەمی میللی. ئەم شاعیرانە، بە بەرهەمی خۆیان، ڕێیان بۆ سەرهەڵدانی نوێترین شیعری دێمۆکراتی کوردی خۆشکرد. لە ناو نوێنەرانی ئەدەبی کوردی ئەو سەردەمە نوێیەدا، ئەتوانین سێ شاعیری گەورە جیابکەینەوە، ئەوانەش، نالی یا مەلا خدر، عەبدولڕەحمان بەگ کە بە ناوی سالمەوە شیعری نووسیوە، وە مستەفا بەگ کە قوتابی وخزمی سالم بووە (کوردی). ئەم سیانە، بە دامەزرێنەری شیعر بە دیالێکتی سۆرانی ئەناسرێن لە کوردستانی خوارووداد. [2]

کۆتا وەلاَم، ئەوەیە بڵێین: هەرچەند دەلاقەی جیاوازی نێوان دیالێکتە کوردییەکان گەورە بێت، بەلاَم ئەمە نابێتە بنچینەیەك بۆ تانە لێدان لە ڕەسەنایەتی ئەم زمانە، یاخود بۆ جیاکردنەوەی هەندێ دیالێکت لە ڕەچەڵەکە کوردییەکەی. ئەوجا، مادامەکی گشت بێژەرانی دیالێکتگەلە کوردییەکە، خۆ بەخۆ بڕیاریان داوە بێجگە زمانی کوردی بەهیچ زمانێکی دی قسان نەکەن، سەرباری پەیوەستبوونی ئاکاریی وخود هەستییان بەم خۆلەگەڵخستنە (انتماء). ئیدی، ئەوە بەسە بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو بۆچوونگەلانەی دەربارەی زمانی کوردی وسەرجەم دیالێکتەکانی دەوترا ودەوترێت، کە مەبەست لێی، سووکایەتی پێکردن وئابڕووبردنی ئەم

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین: بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٥

[2] أ. م. مینتیشاشڤیلی: کورد، و: دکتۆر پرۆفیسۆر عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چاپی دووەم، دەزگای توێژینەوە وبلاَوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی– دهۆك، ٢٠٠٨، ل ٧٧

زمانە ڕەسەنە وشێواندنی شوناسەکەی ونکوڵیکردن وملنەدان لەبۆ ڕەسەنایەتی زمانەوانییەکەیەتی.[1] گەلۆ، گەرچی هەموو ئەو فاکت وهۆکارانەی ئاماژەیان پێدرا، وبە شێوەیەك لە شێوەکان هاوکار ویارمەتیدەر بوون لە دروستبوونی تێکڕای دیالێکتی کوردیدا، ئەوجا باش بێ یان خراپ، گرنگ ئەوەیە هەموو ئەوانە ڕاستین.

**ئه نجامگیری :-**

زۆرن، ئەو کەڵە شاعیرانەی کورد، کە شایەنی باسکردن وڕێزلێگرتنن. بێ شك، مێژوو، لێهاتوویی ونەمریی وداهێنانی ئەوانی لە پەڕەکانی خۆیدا تۆمار کردووە. دیارە، بابا تاهیر، خانی، مەولەوی، مەحوی، قوبادی، حاجی قادری کۆیی، پیرەمێرد، هێمن، شێرکۆ بێکەس، وزۆرێکیتر لە شاعیرانی گەلی کورد، ئەو ئامڕازگەلە بوون کە بەهۆیانەوە مێژووی ئەدەب وشیعر لە کوردستان، گەشەسەندنی تەواوی بەخۆوە دیوە. هەرچەندە، جووڵەی مێژوو سەبارەت بە شیعری کوردی، نەسرەوت وبەردەوامە، بەڵام شکۆی حەزرەتی نالی، یەکێکە لەو وێزگانەی لەم بابەتەدا مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە وبە یەکێك لەو قۆناغە ڕۆشنانە ناوزەد دەکرێ، کە بەهۆیەوە دیالێکتێکیتری کوردی، تازەگەری بەبەریدا کرا وبووە فۆرمێکی گەشەسەندووی چەسپاو، لە جیهانی ئەدەب وشیعر وپێنووسی کوردیدا.

وەك پێشتر هێمامان پێکرد، بەڵگەنامەکان، ئەوە ئاشکرا دەکەن کە نالی وهاوەڵانی لە پێشینەی ئەوانە بوون کە زمانی ڕەشۆکی کوردی ناوچەی سلێمانییان کردبووە هەوێنی شیعرە بەبڕشتەکانیان. واتە، سەرباری بەکاربردن وبەپێزیی شێوە زمانی هەورامی لە میرنشینی ئەردەڵان وبابان، دواجار دیالێکتی کرمانجی خوارووش لە سنووری ناوچەی سلێمانی وقەڵەمڕەوی میرنشینی باباندا بووە پێنووسی ئیستاتیکای شیعر ونووسین. بەمەش، وەرچەرخان وڕابوونێك لە زمانی کوردیدا فەراهەم بوو، بەوەی شێوە زمانی سۆرانی، بووە دەستە خوشکی دیالێکتی گۆرانی.

دەوترێت، ئایین وەك هەر دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی، کاریگەر دەبێ بە کاریگەریی سەرجەم ئەو گۆڕانکارییانەی لە ژیانی ئابووری وسیاسی وکۆمەڵایەتی وکەلتووریی کۆمەڵگەیەکدا ڕوودەدەن. دەرەنجام، یان دەبێ فۆرمە قۆزاخەییە سەلەفییەکەی خۆی بپارێزێ، لە سنوورێکی بەرتەسکدا دوور لە هەر کرانەوەیەك،

---

[1] فؤاد حمه خورشيد: اللغة الكردية– التوزيع الجغرافي للهجاتها، مصدر سابق، ص ٤٧

یاخود له قۆزاخەکەی بێتە دەر وبتروکێ وخۆی لەگەڵ بارودۆخی نوێدا بگونجێنێ. ئەو سەردەمەی نالی تێدا ژیاوە، سنووری سلێمانی هاوشێوەی سنووری کوردستان، نەك هەر کاریگەر بووە بە ئایین وتەریقەت، بگرە خودی ئایین خۆیشی کاریگەر بووە بە ڕەهایی ودۆگمایی خۆی، هەر ئەمەش وایکردبوو کە تەریقەت وسۆفیزم، دواقسە وبالأدەستی تەواوبن. لەگەڵ کاریگەریی ئایین، کێشەگەلی ئابووری وکۆمەلأیەتی وسیاسی، کەشێکی نەرێنییان لە تەواوی کۆمەڵگای کوردەواریدا دروستکردبوو. لەم هەلومەرجە ناهەموارەشدا، تەنها فەندەمێنتاڵیزم لە برەودایە. واتە، وەك یاسایەکی دیالێکتیکی، هەر کاتێك لە کۆمەڵگەیەکدا قەیرانی سیاسی وئابووری وکۆمەلأیەتی لە ئارادابوو، ڕاستەوخۆ ئایین بالأدەست دەبێ وبەپێچەوانەشەوە. ئەوجا، ئاخۆ کەسێکی عارفی وەك نالی شاعیر، کە هەردەم هەمبانەکەی پڕ بووە لە عیلم ومەعریفەت وتازەگەریی، ئەبێ چلۆن هەڵیکردبێ؟

بێ سێ ودوو، دەکرێت ئەوانەی وتران دەربارەی حەزرەتی نالی، بەسەر دانتێشدا جێبەجێ بکرێن. لەبەرئەوەی، ناوبراو بەر لە سەردەمی نالی بە چەندین سەدە لە کۆمەڵگایەکی پڕ ئاریشەی فەندەمێنتاڵیزمی کۆنزەرڤاتیزم ژیاوە. ئەوەی دانتێی لە کۆمەڵگاکەی جیاکردبوەوە، عیلم ومەعریفەتەکەی بووە، هەر ئەوەش هۆکاری سەرئێشەکەی بووە. نالی ودانتێ، لەبەرئەوەی شۆڕشێکی نوێگەرییان بەرپاکردبوو، بۆیە دەبوو باجێکی قورسیش بدەن ولەلایەن نەیاران وڕەهاپەرستان وکۆنەپارێزانەوە بە دژ ودژوار سەیر بکرێن. خۆزگەی ئەم دوو کەسایەتییە مەزنە، گۆڕانکارییەکی ڕادیکالأنەی کۆمەڵگاکانیان بووە، لە سنووری داب ونەریتی کۆمەلأیەتی سەردەمەکانیان ولە چوارچێوەیەکی تازەگەریدا.

ئەم دوو کەسە ڕاستاڵە، هیگڵ وتەنی، ئەو کوندەپەپووە بوون کە لە تاریکداهاتنی کۆمەڵگادا ئینجا دەستیان بە فڕین کرد. واتە، داکەوتی تاڵی کۆمەڵگاکانیان، پێویستیی سەرهەڵدانی ئەم دوو کەڵە شاعیرەی کردە هەقیقەتێکی ڕەها، ئەمەش هێمایە بۆ مێژووی فەلسەفە. چونکە، هەرتکیان خوازیاری ئەوە بوون کە لە ڕێی هزرەوە بتوانن ئاشتەوایی لە نێوان (فەلسەفە ودیین ودنیا)دا بەرپا بکەن. بە مانای، گەر هزر توانی جێگەی خۆی لە دییندا بکاتەوە، وەك چۆن جێگەی خۆی لە دنیادا کردووەتەوە، ئیدی ئاشتەوایی بەرپا دەبێ وچیتر کۆمەڵگا بە چەقبەستوویی نامێنێتەوە. وەلێ، فەیلەسووف ئاسا، کاری هەردووکیان خستنەڕووی هەقیقەت وئاشتکردنەوەی ئەقڵ لەگەڵ ئیماندا بووە. هەڵبەت، تازەگەریی وچەسپاندنی شێوە زمان ورپیفۆرم، کارێکی ئاوەزمەندانەیە. بەلأم، پرسیارەکە ئەوەیە، ئەوان تا چەند لەم کارەیاندا سەرکەوتووبوون. هەڵبەت، قوتابخانە شیعرییەکان وشێوە زمان وتازەگەریی وبەربەستەکان ودەرەنجامەکان، وەلأمدەری ئەو ڕاستییەن.

# پاشکۆکان



وێنەی ژمارە ( ١ )

لەگەڵ نووسەرانی کورد

حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی ومحەمەدی مەلا کەریم



**وێنەی ژمارە ( ٢ )**

**لەگەڵ نووسەرانی کورد**


**حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی ومحەمەدی مەلا کەریم**



**وێنەی ژمارە ( ٣)**

**لەگەڵ کەسایەتی وئەدیبی کورد**

**دکتۆر ڕەئووف عوسمان**



**وێنەی ژمارە (٤ )**

**لەگەڵ دوو نووسەر وکەسایەتی خەمخۆری شاری سلێمانی**

**ڕەفیق ساڵح وسدیق ساڵح**



**وێنەی ژمارە ( ٥ )**

**وێنەیەکی گریمانەیی حەزرەتی نالی بە خامەی نیگارکێشی گەورەی کورد (بەدیع باباجان)**



**وێنەی ژمارە ( ٦ )**

**وێنەیەکی فۆتۆگرافیی زانای گەورەی کورد، عەبدولکەریمی مودەڕیس**



**وێنەی ژمارە ( ٧ )**

**وێنەیەکی فۆتۆگرافیی مەزارگەی زانای گەورەی کورد، مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە قەراغ شاری (ساڵحیە) لە قەدپاڵی چیای (قاسیون) لە سوریا**





**وێنەی ژمارە ( ٨ )**

**وێنەیەکی فۆتۆگرافیی گۆڕی زانای گەورەی کورد، مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە سوریا**



**وێنەی ژمارە ( ٩ )**

**پەیکەری شاعیری گەورەی کورد، مەستوورە خانمی ئەردەڵانی**



**وێنەی ژمارە ( ١٠ )**

**وێنەیەکی فۆتۆگرافی مزگەوتی (دارولئیحسان) لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**



وێنەی ژمارە ( ١١ )

دانتێ لە تاراوگە

بیرکردنەوە، بە حەسرەتی گەڕانەوە بۆ جێنزرگەی خود



**وێنەی ژمارە ( ١٢ )**

**دانتێ**

**لە کۆمیدیای خواوەندیدا**



**وێنەی ژمارە ( ١٣ )**

**تابلۆی بەیەکگەیشتنی دوو خۆشەویست**

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان:-

١- ئەنگڵس: لودڤیگ فۆیەرباخ وکۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، و: سالار ڕەشید، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)، ٢٠٠٥

٢- أ. م. مینتیشاشڤیلی: کورد، و: دکتۆر پرۆفیسۆر عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چاپی دووەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوی موکریانی، چاپخانەی خانی- دهۆك، ٢٠٠٨

٣- ئازاد تۆفیق خەیات: ناسیۆنالیزمی کوردی وهۆکارەکانی کامڵنەبوونی، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا- سلێمانی، ٢٠١٢

٤- ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك) — سلێمانی، ٢٠٠٦

٥- برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: لە سویدییەوە عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٠

٦- جان ئێم دان: سەردەمی ڕۆشنگەری، و: محمد ولی کاکایی، جیهانگیری غەفاری، زنجیرەی مێژووی جیهان، چاپی یەکەم، خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا- سلێمانی، ٢٠٠٨

٧- د. جەعفەر عەلی رەسوڵ: سۆفیزم وکاریگەریی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا ١٨٨٠- ١٩٢٥، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشك- سلێمانی، ٢٠٠٨

٨- حسێن نازم بەگ: مێژووی میرایەتی بابان، و: حسێن حەسەن کەریم وسدیق ساڵح، لە چاپکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠١٣

٩- د. حەمید عەزیز: فەلسەفە ولاهوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، کوردستان، ٢٠١٢

١٠- خالد مەحمود کەریم: دەوڵەتی عوسمانی وعەشیرەتە کوردەکان لە کوردستانی باشوور ١٨٦٩-١٩١٤، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران- سلێمانی، ٢٠١٢

١١- دیوانی نالی: مەلا عبدالکریمی مدرس وفاتح عبدالکریم، پێداچوونەوە- محمدی مەلا کریم، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا، ١٩٧٦

١٢- دیوانی نالی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس وفاتیح عەبدولکەریم، پیاچوونەوەی: موحەممەدی مەلا کەریم، چاپی هەشتەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کردستان)- سنە، ١٣٩١(٢٠١٢)

١٣- دیداری نالی: بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیریی وهونەر لە سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی دیداری نالی، چاپخانەی کۆردۆنیا- سلێمانی، ٢٠١١

١٤- ڕۆبەرت ئۆڵسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، و: ئەبو بەکر خۆشناو، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم (٧)، دەزگای (نگاە) بڵاویکردووەتەوە- سلێمانی، ١٩٩٩

١٥- د. ڕەئووف عوسمان: دنیابینی لە پانتاییەکانی دەقدا، چاپی یەکەم، ٢٠١٥

١٦- ڕەئووف عوسمان: نالی لە دادگای ڕەخنەدا، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری ولاوان یارمەتی لەچاپدانی داوە- بەغدا، ١٩٨٤

١٧- سڤێن- ئێرك لیدمان: ڕێگوزەری بیری سیاسی، و: ئاسۆس شەفیق، چاپی سێیەم، وەشانی ئاپێك- سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٩

١٨- شەرەفخان بدلیسی: شەرەفنامە، و: هەژار، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی نعمان – نەجەفی پیرۆز، عێراق، ١٩٧٣

١٩- عبدالرقیب یوسف: تابلۆکانی شەرەفنامە، چاپی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین- سلێمانی، ٢٠٠٥

٢٠- عبدالحمید حسینی: نالیی لە ڕوانگەی سەپان کوردییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کولتووری کورد/ نۆرنبێرگ، ئەڵمان، چاپخانەی بینایی- سلێمانی، ٢٠١٣

٢١- عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، چاپ وبلاوکردنەوەی ڕەنج، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٧

٢٢- عەتا قەرەداغی: کاریگەری کەلتوری ئەوان لەسەر کورد، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبلاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی ڕوون- سلێمانی، ٢٠٠٧

٢٣- م. عەلی: نالی هەر لە لوتکەدایە، زنجیرە کتێبی گۆڤاری کۆچ (٦)، سەنتەری ڕووناکبیری ئێلبەگی جاف، بەشی ڕووناکبیری، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠٠٩

٢٤- د.غانم محەمەد سالح: بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست، و: سەلام کەریم عەلی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی چوارچرا، چاپخانەی هێمن- سید سادق، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥

٢٥- فازیل شەوڕۆ: ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا، لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر، ٢٠١٤

٢٦- کلۆدیۆس جێمس ڕیچ: گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان (١٨٢٠)، و: محەمەد حەمە باقی، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٢

٢٧- کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە مێژووی کورد، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕەهەند- سلێمانی، ٢٠٠٦

٢٨- لین و. لینکستەر: خواوەندەکانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پور، چاپی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپخانەی ڕۆژهەلات- هەولێر، ٢٠٠٧

٢٩- محمد امین زکی: کورد وکوردستان، جلدی ١- ٢- ٣، (چاپخانەی دار السلام، بغداد)، انتشارات سیّدیان- مهاباد، ١٩٣١

٣٠- مەسعود مەحەمەد: دەستەودامانی نالی، چاپی یەکەم، سوید- ستۆکهۆلم، ١٩٩٨

٣١- مەسعوود محەمەد: چەپکێك لە گولزاری نالی، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس- هەولێر، ٢٠١٠

٣٢- محمدی مەلا کریم: لە ڕێگای ئەدەب ولە پێناوی نالی دا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا، ١٩٧٩

٣٣- محمدی مەلا کریم: نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانیەوە، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی، چاپخانەی ئەکادیمیای عێراق- بەغدا، ١٩٧٩

٣٤- د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی ڕوون- سلێمانی، ٢٠١٠

٣٥- مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی دەزگای ئاراس- هەولێر، کوردستان، ٢٠٠٧

٣٦- مەیجەر سۆن: سلێمانی- ناوچەیەك لە کوردستان، و: مینە، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی- سلێمانی، ٢٠٠٧

٣٧- مامۆستا جەعفەر: شاری سلێمانی، ململانێی گروپە کۆمەلایەتییەکان (١٨٢٠- ١٩٢٠)، بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠٠٦

٣٨- د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٥

٣٩- نەوشیروان مستەفا ئەمین: بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی یەکەم، چاپی یەکەم، الدار العربیه للعلوم/ ناشرون، بیروت- لبنان، ٢٠١٢

٤٠- هاشم ساڵح: ئایین وعەلمانییەت وکۆمەڵگای مەدەنی، گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد ئارکۆن، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠١

٤١- هاشم ساڵح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەری ئەورووپی، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپ وبلاوکردنەوەی چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٧

٤٢- هیگلْ: مێژووی فەلسەفە، و: عرفان مستەفا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاْوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٥

٤٣- ی. ئی. ڤاسیلیەڤا: کوردستانی خوارووی ڕۆژهەلاْت- لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە، و: د. ڕەشاد میران، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبلاْوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٩

**سەرچاوە عەرەبییەکان:-**

**١- أرشاك سافراستيان: الكرد وكردستان، ت: د. أحمد محمود الخليل، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع- دمشق، سوريا، ٢٠٠٨**

**٢- ارشاك سافراستيان: الكرد وكردستان، ت: الدكتور احمد محمود الخليل، الطبعة الثانية، مطبعة دار سردم للطباعة والنشر- سليمانية، كردستان، ٢٠٠٨**

**٣- آرام جلال: الغرور عند نالي والمتنبي، دراسة مقارنة، سلسلة كتاب (مجلة كؤض)، الرقم (١٣)- سليمانية، ٢٠١٢**

**٤- أ. د. فؤاد حمه خورشيد: أصل الكورد واللغة الكوردية، الطبعة الاولى، دار سردم للطباعة والنشر- السليمانية، كوردستان، ٢٠١١**

**٥- باسيلي نيكيتين: الكرد، دراسة سوسيولوجية وتأريخية، ت: الدكتور نوري طالباني، الطبعة الثالثة، من منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني- السليمانية، ٢٠٠٧**

**٦- ب. لرخ: دراسات حول الكورد الايرانيين واسلافهم الكلدانيين الشماليين، ت: د. عبدي حاجي، الطبعة الثالثة، من منشورات بنكةى ذين، مطبعة شظان- السليمانية، ٢٠٠٨**

**٧- توما بوا: الكرد، ت: صلاح عرفان، من منشورات مركز الدراسات الكوردية (كوردولوجي)- السليمانية، ٢٠١٠**

**٨- ديفيد مكدول: تأريخ الاكراد الحديث، ت: راج آل محمد، الطبعة الاولى، من منشورات آنيب، دار الفارابي- بيروت، لبنان، ٢٠٠٤**

**٩- دانييل - هنري باجو: الأدب العام والمقارن، ت: د. غسان السيد، اتحاد الكتاب العرب، مكتبة الاسد الوطنية- دمشق، ١٩٩٧**

**١٠- رينيه ويليك، اوستن وارين: نظرية الادب، ت: محي الدين صبحي، د. حسام الخطيب، الطبعة الثالثة، المجلس الاعلى لرعاية الفنون والاداب والعلوم الاجتماعية، مطبعة خالد الطرابيشي- دمشق، ١٩٧٢**

١١- سيجموند فرويد: تفسير الاحلام، تبسيط وتلخيص: الدكتور نظمي لوقا، حقوق الطبع محفوظة لدار الهلال- القاهرة، أغسطس ١٩٦٢

١٢- الدكتور الطاهر أحمد مكى: الادب المقارن، اصوله وتطوره ومناهجه، الطبعة الاولى، دار المعارف، طبع بمطابع دار المعارف- القاهرة، مايو ١٩٨٧

١٣- د. عبدالرضا حسين الطعّان: تأريخ الفكر السياسي الحديث، دار الحكمه للطباعة والنشر- بغداد، عراق، ١٩٩٠

١٤- غاستون باشلار: شاعرية احلام اليقظة، ت: جورج سعد، الطبعة الاولى، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع- بيروت، لبنان، ١٩٩١

١٥- د. غانم محمد صالح: الفكر السياسى القديم و الوسط، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، مديرية دار الكتب للطباعة و النشر- بغداد، عراق، ١٩٨٨

١٦- د. فرست مرعي: كردستان في القرن السابع الميلادي، من منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجيه- السليمانية ،٢٠٠٦

١٧- فؤاد حمه خورشيد: اللغة الكردية- التوزيع الجغرافي للهجاتها، مطبعة الوسام- بغداد، ١٩٨٣

١٨- كلود بيشوا، أندريه م روسو: الادب المقارن، ت: الدكتور أحمد عبدالعزيز، الطبعة الثالثة، مكتبة الانجلو المصرية- القاهرة، نوفمبر ٢٠٠١

١٩- ماريوس فرانسوا جويار: الادب المقارن، ت: الدكتور محمد غلاب، من منشورات لجنة البيان العربي، مطبعة لجنة البيان العربي- القاهرة، ١٩٥٦

٢٠- د. محمد زكي أحمد البرواري: الكورد والدولة العثمانية، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع- دمشق، سوريا، ٢٠٠٩

٢١- مصطفى محمود: الاحلام، طبع بمطابع دار المعارف (ج.م.ع)- القاهرة، ١٩٨٦

٢٢- هنري غيفورد: الادب المقارن، ت: د. فؤاد عبدالمطلب، من منشورات اتحاد الكتاب العرب- دمشق، ٢٠١٢

**گۆڤارەکان:-**


١. ڕێبازی نوێ: گۆڤارێکی فکری نوێ لە سەردەمێکی نوێدا، ژمارە ٥٣، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕێکخستنی (ی.ن.ك)، چاپخانەی باسە- سلێمانی، بەهاری ٢٠١٢

٢. سلێمانی: گۆڤاری مێژوو وکەلتوور، ژمارە (١٤٣)، چاپخانەی دلێر- سلێمانی، مانگی ئایاری ٢٠١٣

٣. سردم العربي: مجلة فصلية ثقافية عامة، تصدر عن دار سردم للطباعة والنشر في السليمانية، السنة الثانية- العدد الثامن، ربيع ٢٠٠٥

٤. گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد: بەرگی هەشتەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بەغدا، ١٩٨١

٥. کەوانە: گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی سیاسیی گشتیی مانگانەیە، ژمارە (٢٢)، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ئابی ٢٠١٣

٦. کەرکوك: گۆڤارێکی ڕوناکبیری گشتی وەرزییە، ژمارە (١) ساڵی هەشتەم، کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەلأیەتی پارێزگای کەرکوك دەریدەکات، هاوینی ٢٠٠٦

٧. نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی وڕوناکبیریی وەرزییە، ژمارە (٧)، بەشی روناکبیری مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەکات. چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠٠٩

٨. نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیریی وەرزییە، ژمارە (١٣)، بەشی روناکبیری مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەکات. چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ئەیلولی ٢٠١١

**ماڵپەڕوسایتەکان:-**


١. ئەدەبی بەراوردکاری: وتار، ویکیبیدیا ئینسایکلۆپیدیای ئازاد، ٢٠١٥، ckb.wikipedia.org

٢. ادب: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، فبراير/ ٢٠١٦، ar.wikipedia.org

٣. الشاعر الايطالي دانتي: منتديات مخمليات، ١٣/ ١٢/ ٢٠٠٧، www.mbc٦٦.com

٤. الادب الايطالي: منتدى العرب المسافرون، ٢٨/ ١٢/ ٢٠٠٥، travel.maktoob.com

٥. بژار: نە نالی حەبیبەی خواستووە ونە حەبیبەش بە ئەوینی نالی گرفتار بووە، کوردستان نێت، ١/ ٦/ ٢٠٠٤، www.kurdistannet.org

٦. برزو محمد: الشعر الكردي في القرن التاسع عشر في كردستان الجنوبية (العراق)، اتحاد المثقفين الكورد- غرب كوردستان في الخارج، ١٥/ ٥/ ٢٠٠٧، www.rojava.net

٧. بين الكوميديا الالهية لدانتي ورسالة الغفران للمعري: منتدى محاورات المصريين، ١/ ديسمبر/ ٢٠٠٤، www.egyptiantalks.org

٨. حسام الخطيب: الادب المقارن، الموسوعة العربية- دمشق، ١٩٨١، www.arab-ency.com

٩. دانتي اليغييري: من ويكيبيديا، الموسوعة الحرة، ١٨/ سبتمبر/ ٢٠١٣، ar.wikipedia.org

١٠. رقية صالح: جذور الادب العالمي- الادب الايطالي، منتديات منابر ثقافية، ٢٤/ ٢/ ٢٠١١، www.mnaabr.com

١١. ژیانی نالی شاعیر: وتە وژیانی ناوداران، یانەی گوڵی سوور، ٦/ ١/ ٢٠١٢، www.gulyswr.net

١٢. ژیانی نالی: مەکۆی کوردان، ١٨/ ٣/ ٢٠١٢، www.mkurdan.com

١٣. سمير الجندي: الابداع عند المعري في رسالة الغفران، مقالات، دنيا الرأي، ١٨/ ٧/ ٢٠٠٩، Donia Al- Raai

١٤. شاعیر نالی: شاعیرە ناودارەکانی هەڵەبجە، ١٩/ ٣/ ٢٠١٢، www.zamnako.blogfa.com

١٥. شروق محبوب: مفهوم الادب، موقع موضوع. كوم، ١٤/ مارس/ ٢٠١٦، mawdoo٣.com

١٦. عرض موجز وملخص للكوميديا الالهية: افاق العروبة، ٢١/ ٩/ ٢٠٠٨، www.alorobanews.com

١٧.علي الشدودي: عن كتاب تفسير الأحلام لفرويد، موقع جسد الثقافة، ٢٠/ ٩/ ٢٠٠٨، aljsad.org

١٨.لؤلؤة الشعر الكردي، الشاعرة ماه شرف خان كردستاني (مستورة): منتديات عراق النبلاء، منتدى كوردستان، ٢٥/ ٣/ ٢٠١٢، www.forums.iqro.com

١٩. مسجد دار الاحسان (مدرسة خاصة لكتابة وتدوين التأريخ والاحداث): ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٢/ ابريل/ ٢٠١٣، ar.wikipedia.org

٢٠.من هو دانتي؟: منتدى محاورات المصريين، ١/ ١٢/ ٢٠٠٤، www.egyptiantalks.org

٢١.مدخل الى السينما الكوردية: شبكة القامشلي- كوردتوك، ١٨/ مايو/ ٢٠١٠، www.qamishlinet.com

٢٢.نالي، شاعر الاجيال: دور الجاف في التراث الفكري والادبي والروحي، ٢٦/ ٦/ ٢٠١٣، www.jaff.biz/A_SHOARA.HTM

٢٣. نالی: ماڵپەڕی یانەی خەلیفان، ٣/ ٥/ ٢٠١٢، www.khalefan.com

٢٤. نالی، کورتەیەك لە ژیانی: یانەی هەڵاتنی گەورە، ٢٤/ ٣/ ٢٠١٠، www.mabast.com

٢٥.نالی (١٨٠٠- ١٨٥٦): یانەی کورد کلیك، ١٢/ ٩/ ٢٠١٠، www.up.kurdclick.net

٢٦. وێژە: وتار، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە، کانوونی دووەمی ٢٠١٧، ckb.wikipedia.org

٢٧. ويل لرجل سبق عقله زمانه: عالم الثقافة، أقوال الحكماء والمشاهير، منتديات العوالم، الاربعاء، ١٣/ يوليو/ ٢٠١٦، alaolm.forumarabia.com


**توێژینەوە ولێکچەرە زانکۆییەکان:-**


١. د. ئازاد عبدالواحد کریم: مێژووی ئەدەب، قۆناغەکانی سەرهەڵدانی ئەدەب- لێکچەری قۆناغی دووەمی زانکۆی سلێمانی، www.univsul.org

٢. د. أحمد دیاب: الادب المقارن بين المدرسة الفرنسية والمدرسة الامريكية- تركيا، (بحث جامعي)

٣. أ/ صايحة بردي، ج/ الشلف: مقاربة التأثير الادبي في الدراسات المقارنة، بحث في المصطلح والمنهج، revue.ummto.dz، (بحث جامعي)

٤. هەڵمەت بایز ڕەسوڵ: بەراوردێکی ڕەخنەیی لە نێوان ڕۆمانی (کچەی پرتەقاڵ)ی یۆستاین گاردەر وچیرۆکی (میم)ی شێرزاد حەسەندا، زانکۆی سۆران، فاکەڵتی ئاداب، بەشی کوردی، ٢٠١٦، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، (توێژینەوەی زانکۆیی)


نالی - دانتێ
وێکچوونێکی فرە ڕەهەند
نوسینی
ئازاد تۆفیق خەیات
چاپی یەکەم ٢٠١٧
ئازاد تۆفیق خەیات
نالی - دانتێ
وێکچوونێکی فرە ڕەهەند
٢٠١٧
Nali - Dante Alighieri
Multidimensional Similarities
Azad tofiq xayat
2017